حكومەتی هەرێمی كوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی هونەرە جوانەكان
بەشی شێوەكاری / لقی سیرامیک

# كاراكردنی شێواز و تەكنیكی چاپی گرافیكی لە هونەری سیرامیكی هاوچەرخ لە كــوردســتاندا

(توێژینەوەیكی تیۆری شیكاری پراكتیكییە)

ئاوارە هیوا رەشید عەلی

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی هونەرە جوانەكان - زانكۆی سلێمانی كردووە
كە بەشێكە لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر
لە بەشی شێوەكاری - پسپۆری/ سیرامیک.

بەسەرپەرشتی
د.نەعیمە محەمەد عەبدوڵلا

سلێمانی

سالی زاینی ٢٠١٨

سالی كوردی ٢٧١٨

دیم گۆزەکەرێک قوڕی دەشێلا دوێنێ
دەنگێکم دەبیست، باوکە کوڕی دەدوێنێ
ڕۆڵەم بەزەییت بە بابی خۆت دانایە؟
مەمشێلە بەقەو بە هێمنی پێم لێ نێ!

خیام

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، گەواهی دەدەین لە تاوتیۆکردنی ئەم ماستەرنامەیە، کە بە ناوی (**کاراکردنی شێواز و تەکنیکی چاپی گرافیکی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستاندا**) یە، وە گفتوگۆی خوێندکار (**ئاوارە هیوار رشید**) مان کرد دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکەی و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە پێوەی، بڕیارماندا کە نامەکە شایەنی وەرگرتنی (**بڕوانامەی ماستەرە**) لە هونەری شێوەکاری پسپۆڕی- سیرامیکدا، بە پلەی (**نایاب**).

**واژۆی**

**پ.ی.د. ڕێبوار سەعید ڕەشید** (سەرۆکی لیژنە)

**بەروار:** ٢٠١٨/٣/٤

**واژۆی**

**پ.ی.د. بەیان مانی ئیبراهیم** (ئەندام)

**بەروار:** ٢٠١٨/٣/٤

**واژۆی**

**د. جەزا بەکر محمود** (ئەندام)

**بەروار:** ٢٠١٨/٣/٤

**واژۆی**

**د. نەعیمە محمد عبداللە** (سەرپەرشتیار)

**بەروار:** ٢٠١٨/٣/٤

- ئەم نامەیە لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی هونەرەوە پەسەند کرا.

**واژۆی**

**پ.ی.د. ڕێبوار سەعید ڕەشید**

**بەروار:** ٢٠١٨/ ٤/ ٢٤

# بڕیاری سەرپەرشتیار

گەواهی دەدەم لە ئامادەکردنی ئەم ماستەرنامیە، بەناوی (**کاراکردنی شێواز و تەکنیکی چاپی گرافیکی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستاندا**)، کە لەلایەن خوێندکار (**ئاوارە هیوار رشید**) پێشکەش کراوە، و لەژێر سەرپەرشتیمدا ئەنجام دراوە، لە کۆلێجی هونەرەجوانەکان-زانکۆی سلێمانی، کە بەشێکە لە داواکاریەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە هونەری (شێوەکاری-سیرامیک)دا.

**واژۆی**

**د. نەعیمە محمد عبەالله**

**بەروار: ٢٠١٨/١٢/١٥**

- پاڵپشت بە بونی مەرج و راسپارەدەکان، ئەم ماستەر نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاند و گفتوگۆ دەکەم.

**واژۆی**

**پ، ی، د. بەیان مانی**

**سەرۆک بەشی شێوەکاری**

**بەروار: ١٥/ ١٢/ ٢٠١٨**

# پێشکەشە:

-بە باوک ودایکی خۆشەویستم...

-هەموو مامۆستا بەڕیزەکان کە، لەسەرتای کۆلێژەوە تا تەواوکردنی ئەم بڕوانامەیە هاوکارم بوون.

-هاوسەری خۆشەویستم و هێلانی کچم

-کتێبخانەی کۆلێژی هونەر.

-زانستخوازان.

-پێشمەرگە.

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانینم بۆ سەرپەرشتیاری نامەکەم بەڕێز (د. نعیمە محمد عبدالله) لەبەرامبەر هەموو ئەو هەوڵ و ماندوبونانەی کە، پێی بەخشیوم تاکو تەواوکردنی نامەی ماستەرەکەم.

- سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو هەوڵ و ماندوبونەکانی ئەم مامۆستا بەڕێزانە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ڕێبوار سعید، پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. بەیان مانی، پرۆفیسۆر د. جواد نیعمەت، د. ئازاد جەمال، د. جەزا بەکر، د. نەبەز بابان، د. بەرزان ئەحمەد، د. ڤیان محەمەد، د. ئەیسەر خالید).

-کۆلێژی هونەر و هەموو ستافی کۆلێژکە.

-کتێبخانەی کۆلێژی هونەری.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە:

سیرامیک، خاوەنی مێژوویەکی دێرینە و هەڵگری کۆمەڵێک کولتوری جیاوازە، دیاریکەری مێژووی شارستانیەتە کۆنەکانە کە، دەکرێت لەڕێگەی پاشماوەکانیەوە سەردەم و کۆمەڵگەکانی پێ جودابکەینەوە، لەڕووی بەکارهێنانەوە خزمەتێکی زۆری پێشکەشی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کردووە.
سیرامیک لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە وەک کایەیەکی سەربەخۆ لەناو هونەردا کاری پێکراوە، بەردەوام لەڕووی تەکنیکی و ماتریاڵەوە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا تەکنیک و ماتریاڵی نوێ لەگەڵ ژێدەری دیکەدا چونەتە ناو ئەم بوارە هونەرییەوە.
ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (کاراکردنی شێواز و تەکنیکی چاپی گرافیکی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە کـوردسـتاندا) ئەنجام دراوە کە توێژەر بەشێوازی تێوری و پراکتیکی وەڵامی ئەو پرسیارنە دەداتەوە کە، گرفتی توێژنەوەکەن بریتییە لە کاراکردنی چاپی گرافیکی لەسەر فۆرمە سیرامیکیەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیک لەوانە (قوڕ، گڵجۆش، شوشە).
ئەم توێژینەوەیە لەچوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چێوەی گشتی توێژینەوەکە، لەچەند بەشێک پێکدێت کەبریتین لە:

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**، کە، لەچەند پرسیارێکی زانستیانە پێکدێت.

١- چۆن و بەچی شیوازێک کاراکردنی شیواز و تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی لەقۆنغەکانی فۆرمەلەکردنی کاری سیرامیکیدا (قوڕ، گڵجۆش، شوشە) ئەنجام دەدرێت؟

٢-ئایا ئاوێزان بوون و نەخشاندنە گرافیکییەکان لەسەر ڕوکەشی کارە سیرامیکییەکان دەگەیەنێتە قۆناغێکی دیکەی دەربڕین و ئێستاتیکای وەدیهاتوو کە ئاستی ڕاڤەکردنی باڵاتر بکات؟

٣- ئایا شێوازەکانی چاپکردن گونجاون لەگەڵ قوڕی بەکارهاتوو و بەردەستی لەم ناوچەیە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**، خستنەڕووی گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژنەوەی دەخاتەڕوو کە، بە پراکتیکی هەوڵەکان چڕدەکاتەوە لەسەر کاراکردنی تەکنیک و شێوازەکانی چاپی گرافیکی لەسەر رووکاری فۆڕمی سیرامیکی.

**سێهەم: ئامانجی توێژینەوەکە**، کاراکردنی تەکنیکی چاپی گرافیکی لە قۆناغە جیاوازەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکدا.

**چوارەم: گریمانەی توێژنەوە**، ئایا دەکرێت لایەنی ئیستاتیکی نوێ و توانای دەربڕین لەڕێگەی چاپی گرافیکیەوە زیاد بکرێتە سەر کارە هونەریەکان.

**پێنجەم: سنوری توێژنەوە**، لێرەدا سنوری بابەتی و جوگرافی دەخرێتەڕوو، سنوری بابەتی بریتیە لە

کاراکردنی شێوازەکانی چاپ وەک چاپی ئاست ڕیک، چاپی هەڵتۆقیو، چاپی نەویو) لەسەر ڕووکاری قوڕین و گڵجۆش هەروەها شوشە لە هونەری سیرامیکدا.

**سنوری شوێن، هەرێمی کوردستان،** سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

**شەشەم: چەمک و زاراوەکان،** لەم بەشەدا شیکردنەوەی زاراوەی و ڕێکاری بۆ هەریەک لە وشەی (شێواز، تەکنیک، چاپ، گرافیک) کە، لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە.

**حەوتەم: توێژینەوەکانی پێشوو،** خستنەڕووی توێژینەوەی دلال بنت زید البتال، لەژێر ناو نیشانی (معالجة الأسطح الخزفية من خلال توظيف تقنيات الشاشة الحريرية) مامەڵەی ڕووکاری گڵجۆش لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکەکانی سکرین خراوەتەڕوو وەک ئاگامەندییەک لەبەرامەبەر ئەو توێژنەوانەی کە، لەم بوارەدا ئەنجامدراوە.

**بەشی دووەم:**

چێوەی تیۆری توێژنەوەکە، ئەم بەشە پێکهاتووە لە چوار توێژگە کە، بریتن لە:

**یەکەم:** مێژووی سەرهەڵدانی چاپی گرافیکی. **دووەم:** شێواز و تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی.

**سێهەم:** ماتریاڵ و تەکنیکەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی. **چوارەم:** بەراییەکانی دەرکەوتن و گەشەسەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستان

**بەشی سێهەم:**

پێکهاتووە لە پراکتیزەکردنی ڕێکارە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە کەلە دوو بەش پێکدێت.

**یەکەم:** چێوەی تیۆری توێژینەوەکە لەچەند خاڵێکدا دەخرێتەڕوو.

١- ئامانجی لایەنی پراکتیکی، دەرخستنی تواناکان و گونجانی لەسەر ڕووکاری سیرامیک، دەرخستنی کاریگەریەکانی چاپکردن لەسەر ماتریاڵی بەکارهاتووی سیرامیک لەم جوگرافیایەی کە، توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

٢- سنوری پراکتیکی، ئاماژەدانە بەو ماتریاڵ و شێوازانەنی کە، چاپەکانی پێ ئەنجامدەدرێت.

٣- هەنگاوە پراکتیکیەکان، لێرەدا هەر سێ شێوازی چاپکردن خراوەتەڕوو کە، بریتین لە:

ا-چاپ ڕووبەرز وەک چاپی تەختە و لاینۆ. ب- چاپی نەویو ، ج - چاپی ئاسترێک هاوشێوەی سکرین و ستێنسڵ.

٤- ماتریاڵ و ئامرازە بەکارهاتووەکان.

**دوووەم:**

شیکاری نمونە پراکتیکیەکانی توێژینەوەکە، لێرەدا ئەو نموونانە خراونەتەڕوو کە، پراکتیکیانە ئەنجامدراون بە تەکنیکی جیاوازو ماتریاڵی جیاواز کاریان لەسەر شێوازەکانی چاپکردن کردووە.

**بەشی چوارەم:**

لەم بەشەدا ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیازو ڕاسپاردەکان لەخۆدەگرێت پاشان سەرچاوەکان، کە، گرنگترینیان ئەنجامی توێژینەوەکەیە لە هەمان کاتدا وەڵامی کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەداتەوە کە، لەچەند خاڵیکدا ئاماژەی پێدەکرێت وەک:

١- چاپی گرافیکی لە توانایدایە لە هەموو قۆناغەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیک چاپ بکات لەڕێگەی تەکنیکە جیاوازەکانیەوە و ڕۆڵێکی سەرکەوتوو بگێڕێت.

٢-چاپی گرافیکی دەتوانێت ببێتە ژێدەریکی نوێ و پانتاییەکانی ڕووکاری سیرامیک زیاتر ماندار بکات و هزرو بیر لەناوەخنی کارەکاندا ڕەنگ بداتەوە لەڕێگەی تواناکانی چاپەوە.

٣- تێکست و وێنا گرافیکیەکان کاریگەریی تەواوین هەیە لەسەر هەموو نمونە کان کە لەڕووی تێکسچەر و بەها دەربڕین خوازییەکانەوە ئەمەش وادەکات کارەکان باخاتە هاوتا هونەری پۆپ ئارتەوە.

٤- چاپی ئاست ڕیک و تەکنیکی ستێنسڵ لە سەر قۆناغی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی سەرکەوتوانە ئەنجامدرا هاوشێوەی نمونەی ژمارە (١٧،١٨،١٩،٢٠)دا.

**دووەم دەرئەنجامی توێژینەوەکە هاوشێوەی ئەنجام لەچەند خاڵێکدا دەخرێتەڕوو وەک:**

١- شێوازەکانی چاپی گرافیکی و زۆرێک لە تەکنیکەکانی چاپکردن لە چارەسەرکردنی پانتایی و ڕووکار و ڕازاندنەوەی فۆڕمی سیرامیکیدا بەهایەکی زۆریان دەبێت لەهەرێمی کوردستان.

٢- چاپکردن دەبێتە سەکۆیەکی گۆڕانکاری لە دیدگەو بۆچوونی هونەری سیرامیک لە پاڵ هونەرەکانی دیکەی ناو هونەری شێوەکاری.

٣-چاپکردن بە ڕەنگەکانی سیرامیک لەسەر قوڕ بەهەموو شێوازەکانی بەدەر لە چاپی نەویو سەرکەوتوو بووە دەرئەنجامی زۆر باشیان نیشانداوە.

**سێهەم پێشنیاز توێژەر خراوەتەڕوو، پاشان ڕاسپاردەکان دوابەدوای ئەویش سەرچاوەکان.**

## لیستی ناوەڕۆک


| بابەت | ژ.ل |
| --- | --- |
| بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگێنەر | |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | |
| پێشکەشە | ا |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پوختەی توێژینەوە. | پ-ت-ج |
| لیستی ناوەڕۆک. | -چ-ح |
| خشتەی وێنەکان. | -خ-د-ر |
| خشتەی نمونە. | ڕ |
| **بەشی یەکەم: چێوەی گشتی توێژینەوەکە** | ١ |
| کێشەی توێژینەوە | ٣-٢ |
| گرنگی توێژینەوە | ٣ |
| ئامانجی توێژینەوە | ٤ |
| گریمانەی توێژینەوە | ٤ |
| سنوری توێژینەوە | ٤ |
| چەمک و زاراوەکان | ٧-٤ |
| توێژینەوەکانی پێشوو | ٨-٧ |
| **بەشی دووەم: چێوەی تیۆری توێژینەوە** | ٩ |
| توێژگەی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی چاپی گرافیکی | ٢٨-١٠ |
| توێژگەی دووەم: شێواز و تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی | ٤٨-٢٩ |
| توێژگەی سێهەم: ماتریاڵ و تەکنیکەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی | ٦٩-٤٩ |
| توێژگەی چوارەم: بەراییەکانی دەرکەوتن و گەشەسەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستاندا | ٨٩-٧٠ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێهەم: پراکتیزەکردنی ڕێکارە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە** | ٩٠ |
| پێشەکی | ٩١ |
| یەکەم: ڕێکارە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە | ٩٢ |
| ئامانجی لایەنی پراکتیکی | ٩٢ |
| سنوری پراکتیکی کارکردن | ٩٢ |
| هەنگاوە پراکتیکییەکان | ٩٢-٩٥ |
| ئامرازە بەکارهاتووەکان | ٩٥ |
| دووەم: شیکاری نموونە پراکتیکیەکانی توێژنەوەکە. | ٩٥-١٠٥ |
| **بەشی چوارەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە** | ١٠٦ |
| ئەنجامەکان | ١٠٧-١٠٨ |
| دەرئەنجام | ١٠٨ |
| پێشنیازکان | ١٠٩ |
| ڕاسپاردەکان | ١٠٩ |
| سەرچاوە | ١٠٩-١١٦ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی | ١١٧-١١٩ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | ١٢٠-١٢٢ |

# خشتەی وێنەکان

| ژ | ناوی هونەرمەند | ناوی کار | ساڵ | ماتریاڵی و پێوانە | سەرچاوە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | Cueva de las Manos | 13000 to 9000 Yar ago | | http://www.bradshawfoundation.com/south_america/cueva_de_los_manos/index.php | ١٠ |
| ٢ | Mesopotamia | Mesopotamia | Ur (2600 (BCE | Ston | https://www.studyblue.com/notes/note/n/2011-midterm/deck/1179262 | ١٢ |
| ٣ | Ts'ai Lun | | AD 105 | | http://www.zardz.net/Individual%20Pages/Ts'ai%20Lun%20Trading%20Card.html | ١٣ |
| ٤ | Johannes Gutenberg | | 1390 | | wikispaces.com/Johannes-G. 13-http://world-civ-2012 (utenberg+and+the+Printing+Press+(1B | ١٥ |
| ٥ | | Metal movable typ | | | https://en.wikipedia.org/wiki/Movable_type#/media/File:Metal_movable_type.jpg | ١٥ |
| ٦ | albrecht Dure | Christ bearing the Cross | 1498 | Woodcut 15x11 cm | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 15 | ١٧ |
| ٧ | albrecht Dure | Death of the virgin | 1510 | wood cut 15x11 cm | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 15 | ١٧ |
| ٨ | albrecht Dure | The four horesman | 1497 | wood cut 15x11 | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 14 | ١٧ |
| ٩ | Tomas Bewick | The Tawny Owl | 1804 | Wood Engraving | https://blogs.stockton.edu/toristories/tawnies-/according-to-bewick/tawnies-according-to-bewick | ١٨ |
| ١٠ | John Tenniel | Alice's Adventures | 1946 | Wood Engraving | https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Alice_par_John_Tenniel_21.png | ١٨ |
| ١١ | Suzuki Harunobu | Reading on an Autumn Evening | 1762 | Colour woodcut 28.4x20.5 cm | Ferdinando Salamon: The hisstory of tprints and printmaking from Durer to picasso. Page 14 | ١٩ |
| ١٢ | Martin Schongauer | The passion Christ befor pilate | 1500 | Engraving 16.4x11.8 cm | John Ross, Calare Romano, Time Ross: The complet Printmaker, page 67 | ٢٢ |
| ١٣ | Andrea Mantegan | Battel of the sea Gods | 1481 | Engraving 28.3x82.6 cm | https://www.google.com/culturalinstitute/beta/asset/battle-of-the-sea-gods-right-half/ZQEFyYs25CID8g?hl=en | ٢٢ |
| ١٤ | Hendrik Goltzius | Standard Bearer | 1587 | Engraving 28.5x19.4 | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 98 | ٢٣ |
| ١٥ | Claude Mellan | La Sainte Face | 1649 | 17x12cm Engraving | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 98 | ٢٣ |
| ١٦ | Parmigianino | The Annunication | 1528 | 7x10cm Eetching | Antony Griffiths, Prints and Printmaking, Page 62 | ٢٤ |
| ١٧ | Rembrandt | Self Portrait | 1630 | Etching 66x56mm | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 101 | ٢٤ |
| ١٨ | Benjamin west | Angel of the resurrection | 1801 | Lithography 12x8cm | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 184 | ٢٧ |
| ١٩ | Jackson Pollock | Nember 19 | 1951 | Screen Print 19x16cm | John Ross, Calare Romano, Time Ross: The complet Printmaker, page 146 | ٢٨ |
| ٢٠ | Andy Warhol | Marilyn | 1967 | Screen Print 36x36cm | John Ross, Calare Romano, Time Ross: The complet Printmaker, page 143 | ٢٨ |
| ٢١ | | | | illustration | http://moderncelinglights.website/relief-printmaking-process | ٣٠ |
| ٢٢ | | | | Descriptive Image | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 42, 43, 44, 50 | ٣٢ |
| ٢٣ | | | | Descriptive Image | Donald Saff, Deli Sacilotto, printmaking: History process - page 70,71, | ٣٢ |
| ٢٤ | | | | Descriptive Image | Ann Darcy Hughes & Hernon Morris- The printmaking Bible, , 2008, Page 199 - 200 | ٣٣ |
| ٢٥ | | | | illustration | https://www.stampcommunity.org/topic.asp?TOPIC_ID=16798 | ٣٤ |
| ٢٦ | | Engraving | 2015 | Descriptive Image | Bill Fick & Beth Grabowski, Printmaking a complet guide to Materials & processes, , page 116 | ٣٥ |
| ٢٧ | | Dry Point Tools | 2009 | Descriptive Image | Colin Gale : Practical Print making Page 22 | ٣٦ |

| لاپەڕە | سەرچاوە | ماتریاڵی و پێوانە | ساڵ | ناوی کار | ناوی هونەرمەند | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٧ | Bill Fick & Beth Grabowski، Printmaking a complet guide to Materials & processes.، page 116 | Descriptive Image | 2015 | Mezzotint | | ٢٨ |
| ٣٨ | Colin Gale : Practical Print making Page 22 | Descriptive Image | 2009 | Etching | | ٢٩ |
| ٣٩ | John Ross، Calare Romano، Time Ross: The complet Printmaker، page 146 | Descriptive Image | 1990 | Aquatint | | ٣٠ |
| ٤٠ | Sylvie Covey: Modern Printmaking، page 130 131 | Embossing with Aquatint 12x12 | 2008 | Pebbles | Bernard Zalon | ٣١ |
| ٤١ | https://www.stampcommunity.org/topic.asp?TOPIC_ID=16798 | illustration | | | | ٣٢ |
| ٤٢ | https://www.youtube.com/watch?v=nUXDltQfqSA | | 2011 | Lithography Process | Phil Sanders | ٣٣ |
| ٤٥ | http://www.photoshop911.com/tutorials/screen_print_seps/ | | | What is silkscreen printing? | | ٣٤ |
| ٤٦ | Colin Gale: Practical Print making Page 97, 98 , 99, 100 | Descriptive Image | 2009 | | | ٣٥ |
| ٤٨ | Ann Darcy Hughes & Hebe Vernon Morris: THe printmaking bible، Page | | 2008 | Cut Stencils | | ٣٦ |
| ٤٨ | http://www.bestuidesign.com/download/Chart-types-printmaking-123553 | illustration | | | | ٣٧ |
| ٥٣ | Susan Halls: pinch pottery Fucktional، Modern Handbuilding: page 11 | | 2014 | The classic pinche pot | Susan Halls | ٣٨ |
| ٥٤ | Tony Birks: The complete Potters Companation، page 72, 73 | Step By step | 1997 | Making the Coils | Tony Birks | ٣٩ |
| ٥٤ | Tony Birks: The complete Potters Companation، page 72, 73 | 60cm | 1997 | Coiled Raku Pottery | David Roberts | ٤٠ |
| ٥٥ | Tony Birks: The complete Potters Companation، page 81, 82 | Step By step | 1997 | Suliding a slab | Tony Birks | ٤١ |
| ٥٥ | www.mutualart.com/Artwork/PERSIMMON-GLAZED-SQUARE-STONEWARE-BOTTLE/6873F965950B0320 | height 20.5 cm | 1977 | Hexagonal Slab Pot by | Shoji hamada | ٤٢ |
| ٥٦ | Tony Birks: The complete Potters Companation، page 101 | Sheet of caly | | Press mould | Susan Halls | ٤٣ |
| ٥٨ | Andrew Martin: mold making & slip casting: Pge 45 | slip casting | | slip casting | Andrew Martin | ٤٤ |
| ٥٨ | www.cone8.co.uk/construction-organic-modular/ | : w21 x d8 x h20cm | | glaze-bonded bone china | Chris Wight | ٤٥ |
| ٥٩ | Make It in Clay: A Beginner's Guide to Ceramics Page 100, 101 | Step By step | 2001 | | Jeff Johnson | ٤٦ |
| ٥٩ | Susan Peterson، Jan Peterson :The Craft and Art of Clay: A Complete Potter's Handbook whell 52x23 cm lwo fire will strwing | whell 52x23 cm lwo fire will strwing | | | Bobby silvermon | ٤٧ |
| ٦٠ | Anderson Turner: Ceramic Art: Innovative Techniques edited، page 43 | Clay | | | Anderson Turner | ٤٨ |
| ٦٢ | حمد سعيد عبد الله: تعلّم ...الخزف . . فن وعلم : ٢٠١٥، ص ١٤٨ | | | | | ٤٩ |
| ٦٢ | حمد سعيد عبد الله: تعلّم ...الخزف . . فن وعلم : ٢٠١٥، ص ١٤٩ | | | | | ٥٠ |
| ٦٣ | Tony Birks: The complete Potters Companation، page 114،115 | Coloured clays | | | Jane wallert | ٥١ |
| ٦٣ | ceramicartsnetwork.org/daily/ceramic-supplies/pottery-clay/two-colored-clay-techniques-that-go-beyond-the-basics-of-agateware/ | Two Colored Clay | August 28, 2017 | | Chris Campbell | ٥٢ |
| ٦٤ | Maureen Mills: Surface Design for Ceramics، page 102 | Under Glaze Slab Built 7x9 | 2006 | Contemplation cube | Nancy Halter | ٥٣ |
| ٦٥ | Maureen Mills: Surface Design for Ceramics، page 104 | Over Glaze 34x11 | 2006 | Labyrinth I | Patrick Dtougherty | ٥٤ |

| ژ | ناوی هونەرمەند | ناوی کار | ساڵ | ماتریاڵی و پێوانە | سەرچاوە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | Young-Jae Lee | Ink, Earth and Fire | | Porsalin and glaze | momardi.com/27-of-my-favourite-artworks-from-the-art13-london-fair/ | ٦٧ |
| ٥٦ | | | | Dipping and Pouring | Tony Birks: The complete Potters Companation, page 114,115 | ٦٨ |
| ٥٧ | | spraying | | | John Britt: The Complete Guide to High-Fire Glazes, page 34 | ٦٨ |
| ٥٨ | Vivian Wang | Free form funny cups | 2003 | Underglaze painted | Maureen Mills: Surface Design for Ceramics, Page 103 | ٦٩ |
| ٥٩ | | طريقة التشكيل باليد الحرة | | قوڕ | صاحب ، زهير وسلمان الخطاب : تاريخ الفن القديم في بلاد وادي الرافدين ، مطبعة وزارة التعليم العالي ، بغداد ، ١٩٨٧ | ٧٢ |
| ٦٠ | محد حەمە سەعید | میناتۆر | 1988 | ١ملم گلّجۆش | ئەرشیفی هونەونەرمەند | ٧٩ |
| ٦١ | محد حەمە سەعید | پەیکەری فوخاری | ١٩٨٩ | قوڕی عوکاشات ٢٥سم X ٢٥سم | ئەرشیفی هونەونەرمەند | ٧٩ |
| ٦٢ | قادر میرخان | | ٢٠٠٤ | ٢٥سم | گۆڤاری شێوەکاری: ئەزمونی قادر میرخان، ساڵی ٢٠٠٤، ژمارە | ٨٠ |
| ٦٣ | قادر میرخان | | ٢٠٠٤ | ٢٥سم | گۆڤاری شێوەکاری: ئەزمونی قادر میرخان، ساڵی ٢٠٠٤، ژمارە | ٨٠ |
| ٦٤ | هیوا عبدالله | | | ٣٥X١٥ سم | https://hiwa-ceramic.blogspot.com/ | ٨٠ |
| ٦٥ | هیوا عبدالله | | | ٣٨x١٦ سم | https://hiwa-ceramic.blogspot.com/ | ٨٠ |
| ٦٦ | نعیمه محمد عب | پێیەکان دەفڕن بەرەو ژیان | ٢٠١٦ | پ.هەمەجۆر ٢٥٠ دانە | گۆڤاری ژن: د.نەعیمە محمد عبدالله: پێکان بەرەوە ژیان دەفرن، پرۆژەی هونەری، ژمارە١٨ ساڵی ٢٠١٦ | ٨١ |
| ٦٧ | سازان عەلی | ژیانەوە | ٢٠١٦ | سیرامیک+تەختە ٤٠x١٢ سم | ئەریشیفی هونەرمەند | ٨٢ |
| ٦٨ | ڕێبوار سعید | هێڵەکان بۆمن ڕەنگەکان بۆتۆ | ٢٠٠٧ | ڕاکۆ ?x? سم | دەلیلی پێشەنگا: هێڵەکان بۆمن ڕەنگەکان بۆتۆ: پێشەنگای تیبەت، ڕێبوارسەعید، ٢٠٠٧، ل١ | ٨٣ |
| ٦٩ | ڕێبور سعید | مزراح | | فوخار، ژمارەی کار ٣٦٠ دانە | نامەی دکتۆرا: ڕێبوار سەعید | ٨٣ |
| ٧٠ | مەریوان جەلال | خوێن و نەوت | 2014 | قوری ستونوێر شووشەی ڕەش ٥٠x٨٠ سم | ئەرشیفی هونەنەرمەند | ٨٤ |
| ٧١ | روخۆش غەفوور | | | ١٥x٤٥ | ئەریشیفی هونەرمەند | ٨٤ |
| ٧٢ | ڕۆژگار کەمال | هێڵەکانی ڕۆژگار لەگەردونی ژیانەوە | 2017 | قوڕی ستۆنوێر شوشەی پیرۆزەی | ئەرشیفی هونەرمەند | ٨٥ |
| ٧٣ | هەڵگورد ئەحمەد | | 2011 | کانڤاس، سیرامیک ٥٠X٧٠سم | ئەرشیفی هونەرمەند | ٨٥ |
| ٧٤ | نزار هادی | | 2016 | ڕاکۆ ١٨X١٠سم | https://www.facebook.com/nzar.hadi | ٨٦ |
| ٧٥ | نزار هادی | | 2016 | ڕاکۆ ٢٢x١٣سم | https://www.facebook.com/nzar.hadi | ٨٦ |
| ٧٦ | سۆزە حەمە | | 2016 | ١٢x٢٦سم | https://www.facebook.com/profile.php?id=100004140965549 | ٨٦ |
| ٧٧ | بەناز ڕەوف | | 2015 | قوڕی سپی+مورو ٢١X٧ سم | https://www.facebook.com/banaz.rawf.١٠ | ٨٧ |
| ٧٨ | تەلان دار یحی | | 2014 | قوڕی سور ٦٠x٢٠سم | https://www.facebook.com/talandara | ٨٧ |
| ٧٩ | خەسرەو کورد | نامۆ | 2006 | قوڕی عوکاشات ٤٣x١٥ سم | | ٨٨ |
| ٨٠ | وڵات نەجیب | | 2014 | ٣٥x٢٠x١٣ سم | https://www.facebook.com/welat.nejib | ٨٨ |
| ٨١ | وڵات نەجیب | | 2014 | قوڕ+ لۆکە ٣٥x٢٢x١٠ سم | https://www.facebook.com/welat.nejib | ٨٩ |

# خشتەی نموونەکان

| ژمارە | تەکنیکی چاپکردن | پێوانە | ماتریاڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چاپی ڕوبەرز، تەکنیکی چاپی تەختە | ١٢-٢٠ سم | قوڕ، ئۆکسید سوور، قاڵبی تەختە | ٩٦ |
| ٢ | چاپی ڕوبەرز، تەکنیکی چاپی ئیمبۆس | ١٢-٢٠ سم | قوڕی، قاڵبی تەختە | ٩٦ |
| ٣ | چاپی ڕوبەرز، تەکنیکی چاپی نایلۆ | ١٢-٢٤ سم | قوڕ، نایلۆ، ئۆکسیدی سوور | ٩٧ |
| ٤ | چاپی ڕوبەرز، تەکنیکی چاپی نایلۆ | ١٢-٢٤ سم | فوخار، نایلۆ، ستێن شوشەی ڕوون | ٩٧ |
| ٥ | چاپی ڕووچاڵ، تەکیکی هەڵکۆڵین بە لەیزەر | ٢٠-٢٩ سم | قوڕ، پلاستیک، ئۆکسیدی ڕەش | ٩٨ |
| ٦ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢١-٢٩ سم | قوڕ، ئۆکسیدی ڕەش، سکرین | ٩٨ |
| ٧ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢٠-٢٩ سم | قوڕ، ئۆکسید سور، سکرین | ٩٩ |
| ٨ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢٠-٢٩ سم | قوڕ، ئۆکسید سور،ڕەش ، سکرین | ٩٩ |
| ٩ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ١٤-٢٤ سم | قوڕی سور، سلیپی سپی، ئۆکسید، سکرین | ١٠٠ |
| ١٠ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢٤-٣٦ سم | قوڕی سپی، ئۆکسید، سکرین | ١٠٠ |
| ١١ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢٨-٤٠ سم | قوڕ، ئۆکسیدی ڕەش، شوشە، سکرین | ١٠١ |
| ١٢ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢٢-٣٩ سم | قوڕ، ستێنی سەوز، شوشە، سکرین | ١٠١ |
| ١٣ | چاپی ئاست ڕێک، تەکنیکی گواستنەوە | ٢٠-٢٩ سم | قوڕ، ئۆکسیدی ڕەش، کاغەز، سکرین | ١٠٢ |
| ١٤ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٢٩-٤١ سم | قوڕی جۆشدراو، ئۆکس ڕەنگی، سکرین | ١٠٢ |
| ١٥ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٤٠-٤٠ سم | کاشی، ستێنی سور، شوشە ڕوون، سکرین | ١٠٣ |
| ١٦ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی سکرین | ٤٠-٤٠ سم | کاشی، ستێنی ڕەش، شوشە ڕوون، سکرین | ١٠٣ |
| ١٧ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی ستێنسڵ | ٣٢-٢٦ سم | قوڕ، ئۆکسیدی سوور، لەزگە | ١٠٣ |
| ١٨ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی ستێنسڵ | ١٩-٢٨ سم | فوخار، ستێنی سوور، لەزگە | ١٠٤ |
| ١٩ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی ستێنسڵ | ٤٠-٤٠ سم | کاشی، ئۆکسیدی سوور، لەزگە | ١٠٤ |
| ٢٠ | چاپی ئاست ڕێک، چاپی ستێنسڵ | ٤٠-٤٠ سم | کاشی، ستێنی سەوز، شوشە، لەزگە | ١٠٥ |

# بەشی یەکەم:

## چێوەی گشتی توێژینەوەکە

١- کێشەی توێژینەوە.

٢- گرنگی توێژینەوە.

٣- ئامانجی توێژینەوە.

٤- گریمانەی توێژنەوە

٥- سنوری توێژینەوە.

٦- چەمک و زاراوەکان.

٧- توێژینەوەکانی پێشوو.

### ١- کێشەی توێژینەوە:

شارستانیەت و پرۆسەی زانست وەک دوو هێڵی تەریب، بەردەوام پێکەوە لەبەرەو پێشچوندان، بەشێک لەم پرۆسە فیکری و پێشکەوتنە لە تەکنیک و شێوازەکانی ئەنجامدانی کارێکی هونەری لەم بوارەدا پەڕیوەتەوە کوردستانیش هەندێک لە ڕەهەندەکانی تەکنیک و شێواز دەبینین لە بەرهەمە هونەرییەکاندا، هەر بۆیە لەم پرۆسەیەدا عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەستیان بەو ئاماژانە کردووە کە، تاڕادەیەک دەکرێت کاریگەرییەکانی تێدا بۆ چەند رەهەندێک ببینین و فەرامۆشکردنی هەندێک تەکنیک و شێوازی زانستی و هونەری لەوانە کاراکردنی چاپی گرافیکی لە ناو مەیدانی گڵجۆشیدا.

هونەری بینەیی لەبەرایی دەرکەوتن و گەشە سەندنیەوە چالاکییەکی مرۆیی بووە بۆ دەربڕین لە ناوەوە و ڕای خودو کۆ ئەندێشەکانی لە هەمبەر پرسایرگلێکی هەمیشەی دەربارەی چیەتی بوون و گەردون و ئاینده.

بە ئاوایەک کە ئامراز و ماتریاڵی وەهای بەکار بردووە کە نەخش و شوێنەواری پڕبەهای لەم بوارەدا بەجێهێشتووە، گڵجۆش و نیگارە بەراییەکان ئامڕە گەلێکی بەهێزن کە هونەر هەمیشە لەفۆرمێکەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی دیکە تاکو ببێتە نمایندەی سەردەمو زەمنی خۆی، بە جۆرێک لەمیانی گوتاری مۆدێرنەدا هونەری بینەی خۆی لە ژانرەکانی سیرامیک، وێنەکێشان و پەیکەرسازیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ فۆرمەلەدەکات، لەکاتێکدا ئەم گوتارە لەهونەری پۆست مۆدێرنەدا خۆ دەهاوێتە نێو فۆرمەلە کردنێکی جیاواز بەبەهایک کە چیتر سنورێک نامێنێت لەنێوان ژانرە هونەرییەکان وەگشت توانستە هونەرییەکان بە ئاراستەی وەدیهێنانی کارێکی هاوچەرخ دەڕوات ئەمشە لەبەرهەمی سیرامیکی جیهانیدا دەبینرێت بەجۆرێک ئاوێزان بونی سیرامیک و گرافیک و وێنەکێشان و پەیکەرسازی تێدایە کۆنسێپیت بینەیی پڕلەبارگەوی بون بە تەعبیر و ئیستاتیکی لە خۆدەگرێت لەم پێناوەشدا شیواز و تەکنیکی جیاواز بەکار دەبات وە پرسیار لەوەدایە چۆن و بەچ ئاوایەک.

هونەری سیرامیک و کاراکردنە جیاوازەکانی ناو پرۆسەی هونەر لە جیهاندا پانتاییەکی بەرچاویان پێکهێناوە کە، مێژووی وەرچەرخانە یەک لەدوایەکەکانی لە ڕێگەی (شێواز، تەکنیک، فۆرم)وە تازەگەریان لەبەرهەمە ناوازەکاندا بەرجەستەکردووە.

بۆ یەکلاکردنەوەی هەر کاراکردنێک یاخود تەکنیکێکی تایبەت لە پرۆسەیەکی هونەریدا پێوسیتی بە توێژینەوەیە تاوەکو بتوانرێت کۆنترۆڵی ئەوجیاوازیانە بکرێت کە، لە ماتریاڵە سەرەکیەکەوە سەرچاوەدەگرێت و بەرهەمێکی هونەری نوێ پێکدێت.

بۆ زانینی رەهەندە هونەرییەکانی (چاپ)کردن بەپێویستی دەزانین لەڕێگەی توێژینەوەیەکەوە گرفت و هۆکارو ئامانجەکان لە توێژینەوەیەکی پراکتکیدا بەرجەستە بکەین.

-دەتوانین دەستنیشانی کێشەی توێژینەوەکە و میتۆدەکەی بکەین لەڕێگەی وەڵام دانەوەی زانستیانەی ئەوپرسیارانی لای خوارەوە خراونەتەڕوو.

١- چۆن و بەچی شیوازێک کاراکردنی شیواز و تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی لەقۆنغەکانی فۆرمەلەکردنی کاری سیرامیکیدا (قوڕ، گڵجۆش، شوشە) ئەنجام دەدرێت؟

٢-ئایا ئاوێزان بوون و نەخشاندنە گرافیکییەکان لەسەر ڕوکەشی کارە سیرامیکییەکان دەگەیەنێتە قۆناغێکی دیکەی دەربڕین و ئێستاتیکای وەدیهاتوو کە ئاستی ڕاڤەکردنی باڵاتر بکات؟

٣- ئایا شێوازەکانی چاپکردن گونجاون لەگەڵ قوڕی بەکارهاتوو و بەردەستی لەم ناوچەیە؟

## ٢- گرنگی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵەکان چڕدەکرێتەوە لەسەر کاراکردنی تەکنیک و شێوازە جیاوازەکانی چاپی گرافیکی لەسەر ڕووکاری قۆناغە جیاوازەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی لەوانە قۆناغی سەرەتای کە، قورە پاشان لە قۆناغی گڵجۆشدا هەروەها قۆناغی کۆتای کە، شووشەکراوە.

هەوڵدانە بۆ دەرکردنی سیرامیک لەو گۆشە چەقبەستوەی کە لەئێستادا لە ناو بەزنەیەکی دیاریکراوەدا کاردەکات کە زۆرینە کارەکان بەرەوە ئەبستراکت بوون یاخود تەنها لایەنی ئیستاتیکی تێدا دەبینرێت.

لەپاڵ هەماهەنگی تەکنیک و کۆنسێپی نوێی کارکردن لە ناو هونەری سیرامیکدا چاپی گرافیکی خواوەن دەربڕین لە کارە هونەرییەکاندا و دەروازەیەکی نوێیە بۆ هاوچەرخ بوونی ئەم هونەرە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

دورستکردنی کۆنسێپتێکی نوێی کارکردن لەسەر ڕووکاری هونەری سیرامیک هۆکارە بۆ دروستبونی پانتاییەکی فراوان بۆ کارکردن لەم هونەرەدا کە، ئەمەش لەڕێگەی تواناکانی هونەری گرافیکەوە دەبێت، جا ئەم کۆنسێپتە نوێیە لە ڕووی دەربڕینەوە بێت یاخود لەڕووی تەکنیکیەوە، گرافیک دەبێتە بزوێنەر و ژێدەری ئەم بابەتانە ئەمەش هۆکاری تێکەڵکردنی هونەرە جیاوازەکانە کە، هەریەک لەم هونەرانە خاوەن تایبەتمەندی و دەربڕینی تایبەتی خۆیان.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە پراکتیکی کاردەکات لەسەر کاراکردنی تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی لەسەر ڕووکاری قوڕین و گڵجۆش و شووشە بۆ دەرخستنی باشترین و گونجاو ترین تەکنیک بۆ چاپکردن لەسەر ڕووکاری فۆرمە سیرامیکییە هەمەجۆرەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

١- کاراکردنی تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی پێکهێنانی فۆرمی سیرامیکی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا.

٢- سود وەرگرتن لە تواناکانی چاپی گرافیکی وەک ژێدەرێکی هونەری، لەسەر فۆرمە سیرامیکیەکان.

٣-بەکارهێنانی ماتریاڵە بەردەستەکانی ئەم ناوچەیە وەک گڵی سور و سپی وەک پێداویستی سەرەکی بۆ کاری سیرامیک.

٤- کاریگەری بەکاربردنی چاپی گرافیکی لە بارگاویکردنی کاری سیرامیکی لەڕووی بەها گوزارشتگەراوە

**٤- گریمانەی توێژنەوە:**

دەکرێت لایەنی ئیستاتیکی نوێ و توانای دەربڕین لەڕێگەی چاپی گرافیکیەوە زیاد بکرێتە سەر هونەری سیرامیک.

**٥- سنوری توێژینەوە:**

**سنوری بابەتی:**

کاراکردنی شێواز و تەکنیکی چاپی گرافیکی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا کە، لەم شێوازانەدا خۆیان دەبینەوە (چاپی ئاست ڕیک، چاپی هەڵتۆقیو، چاپی نەویو) لەسەر ڕووکاری قوڕین و گڵجۆش هەروەها شووشە لە هونەری سیرامیکدا، هەریەک لەم شێوازانە بەچەند تەکنیکێکی جیاواز کارادەکرێن بۆ وەدیهێنانی کارێکی هونەری.

**سنوری شوێن:**

هەرێمی کوردستان، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

**سنوری کات:** ٢٠١٧-٢٠١٨

**٦- چەمک و زاراوەکان:**

**١- شێواز، اسلوب (Style).**

**شیکردنەوەی زاراوەی: شێواز**

لەبنەچەدا بریتیە لە چۆنیەتی دەربڕینی وشە و قسەکردن و وێناکردنی خەیاڵ، هەریەک بەشێوازێک. تایبەتمەندی هونەرمەند لە ئیستاتیکادا بە شێواز ناودەبرێت، یاخود جۆرە سەردەمێک کەشێوازی

تایبەتی خۆی هەیە لە کارکردن.[1]

شێواز:"رێچکەیەکی هونەرییە، کە، جیاوازە لەهەندێک ڕێچکەی دیکە، لەخۆیدا دوبارە بونەوەی کۆمەڵەیەکە یاخود پێکهاتەی سیفەتێکی هونەرییە کە،پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، وە ڕێگەیەکی تایبەتییە بۆ هەڵبژاردن و رێکخستنی پێکهاتەکانی هونەر."[2] ئەفلاتون پێیوایە کە، شێواز "شێواز هاوشێوەی تایبەتیمەندییەکانی کەسایەتییە".[3] بەڵام، بوفۆن دەڵێت "شێواز خودی مرۆڤەکانە"[4]

**شیکردنەوەی رێکاری: شێواز (Style).**

شێواز ئەفراندن لە کردەی هونەریدا دەکات و دەیکاتە خاوەن خاسیەتێکی تاک و جیای دەکاتەوە لە کارە هونەرییەکانی دیکە هەرچەندە لەهەمان ڕێچکەی هونەریشدا کار بکەن بەڵام، شێوازەکان لەیەکتر جیاوازن.

**٢- تەکنیک، التقنية (Technicality)**

**شیکردنەوەی زاراوەی: تەکنیک**

ئەندریە لالاند بڕوای وایە: تەکنیک "بریتیە لە کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی (هونەری، زانیستی و پیشەسازییە)...کەواتە کۆمەڵێک یاسای زانستییە کە، دەتوانێت برەو بە مرۆڤ بدات"[5]

تەکنیک لە هونەری هاوچەرخدا بەمانای "کۆمەڵێک زانیاری زانستی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی دیاریکراو دێت، هەروەها بریتییە لە کۆمەڵێک رەفتاری پراکتیکی کە، بەکاردەهێنرێت بۆ زانیاری زانستی و وەدیهێنانی دەرئەنجامێکی دیاریکراو، لەفەلسەفەی هاوچەرخدا تەکنیک دوای کۆمەڵێک شێواز دێت بۆ دەرهێنانی زانیاری زانستی و ڕێگەدان بە ئەنجامیدانی کردەی پراکتیکی.[6]

کۆمەڵێک ڕێگەیە پەیوەستە بەشێوازێکی هونەری دیاریکراوەوە: "شێوازی هونەری گوتی". کۆمەڵێک ڕێگەو شێوازی تایبەتە لای هونەرمەند، لای نوسەران. [7]

---

١- إبراهيم مدكور. المعجم الفلسفي، القاهيرة،١٩٨٣،ص ٢٠.

٢- شاكر توفيق الألوسي. أساليب توظيف الترث الشعبي في اللوحة التشكيلية المعاصرة في الوطن العربي. رسالة الماجستير، كلية الفنون جامعة بغداد، قسم الفنون التشكلية، فرع، رسم، س ٢٠٠٢، ص ٧

٣- بير جيرو، الاسلوبية، ت: منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري للدراة و الترجمة و النشر، حلب، ب-ت، ص٣٧ وەرگیراوە لە

٤- نقلا عن هيغل، فكرة جمال، ت: جورج طرابيشي، ط١، دار الطبعة و النشر، بيروت: ١٩٨٧، ص ٣٠٩.

٥- أبراهيم احمد. اشكالية الوجود و التقنية عند مارتن هيدجر، بيروت. الدار الخربية للعلوم،٢٠٠٦، ص٢٥

٦-أبراهيم احمد. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٩

٧- لالاند ، الموسوعة الفلسفية ، ج٣ ، ط٢ ، ت : خليل أحمد خليل ، منشورات عويدات ، بيروت - باريس :٢٠٠١ ، ص ١٤٢٩.

**شیکردنەوەی ڕێکاری: تەکنیک**

تەکنیک: کۆمەڵێک کردارو ڕێسایە بۆ وەدیهێنانی ئامانجێک کە، دەکرێت چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە هەمان دەرئەنجامەمان پێبدات، یاخود ڕێکارییەکەی زانستیانەیە بۆ وەدیهێنانی کردەیەکی هونەری.

**٣- چاپ، طباعة (Print)**

**شیکردنەوەی زاراوەی: چاپ**

شێوەیەکی دروستبووە لەسەر کاغەز یاخود هەر ماتریاڵێکی دیکە دوای بەرکەوتنی بە ڕوویەکی حیبراوی وەک تەختە، کانزا، بەرد یاخود لەڕێگەی تێپەڕبوونی ڕەنگەکانەوە بەڕوویەکی کراوەدا وەک ستێنسڵ.[١]

هەرچەندە چاپ بەوە دەناسرێتەوە کە، دوبارە بوونەوەی هەیە بەڵام، هونەرمەند دەتوانێت یەک چاپکراو هەڵبژێرێت، هەروەها، هەندێک جۆر چاپ هەیە کە، یەکجار دەکرێت چاپ بکرێت وەک مۆنۆ پرینت، لە مۆنۆ پرنتا چاپی دووەم جار لەیەکەم جار جیاواز ترە، ناتوانیت هەمان شێوەی یەکەم چاپبکەیتەوە.[٢]

(ئەنتوان گریفس) پێیوایە چاپ لە کرۆکدا وێنەیەکی داڕێژراوە کە، بەرهەم دەهێنرێت بۆ چاندجارەکردنەوەی وێنا داڕێژراوەکە.[٣]

**شیکردنەوەی ڕێکاری: چاپ**

بریتییە لە پرۆسێسی گواستنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان لە ڕوویەکەوە بۆ ڕوویەکی دیکە کە، تێیدا بەرهەمەکە چەند جارێک دروست بکرێتەوە و بەشێوەی دەستی بێت یاخود لە ڕێگەی ئامێرەوە بێت.

**٤- گرافیک: جرافيك (Graphic)**

**شیکردنەوەی زاراوەی: گرافیک**

دەتوانین گرافیک ناوزەند بکەین بە "هونەری وێنەی چاپکراو"، گرافیک بریتییە لە چاپکردنی نموونە وەک یەکەکان لە (کلێشە هەڵکۆڵدراو) هونەرمەند هەڵدەستێت بە وێناکردنی هەموو قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕوویەک بۆ چاپکردن.[٤]

گرافیک بەواتایەکی گشتی هونەری بڕین یاخود هەڵکۆڵین ڕووکارە تەختەییەکان یاخود مەعدەنییەکان یاخود بەردییەکان و هەر ماتریاڵێکی تربێت بە ئامانجی ئامادەکردنی ڕووکارێک بۆ چاپکردن.[٥]

---

١- فن الغرافيک المعاصر. رفع الناصري، دار الفارس للنشر والتوزيع، عمان،١٩٩٧، ص١٠٤

٢- Sylive Covey. Modern Printmaking, United States, Watson-Guptill Publication,2016 , P2

٣- Antony Griffiths. Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996,P12

٤- م.محمد عبد، عدلي محمەد، التصميم الجراف ، يكي بين لنضرية والتاريخ، عمان، ٢٠١٠، ل ١٧.

٥- د.إياد محمد الصقر، فن الجرافيک، دار مجد لاوي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٣، ص٤٣.

وشەی گرافیک (Graphic لە Graphus)ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە، بەمانای هێلی کێشراو یان لەبەر گیراوە دێت، پاشان بووە بە وشەیەکی بڵاو لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەو وێنە لەبەر گیراوانە وتراوە گرافیک، لە زمانی فەرەنسیشدا بووە بە Gravure.[١]

**شیکردنەوەی ڕێکاری: گرافیک: جرافیک** (Graphic)

گرافیک واتا گواستەنەوەی هەموو ئەو هێڵ و دیزاینانەیە کە، لەسەر ڕویەک بونیاد دەنرێت کە، هەرماتریالێکی گونجاوبێت بۆ چاپ لەوێشەوە بۆ سەر ڕویەکی تر پاشان دوبارەکردنەوەی ئەم پرۆسەیە بۆ چەند جارێک، هەندێک جار ئەم پرۆسەیە تەنها بۆ یەکجار ئەنجامەدرێت وەک لە (مۆنۆ پرینت)دا.

**٧- توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەی دلال بنیت زید البتال، لەژێر ناو نیشانی (معالجة الأسطح الخزفية من خلال توظيف تقنيات الشاشة الحريرية) چارەسەرکردنی ڕووکاری سیرامیک لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی، ئەم توێژینەوەی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشکراوە لە زانکۆی (الملک سعود) لە وڵاتی سعودیە.

ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش بریتییە.

١- چارەسەرکردنی هونەریانە بۆ ڕووکاری سیرامیک لەڕێگەی سکرینەوە.

٢- گەیشتن بە سود وەرگرتن لە تواناکانی سکرین لە چارەسەرکردنی ڕووکارە سیرامیکییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی بنەچەیەکی ڕەنگی (Under Glaze).

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا خۆی دبینێتەوە کە، ئەوانیش بریتین لە:

١-تەنها لەسەر ڕووکاری سیرامیک کاردەکات

٢-بەکارهێنانی تەکنیکی سکرین لەڕێگەی دەستەوە بۆسەر ڕووکارە سیرامیکییەکان.

٣-بەکارهێنانی ڕەنگە بنەچەییەکان (Under glaze) لەم توێژینەوەیەدا.

لە بەشی سێهەمدا پرۆگرامی توێژینەوەکەی دوو چێوەی گشتی گرتۆتەوە کە، پێکهاتووە لە:

چێوەی تیۆری: (پرۆگرامی شیکردنەوە-ڕاڤەکردن)

بۆ تێگەیشت لە چارەسەرکردنی ڕووکاری گڵجۆش تواناکانی سکرین زیادکردندی بۆ چارەسەرکردنی ڕووکاری گڵجۆش.

چێوەی پراکتیکی: لەم چوار چێوەیەدا توێژەر بە پراکتیکی کار لەسەر ڕووکارە ڕێکەکانی سیرامیک دەکات بەبەکارهینانی تەکنیکی چاپی سکرین.

لەم بەشەدا سەرەتا بەڕونکرنەوەیەکی شێوازی بەکارهێنانی سکرین دەستی پێدەکات کە، تێبینی

١-فتحى أحمد. فن الجرافيک المصرى.الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٨٥ ، ص٥.

ئامێزە، ڕونکردنەوە لەسەر شێوەی بەکارهێنان و ئامادەکردنی ڕووی سکرینەکە دەخاتەڕوو، هەروەها بەچەند خاڵێکی دیکە دەستپێدەکات لەوان سەرچاوەی دیزاینە هەڵبژێرداوەکان کە، سودی لە سروشتی وڵاتەکەی وەرگرتوە کە، زۆرترین دار خورمایە هەربۆیە دار خورمای هەڵبژاردووە، سودی وەرگرتوە لە پرۆگرامی Photo Shope لە گۆڕینی وێنە دیجیتاڵیەکان بۆ گرافیک (واتە شیکردنەوەی بۆ تەنها ڕەنگێک)، هەروەها بەکارهێنای حیبری چینی بۆ وێناکردن کە، کوالێتیەکی بەرزی هەیە لە وێنەکێشاندا.

لە چێوەی بەشی سێهەمدا باسی لە قۆناغەکانی جێبەجێکردن دەکات، چۆن سکرین دروست دەکەی قۆناغ بەقۆناغ لە چوارچێوەی سکرینەکەوە تاکو دەگاتە گواستنەوەی دیزاینەکە بۆسەر ڕوی سکرینەک و بەکارهێنانی بە وێنەوە، پراکتیزەکرنی لەسەر قوڕ و گڵجۆشدا لەسەر ڕووە ڕێکەکان.

بەشی چوارەم کە، پێکهاتووە لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پێشنیارەکانی، کورتکراوەی توێژینەوەک.

دەرئەنجامەکان لە میانی تاقیکردنەوە پراکتیکی و تیۆرییەکان توێژەر بەچەند خاڵێک گەیشتوە کە، بریتین لە.

١- ڕووکاری گڵجۆشەکان توانیان ببنە دەربڕی ناخی کۆمەڵگەکان کە، ئەمەش دەربڕینێکی ناوازەی لە هەست و سۆز کە، هونەرمەند دەریدەبڕین بۆ بینەر.

٢- گرنگی چارەسەرکردنی ڕووکاری گڵجۆش دەبێتە هۆی دەربڕینی زیاتر لە دیدی هونەریی و هەم تەکنیکیشە بەرەو پێش چوو.

٣- سکرین هۆکارێکە لە چارەسەرکردنی ڕووکاری گڵجۆشدا.

٤- لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک تەکنیکی نوێ خۆی خزاندە ناو تەکنیکەکانی کارکردن لەسەر ڕووکاری گڵجۆش.

٤- لەڕێگەی کارکرنی پراکتیکیەوە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە، دەبێت دیزاینەکان کوالێتیان بەرزبێت تاوەکو لە دوای سور کردنەوە بە کوالێتیەکی بەرزەوە دەرچێت.

٥- لەڕێگەی کارکردنی پراکتیکیەوە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە، دەتوانێت لە سەر ڕووکاری قوڕین گڵجۆشدا کار بکات بۆ گۆاستنەوە وێناکانی.

دوابەدوای دەرئەنجامەکان توێژەر چەند پێشنیارێک دەخاتە ڕوو کەلەچەند خاڵێکدا خۆیان دەبیننەوە کە، بریتین لە:

١- گرنگی دان بە لایەنی کیمیای بۆ زیاتر دەرخستن و دروستکردنی بنەچەیەکی شووشەی تاوەک ڕووکارەکەی بە شێوازێکی زۆر باش مامەڵە لەگەڵ چاپەکەدا بکات.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر چاپی سکرینی بۆ سەر ڕووکارەکانی سیرامیک تاوەک خوێندکاران خوێندکاران بتوانن لە پرۆژەی کانیاندا چاپی سکرینی بەکار بهێنن.

# بەشی دووەم:

## چێوەی تیۆری توێژینەوە:

### توێژگەی یەکەم:

### مێژووی سەرهەڵدانی چاپی گرافیکی

### توێژگەی دووەم:

### شێواز و تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی

### توێژگەی سێهەم:

### ماتریاڵ و تەکنیکەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی

### توێژگەی چوارەم:

### بەراییەکانی دەرکەوتن و گەشەسەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستاندا

## توێژگەی یەکەم:

### مێژووی سەرهەڵدانی چاپی گرافیکی.

سەرەتای دروست بوونی هەموو پرۆسێسێکی پراکتیکی زۆر بەسانایی دەستپێدەکات، زۆرجار ڕەنگە لەڕێگەی ڕێکەوتەوە بخولقێت، چاپکردن لە سەرەتای قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بووە یەکێک لەسەرەتایترین داهێنانەکانی مرۆڤ کە، ڕۆڵی پەیوەندیکردن و پەیام گەیاندنی لەخۆگرتووە، لە دوای ڕاوکردنی ئاژەڵەکان ڕاوچییەکان دەستیان بەخوێنی ئاژەڵە ڕاوکراوەکان سوور بووە پاشان لە دیواری ئەشکەوتەکانیان داوە چەند جارێک شوێن دەستیان لەسەر دیوارەکان دوبارە کردۆتەوە کە، ئەمە یەکێک بووە لەڕێگە سەرەتاییەکان.

"دەکرێت بڵێین یەکێک لە سەرەتایترین تەکنیکەکانی چاپکردن لە پێش مێژوودا لە نموونەی دەستەکانی ناو ئەشکەوتی (Cueva de las Manos) یاخود (Cave of Hands) واتا ئەشکەوتی دەستەکان* بووە کە، بەدەستی کۆمەڵێک ڕاوچی ئەنجامدراوە لە ١٣٠٠٠ بۆ ٩٥٠٠ ساڵ بەر لەئێستا ژیاون لەو ناوچەیەدا، بۆچونەکان وادەریدەخەن کە، لەسەرەتا ترین شێوازەکانی چاپکردنە کە، مرۆڤ ئەنجامی داوە وەک لە وێنە ژمارە (١)دا دیارە مرۆڤەکان هەوڵیان داوە شوێن دەستی خۆیان دووبارە بکەنەوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان بۆ کۆمەڵێک ئامانجی تایبەت مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا پەنایاین بردۆتە بەر ئەم شێوازە دەربڕینە"[١].

ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە سەرەتاییە کە، هەڵگری هەموو مۆرکێکی چاپکردنی ئەم سەردەمەشی لەخۆ گرتووە کە، دووبارەکردنەوە و پەیامی تیدایە، ئەم ڕێگە سەرەتاییە لەئێستادا بەکاردەهێنرێت بەهەمان شێواز تەنیا گۆڕانکاری لە ماتریاڵەکاندا کراوە دەنا هەموو پرۆسێسەکە لەسەر هەمان سیستەمی کارکردن کاردەکەن کە، لەئێستادا پێیدەڵێن ستێنسڵ، مرۆڤە سەرەتاییەکان ئێسکی ئاژەڵەکانیان وەک لولەیەکی کون بەکارهێناوە بۆ پرژاندنی ئەو ڕەنگانە بەچوار دەوری دەستیاندا تاوەکو شوێن دەستیان لەسەر دیواری



وێنەی ژمارە (١)

١- Printmaking History and Techniques: art histoy page. www.robinurton.com/history/printmaking.htm

*"ئەشکەوتی دەستەکان Cave of hands دەکەوێتە باشوری ئەرجەنتین، زۆرینە شوێندەستەکانی ئەم ئەشکەوتە بریتین لە وێنای دەستی چەپ، هەروەها کۆمەڵێک دیمەنی ڕاوکردن و ئاژەڵی تێدایە، وێناکان دەگێڕنەوە بۆ ١٣٠٠٠ یاخود ٩٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا". سەرچاوە:
www.amusingplanet.com/201309//the-cave-of-hands-in-patagonia-argentina.html

ئەشکەوتەکە بمێنێتەوە، زۆرینەی شوێن دەستە چاپ کراوەکان دەستە چەپن لەسەر دیوارەکە پێدەچێت بەدەستی ڕاست ئێسکە شکاوەکانیان هەڵگرتبێت وە پرژاندەبێتیان بەسەر دەستی چەپیاندا ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەستەکان زۆرینەی چەپن کە، لەسەر ڕووکاری ئەشکەوتەکە ماونەتەوە (١).

گەر بەگشتی سەیری ئەم پرۆسەیە بکەین هەموو داهێنانەکان لە ناوچەیەک و لە کاتێکدا ئەنجام نەدراون و هەرداهێنانێکیش لە زەمەنێکدا کراوە و هەر تەکنیکێکیش لە خزمەت پێداویستی مرۆڤەکاندا بەکارهاتووە، ئێمە لێرەدا ڕیزبەندی داهێنانەکان و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی چاپکردن لەسەر پلە بەندی مێژووی باس دەکەین.

دوابەدوای دروستبونی کۆمەڵگەو دروستبونی چڕی دانیشتوان ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ دروستبونی مامەڵە و ئاڵوگۆری پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، بوونە هۆکاری دۆزینەوەی نوسین و چەندین شێوازی دیکە تۆمار کردن لەوانە مۆری لولەکی* بوو.

مێژووی سەرهەڵدانی مۆری لولەکی cylinder seals: "دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، لەڕێگەی ئەم مۆرانەوە چەندین ئاسەواری چاپی وێنەی ئەو سەردەمە دۆزراونەتەوە، کە، شێوەیان بازنەییە و لەقوڕ دروستکراوە پاشان سورکراونەتەوە، لە سەدەی ١٦ پ.ز مۆری لولەکی بەکاردەهێنرا بۆ پشتراستکردنەوەی بەڵگەنامەکان بەکار دەهێنرا، هەروەها بۆ ناساندنی کەسایەتی و ناوچەیەک هەر ئامانجێکی دیکە لەوکاتەدا بگونجایە" (٢).

مۆری لولەکی دەتوانین بڵێین هەموو خەسڵەتەکانی چاپکردنی تێدایە لەسەر ڕووکاری مۆرە لولەکییەکان زەخرەفە وێنە و نوسین هەرمۆرەو بۆ ئامانجێک بەکارهاتووە.

شێوازی بەکارهێنانی (مۆری لولەکی)"ئەم بەردە لولەییە بچوکە (مۆری لولەکی) ڕووکارەکانیان هەڵکۆڵراون بە سوڕاندنەوەیان بەسەر تابلێتی قوڕدا دیزاینێکی هەڵتۆقیو دروست دەکەن لەدوای خۆیانەوە هەموو جارێک "دەربڕینێکی وێنەی وەکو خۆی دوبارە دەکاتەوە" (٣).

هاوشێوەی هەرچاپێکی دیکەی مۆدێرن کە، هەوڵی دوبارکردنەوەی فۆرمە سەرەکەییەکەدەدات بۆ چەند جارێک یاخود جارێک، بەڵام، ئامانجی دروستکردنی مۆری لولەکی جیاوازە لە کارێکی هونەری، ناکرێت پەی بەو وردەکاریانە نەبرێت کە، لە کارێکی ئاوا بچوکدا توانیویانە ئەنجامی بدەن.

"هەندێکجار ئەم مۆرە لولەکیانە لە مەراسیمە ئایینیەکاندا بەکاردەهێنرا، یاخود لەکاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا کاتێ دەستبەرداری شتێک دەبوون لەبری ئیمزا بەکاریان دەهێنا". (٤)

١- Kaushik: The Cave of Hands, www.amusingplanet.com/201309//the-cave-of-hands-in-patagonia-argentina.html

٢- عبد الكريم فرج، فن الحفر ولطباعة في أوربا في القرن العشرين، دار نينوى، دمشق، ٢٠٠٨، ص١٣

٣- covey, Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page x1

٤- رمزى محمد العربي. التصميم الجرافيكي.مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع/٢٠٠٩/ ص٢٠.

*«مۆری لوولەکی بریتیە لە لولەیەکی باریک کە، کونێکی بچوک بەدرێژایی لولەکە لەمسەر بۆ ئەوسەری بڕییەوە و درێژی لولەکە لە نێوان پێنج بۆ حەوت سانتیم درێژن، بەڵام، پانییەکای زۆرکات نیوەی درێژییەکەیەتی، ئەگەر بەسەر هەر ڕویەکی نەرمیدا بەرین کۆمەڵێک زەخرەفەو شکڵمان بۆ دەردەچێت، لە کۆندا لەسەر ڕووکاری قوڕیاندا دەهێنا لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی. داهێنانی ئەم مۆرە لولەکیانە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی و مەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی هاتە کایەوە، وەک خشتەیەک بەکار ئەهات لە میزۆپۆتامیا و عیلام هەروەها ئەم مۆرانە ڕێگەیەک بوون بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دەستورە ئیدارییەکان لەو ناوچانەدا، سەرەتا ئاڵوگۆڕی دەکرد لەخوارووی «سومر» لە دواتر خوارووی ئێران وە دواتر بۆ میسر، وەچەندین مۆری لولەکی ئەم ناوچەیە لە هندستان و ناوچەکانی دەوروبەری دۆزراونەتەوە کە، بەڵگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە لەو سەردەمانەدا. سەرچاوە: بلاسم محمد، التصميم الجرافيكي عبر العصور، طبعة الأولى، عمان، مكتبة المجتمع العربي للنشر ولتوزيع ،٢٠٠٩/ ص١٧

وردەکارییەکی زۆر و توانایەکی گەورە لە هەڵکۆڵین و تەکنیکی کارکردنیاندا دیارە، دەتوانین بڵێین ئەوانەی هەستاون بە دروستکردنی ئەم مۆرانە هونەرمەند بووە یاخوود کەسانێک بوون شارەزای تەواویان هەبووە لەم بوارەدا هەر وەک لەوێنەی ژمارە (٢)دا دیارە.

مۆری لۆلەکی بەدرێژای مێژوو و زۆرینەی شارستانیەتەکان وەک سۆمەر، ئەکەدییەکان، بابلییەکان، سودیان لەم تەکنیکە وەرگرتووە هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە.

"هەربۆیە بۆ مەبەستی بازرگانی و خاوەنداریێتی زۆربەکار دەهات لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا، هەروەها خاوەن مۆرە لولەکیەکان لەکاتی بەجێ هێشتنی ماڵەکانیاندا بە پارچەیەک قوڕ ئەم نەخشەیان لە دەرگای ماڵەکانیان دەدا تاوەک لە دوای خۆیان بزانێ کە، کەس چۆتە ناو ماڵەکەیان یاخود نا".[١]

شێواز و جۆری دیزاینەکان بەپێ ئامانجی کارکردنەکە گۆڕاون هەربۆیە چەندین جۆر و قەبارە و بابەتی جیاواز دەبینین لە مۆرە لولەکییەکاندا تەنانەت جۆری هەڵکۆڵینەکانیشیان جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت.

مۆری لولەکی دوا قۆناغ نییە بۆ کۆپیکردن و دووبارەکردنەوەی وێنە و دیزاین کراوەکان، بەڵکو پێداویستییەکان وادەکەن کە، پەنا ببرێتە بەر داهێنانی تازە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەگەڵ هەموو بەرەو پێشچونێکدا.

قۆناغ دوای قۆناغ بەبێ وەستان مرۆڤەکان داهێنانێکی دیکەیان ئەنجامدا بەبەکارهێنانی ماتریاڵێکی نوێ وەک تەختە، هەرچەند مرۆڤ زۆر لەسەرەتاوە زۆرینە ئامراز و پێداویستییەکانی لەتەختەبووە و پێدەچێت یەکەم ئامرازی مرۆڤ تەختە بوبێت کە، سودی لێوەرگرتووە. چاپی تەختە یاخود تەختە هەڵکۆڵین هاتە ناو پرۆسێسی چاپکردنەوە.

چاپی تەختە "هەندێک لە زانایانی بواری ئاسەوار پێیانوایە کە، پرۆسێسی چاپکردن بە بەکارهێنانی تەختە لە داواکاری ئیمپراتۆر (Shotoku) یابانیوە دروست کرابێت، لە سەدەی هەشتەمدا داوایەک دەکاتە، کە، دوو هۆنراوەی (هێنای بەختی باش)ی خواوەندی بودا چاپ بکرێت و هۆنراوەکەی لە ڕێگەی چاپی تەختەوە بڵاوکرانەوە، هەندێک لە ئاسەوارناسان بێگوێدانە ئەوەی کە، بۆیەکەم جار لەکوێ قاڵبە تەختەییەکانی دۆزراونەتەوە پێیانوایە چاپی تەختە لە لای میسرییە کۆنەکان بەکارهاتووە بۆ نەخشاندنی چنراوەکانیان".[٢]



وێنەی ژمارە (٢)

١- محمد عبدالله الدرايسة، عدلي محمد عبدالهادي، التصميم الجرافيكي بين لنضرية والتاريخ، مكتبة المجتمع العربي للنشر ولتوزيع ،عمان، ٢٠١٠، ص ٤٦.

٢- George A. walker, The Wood cut Artists Handbook,Firefly Book Ltd, United States, 2005 , Page 16.

دەکرێت بڵێین سەرەتایەکەی دیاریکراو نییە بۆ دەستنیشان کردنی سەرەتای دروستبوونی چاپی تەختە هەروەها خاوەندارییێتی دەگەڕێتەوە بۆ کێ و کام ناوچەیە، سەرچاوە مێژووییەکان بەچەند شێوازێک نزیک لەیەک مێژووی سەرهەڵدانەکەی دەگێڕنەوە.


"هەندێک لە قاڵبە تەختەییە هەڵکۆڵراوەکان لە چین دۆزراونەتەوە لە سەدەی نۆدا، هەرلەوێشەوە لەڕێگەی وڵاتە ئیسلامییەکانەوە بەرەو ئەورپا رۆیشت، پاشان لەوێوە بەهەموو ناوچەکانی دیکەدا بڵاو بۆوە، سەرەتای بەکارهێنانی چاپی تەختە لە ئەوروپا دەگێڕنەوە بۆ دەوروبەری سەدەی سیانزە، لەم قۆناغەشیدا تەنیا وەک مۆر یاخود قالبێکی دیزاینکراو بۆ رازاندنەوەی چنراوە دەستییەکان بەکار دەهێنرا، هەروەها چاپکردن لەسەر کاغەز بونی نەبووە تاوەک نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەم لەئەورپادا". [١]

هاوشێوەی داهێنانەکانی دیکە دۆزینەوەی کاغەز گۆڕانێکی مێژووی گەورەبوو لە دونیای نوسین و تێکستدا، بێگومان نوسین مێژوویەکی دێرینی هەیە مرۆڤ هەرلەسەرەتاوە چەندین ماتریاڵی جیاجای بەکارهێناوە وەک (قوڕ، بەرد،دار)بۆ تۆمارکردنی نوسراوەکان، ئەم هەوڵانەش بەردەوام لە بەرەوپێشچوندا بوون بۆ دۆزینەوەی باشترین ماتریاڵ بۆ تۆمارکردنی دەقەکانیان کە، خۆی لە چەند شێوازێکدا دبینێتەوە هەندێک جار ئەم دەقانە پێویستیان بە دووبارەکردنەوە هەبووە لەوانە شعر، بڵاوکراوەکان، ئاگادارییەکان.

"دۆزنەوەی کاغەز لە چین دەگێڕنەوە بۆ یەکێک لە کاربەدەستەکانی حکومەتی چین کە، ناوی (Tsai Lun)ە بە ئیمبراتۆر (HO)ی ڕاگەیاند کە، کاغەزی دروستکردووە، لە ڕاستیدا ئەم بابەتە تۆزێک نادیارە نازانرێت کە، خۆی داهێنەری کاغەزە یاخود ئەم برەویدا بە دروستکردنەکەی، داهێنەنەکە Tsai Lun وەک لەوێنەکانی ژمارە (٣) هاتووە.

ئەم داهێنانە نوێیە تاوەکو سەدەی نۆزدە بەردەوام بوو لەبەرهەم هێنانی کاغەزدا و دواتر لە ئینگلتەرا ئامێر بەکارهێنرا لە دروستکردنی کاغەزدا". [٢]

پێشینەی بەکارهێنانی ڕووکارە ڕێکەکانی قاڵبی تەختە لەسەر قوماش وایکرد زۆر بەزوی پێکەوە بەکار بهێنرێت بێگومان دەرئەنجامێکی باشی هەبوو لە کۆپیکردنەوەی بەرهەمەکانیان لەهەردوو بواری تێکست و وێناکردندا.



وێنەی ژمارە (٣)

"یەکەم کاغەزی چاپکراو لەڕێگەی قاڵبی تەختەی هەڵکۆڵراوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٨٦٨ پ.ز لە چین، وە لەساڵی ٢٠٠ز دەستیان کرد بە هەڵکۆڵینی نوسین و وێنە لەسەر قاڵبە

١- Griffiths, Antony. Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996,P16

٢- م.محمد عبد، م.نوری الدین، محمد صدیق، عدلي محمەد/ التصميم الجرافيكي بين لنضرية والتاريخ/٢٠١٠/عمان/ص ٨٣،٨٢.

تەختەکان، کتێبی (Tipitaka)ی بوزی پیرۆز بوو لەساڵی ٩٧٢ز چاپکرا ژمارەی لاپەڕەکانی ١٣٠ لاپەڕە بوو بە قاڵبی تەختەی چاپکرا". (١)

لەم قۆناغەی چاپکردندا کە، قاڵبە تەختەییەکان ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا دەبوو بۆ هەر بابەتێکی چاپکراو قاڵبێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، نەدەکرا دواتر سودی لێوەربگیرێت بۆ بابەتێکی دیکە، بۆ ئامادەکردنی بابەتێکی دیکە بۆ چاپ پێویستە هەموو پرۆسێسەکان لەسەرەتاوە دوبارە بکرێتەوە بەتایبەتی لە نوسیندا هەموو وشەکان دەبوو جارێکی دیکە لەسەر ڕووکاری پارچەیەک تەختەی هەڵکۆڵرێت بۆ بەدیهێنانی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ چاپ، ئەم ڕێگەیە ئاسان نییە بۆ نوسراوێک کە، لە چەندین لاپەڕەدا خۆی ببینێتەوە هەر بۆیە بیر لە پرۆسەیەکی دیکەی چاپکردن کرایەوە کە، خۆیان بەدوور بگرن لە دوبارە هەڵکۆڵینەوەی هەموو وشەکان، بێگومان ئەمەش کاتێکی زۆری دەویست لە دوبارە هەڵکۆڵینەوەیان، ئەم بیرۆکەیە جۆرێکی دیکە لە چاپی هێنایە ئاراوە کە، بە چاپی وشەی جوڵاو ناوبرا هەروەها سەرەتای ئەم داهێنانەش لەدوو ناوچەی جیاواز و دوکاتی جیاوازدا ئەنجامدراوە.

کاتێک باسی چاپ دەکرێت جۆهان گۆتمبێرگ بەڕابەر و داهێنەری چاپ دادەنرێت لە ئەوروپادا بەتایبەتیش چاپی وشەی جوڵاو، هەرچەندە لەپێش گۆتمبێرگەوە چینیەکان ئەم جۆرە چاپەیان داهێناوە، بەڵام نەگیشتۆتە ئەورپا. گۆتمبێرگ لە ساڵی ١٤٥٠ز بۆیەکەم جار چاپی وشەی جوڵاوی بەکار هێنا، هاوشێوەی چاپەکەی گۆتم بێرگ لە کات و شوێنێکی دیکەدا "یەکەم نموونەی چاپکراوی (Movable Type) لە ساڵی ١٠٤٠م لە چین بوو، بە بەکارهێنانی مەتریاڵی سیرامیکی، لە لایەن بیشینگ* (Bi Sheng) لە ساڵانی ٩٩٠ - ١٠٥١ بەکارهاتووە، پاشان لە کۆریا پەرەی پێدرا لەساڵی ١٢٣٤بە بەکارهێنانی کانزاکان لە Movable Typeدا لەبری سیرامیک، هەرئەم تەکنیکە نوێیە بووە هۆی چاپکردنی کۆنترین کتێبی چاپکراو لە جیهاندا بە سیستەمی چاپی وشەی جوڵاو پیتە مەعدەنییەکان، بە ناوی (Jikji) لە ساڵی ١٣٧٧". (٢)

چینیەکان ئەمەیان کردە سەرەتایەکە بۆدروست بوونی بڵاوکراوەکان و چاپکردنی کتێبە گرنگەکان بە شێوازێکی نوێ و ئاسانتر لەو ڕێبازەی کەپێشتر پەیرەویان دەکرد لەوسەردەمەدا کەهەبوو هەموو بەرهەمەکان بەدەستنوس کۆپی بکرێتەوە، ئەمەبووە هۆی دروستبوونی گەورەترین کتێبخانەکانی دوونیا ئەم داهێنانە گرنگە کاری خۆی کرد لە بڵاو بوونەوەو مانەوەی زۆرترین کۆپی هەموو بەرهەم نوسراوەکان لەوسەردەمەدا.

---

١- رمزي محمد العربي. التصميم الجرافيكي.مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع/٢٠٠٩/ ص٢٣.

٢- Twyman, Michael: The British Library Guide to Printing: History and Techniques, british library, London, 1998, page 21

* بی شینگ خاوەنی کۆمەڵیک کاری ناوازەیە و چوارسەد ساڵ پێش گۆتنبێرگ ژیاوە، بی شنینگ سەرەتا کارەکانی بە قاڵبی تەختەی و بەرد دەستی پێکردووە لە شوێنێکی پیشە سازیدا بۆ نەخش و نیگار کە، بۆ چەند سەدەیەک بوو بەکار دەهات.
سەرەڕای ئەمەش پێدەچێت گۆتنبێرگ ئاگاداری داهێنانەکەی بیشینگ نەبووبێت کە، بۆیەکەم جار وشە سەربەخۆکانی لە گڵجۆش دروست کردبوو بۆ چاپکردن و دواتر کۆرییەکان کردیانە قاڵبی کانزای. سەرچاوە:
Petti, Claudio: Technological Enterpreneurship in China, Edward Elgar Publishing,UK, 2012, Pge xii



وێنەی ژمارە (٤)



وێنەی ژمارە (٥)

دوابەدوای چینییەکان بە جیاوازییەکی زۆر لە ماوەی نیوانیان بۆ داهێنانی وشەی جولاّو لە نێوان (بیشینگ و جۆهان) لە ئەوروپادا بۆ دووەم جار ئەم داهێنانە دووبارە هاتەوە ناو ڕێبازەکانی چاپکردن لە ئەوروپا لەلایەن "جۆهان گۆتمبێرگ (Johannes Gutenberg) لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەدا و لەساڵی (١٤٥٠) گۆتمبێرگ ڕێگەیەکی نوێی لە چاپکردن دۆزییەوە بە بەکارهێنانی وشەی جولاّو یاخود وشەی سەربەخۆ لە سەر ڕوویەکی هەڵتۆقیو (Letter Press or Relief Methods)، گومان لەوەدا نییە کە، گۆرتمبێرگ داهێنانێکی نوێی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد لەسەردەمی خۆیدا کە، بووە هۆی کۆکردنەوە و بلاّو کردنەوەی زانست و هونەر و ئەدەب وە هەموو چەمکە زانسییەکانیشی گرتەوە. ئەم داهێنانەی گۆتمبێرگ ڕەخنەی لێگیرا لە لایەن ئەو کەسانەی بە دەست نوسینەکانیان کۆپی دەکرد پێیان وابوو چی دی سەردەمی ئەوان نامێنێت بە هاتنی ئەم شۆرشە لە چاپەمەنیدا، هەندێکیش پشتگیریان لێدەکردوو بە کارێکی سەرکەوتوو باش لەقەڵەمیان دەدا و دەستخۆشیان لە گۆتمبێرگ دەکرد.[1]

جولاّنەوە مەزنەکەی ڕێنیسانس (Renaissance) کەهەموو بوارەکانی گرتەوە لەوانە بابەتی هونەری و زانستی و کولتووری یەکێک لەهەر کایە گرنگەکانی ئەم شۆرشە مەزنە نوسین و بلاّوکارەکان بوو ئەوەی کە، ڕۆڵێکی گرنگی دەگێڕا لەو کاتەدا بزوێنەری بلاّوبونەوەی زانست زانیاری بوو چاپ بوو.

(جۆرج سارتۆنی) مێژوونوس دەڵێت "وشە جولاّوەکان یەکێکە لە داهێنانە مەزنەکانی سەردەمی ڕێنیسانس"[2] هەڵبەتە کاریگەری و بەجێهێشتنی ئاکاری ئەم داهێنانە هۆکارە بۆ شایەتیدان لەسەر کرنگی داهێنانەکی گۆتمبێرگ. وێنەی ژمارە (٤،٥) گۆتمبێرگ و وشە جولاّوەکانە.

وشە جولاّوەکان " هۆکاربوون بۆ دروستبونی گۆڕانی ڕیشەی لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ڕۆژ ئاواییەکان، بووە هۆی کرانەوەیەکی ئاسۆی بەڕووی فێرکردن و گۆڕینەوەی پەیوەندییە فکرییەکان، زۆر بەزوی کاریگەرییەکانی لەسەر هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ جێهێشت."[3]

١- بلاسم محمد. التصميم الجرافيكي عبر العصور/ طبعة الأولى/عمان،/مكتبة المجتمع العربي/٢٠٠٨/ ص٢٩

٢- Eisenstein, Elizabeth L: The printing press as an agent of change, cambridge Univrsty press, Volume 1, 1997 page 27

٣ - Eisenstein, Elizabeth L: The printing press as an agent of change. cambridge Univrsty press. Volume 1, 1997 page 28

* جۆهان گۆتمبێرگ لە تەمەنی ٥٥ساڵیدا بوو کە، چاپخانەکی و لاپەڕە چاپکراوەکانی بایبلی لەدەستدا. جۆهان لە ئەڵمانیا دەژیا، وە خاوەنی خێزانێکی ناوداربوو لە شاری ماینز، کە، جۆهان تێیدا گەورە بووەو لە دایک بووە لە ساڵی ١٣٩٣ وە هیچ کەسێک بەتەواوەی کاتی لەدایک بوونی نازانێت، خانەوادەی گۆتمبێرگ دەوڵەمەند بوون باوکی ئەندامی خانەوادە دەوڵەمەندە ئرستۆکراتییەکان بووە، لەم کاتەدا هەموو هەواڵو ڕوداوەکان دەماودەم دەگوێزرانەوە لە بەر ئەوەی هیچ ڕۆژنامە و بلاّوکراوەیەکی چاپکراو نەبوو، جۆهان لەسەرەتاوە لەگەڵ باوکیدا دەچووە ناو کتێبخانەکانەوە بۆ کتێب خوێندنەوە نە دەکرا کتێبەکان لەگەڵ خۆت ببەیەتەدەرەوە لەبەر کەمیو گرانی بەهاکانیان. دواى ماوەیک جۆهان خێزانەکەی ئەو شوێنەیان جێهێشت کە، تێیدا دەژیان و ڕایان کرد لەبەر چەند ڕوداوێک کە، ڕویدا دوای ئارام بونەوە گەڕانەوەی ژیان بۆ ئەوە ناوچەیە دوبارە گەڕانەوە جۆهان لەگەڵ باوەک لە دەستیان کرد بە دروستکردنی کۆین و تواندەنوەی ئاڵتون و لەقاڵبدانی ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی شارەزای لەبوری وشە جولّوەکاندا.

سەرچاوە : Rees, Fran: Johannes Gutenberg/Inventor of the Printing Press/ compass Paint Books / USA / 2006

داهێنانەکەی گۆتۆمبێرگ لێرەوە شۆرشێکی گەورەی پیشەسازی چاپەمەنی و بڵاوکراوەی بەدوای خۆیدا هێنا، لێرەوە دەرگایەکی نوێی بەڕووی نوسەران و ئەدیبان و زانایاندا کرایەوە تاکو زیاتر لە ناو بوارو کایە جیاجیاکاندا قوڵببنەوە، هەر ئەمەش وایکرد کەسانی ئاسایش پاش ئەو داهێنانە بتوانن بەشێک لەو نوسراوانەیان دەست بکەوێت کە، لەڕێگەی ئەم چاپەوە بڵاودەکرایەوە، بێگومان ئەم شێوازی چاپکردنە ناکرێت وەک شێوازێکی هونەری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەهەمان کاتیشتدا بەشۆڕشێکی مەزن بۆ هەموو کایەکان هەژمار دەکرێت، هەر لەو ماوە مێژوویەدا هاوتەریبی داهێنانەکەی گۆتمبێرگ چاپی گرافیکی ڕەوتی خۆی وەرگرت، بەهەمان شێوە چاپی تەختە کە، پێشتر باسمان لێوە کردووە مێژوویەکی چەند سەدەی هەیە لەبەکارهێنان، بەڵام وەکوو رەوتێکی هونەری سەربەخۆ یاخود کاری هونەری ئەو بەها و پێگەی نەبووە.

"یەکەم چاپکراوی قاڵبە تەختەییەکان کە، وێنەی قدیس کریستۆف لەسەر بووە لە ساڵی ١٤٢٣ز بڵاو بۆوە و دواتر ئەم وێنە چاپکراوانە لەگەڵ هونەری وێنەکێشان لێکتر نزیک بوونەوە، لە گەڵ وێنە ڕونکارییەکان شانبەشانی دەق و نوسراوەکان تاوەکو سەدەی پانزە هاتن، دواتر ئەم ڕەوتە هونەرییە شێوازیکی تایبەتی بەخۆی وەرگرت لە ئەوروپادا لە نێوان هەموو ڕەوتە هونەرییە بینەییەکانی دیکەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شاکارە هونەرییەکانی هونەرمەند ئەلبێرت دیۆرۆ لە ساڵی ١٤٩٧ بۆ ١٥٤٣."[1]

چاپی تەختە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ وێناکردن و وابەستی تێکستەکان و دەقەکان بوونە هۆی خوڵقاندنی قاڵبە تەختەییەکان، کاریان بۆ دەوڵەمەندکردنی مانا و رونکرنەوەی دەقەکان دەکرد سەربەخۆ کاریان لەسەر نەدەکرد.

"ئەلبێرت دیۆرۆ* خوێندکاری وڵگمیوت بوو لە ساڵانی (١٤٧١-١٥٢٨) بووە هۆی داگیرساندنی شۆرشێکی جیاواز لە کۆنسێپی چاپکردن لەسەر قالبە تەختەییەکان، هەر لەو ماوەیەشدا لە کۆمەڵێک کاری نوێدا دیزاینی ناوازەی بڵاو کردەوە لەوانە (چوار سوارچەکەکە)ی ئەپۆکالیپس لە ساڵی (١٤٩٧)، هەروەها (لەخاچدانی مەسیح)لە ساڵێ (١٤٩٨)، (مردنی مریەم) لە ساڵی (١٥١٠)."[2]

١- عبد الكريم فرج، فن الحفر ولطباعة في أوربا في القرن العشرين، دار نينوى، دمشق، ٢٠٠٨، ص١٣

٢- رافع الناصري، فن الغرافيک لمعاصر، دار لافارس، عمان، ١٩٩٧، ص١٩

* ئەلبێرت دیۆرۆ(Albrecht Durer) وێنەکێش و چاپەکەر دیۆرۆ بە زیاتر لە ٢٥٠ کاری گرافیکی ئاستی چپی گرافیکی گەیاندە ئاستی هونەری وێنەکێشان. دیۆرۆ لە لە نۆرم بێرگ لە دایک بووە. سەرەتا لەسەر دەستی باوکی فێری وێنەکێشان بوو پاشان لە ساڵی ١٤٨٦ لە مەرسەمی (City`s leading artist) و لای میشێل وڵگمویت فێری وێناکێشان و چاپکردن بوو وە فێری چاپی بڵاوکراوەکانیش بوو، وڵگمیوت بەرپرس بوو لە کۆمەڵێک کاری سەرەکی لەوانە دیزاین و ئامادەکردنی قاڵب بۆ کۆمەڵێک کار، وە لەگرنگ ترین ئەوکارانە کتێبی (Nuremberg Chronicles)بو کە، باسی لە مێژووی دروستبونی زەوی دەکرد لە سەرەتای دروستبونییەوە، کە، ئەم کتێبە زیاتر لە ٦٠٠ چاپی سەربەخۆی قاڵبە تەختەییەکانی لەخۆ گرتبوو ئەم کتێبە دوای رۆشتنی دیۆرۆ لە شوێنکارەکەی بڵاو کرایەوە بەڵام، زۆر بەدڵنیاییەوە شوێندەستی لەو پرۆژە گەورەیەدا دیاربوو. دیۆرۆ دەستی کرد بە سەفەر و خوێند کە، لە ساڵی ١٤٩٠ بۆ ١٤٩٤. سەرچاوە

Saff, Donald, Sacilotto, Deli: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 13.


وێنەی ژمارە (٦)


وێنەی ژمارە (٧)


وێنەی ژمارە (٨)

شاکارەکانی ئەلبێرت دیۆرۆ وەک لەوێنە ژمارە (٨،٧،٦)دا دیارە توانیان سەرەتایەک بن بۆ سەربەخۆی هونەری گرافیک و بێبێتە ڕێچکەیەکی هونەری و هونەرمەندان کاری لەسەر بکەن، برەو بە لایەنی تەکنیکی و ئیستاتیکیەکاندبدەن، هەرلێرەوە ئەم ڕەوتە وەک هونەرێکی سەربەخۆی دەستی کرد بەکارکردن.

بەهەمان شێوەی دیۆرۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی هاوچەرخی دیۆرۆ رۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە بەرەو پێشچونی گرافیک لە شێواز و ستایلی دیکەی هونەری ئەوانیش بریتیبوون لە "هانس باڵدنگ (١٤٨٤-١٥٤٥)، لۆکاس کارناخ (١٤٧٢-١٥٥٣) و هانز هۆلباین (١٤٩٧-١٥٤٣) ئەمان توانیان کۆمەڵێک کاری هونەری هەڵکۆڵراو بە شێوازی (تاریک و ڕوون) ئەنجام بدەن کە، ئەمەش بە کارکردن لەسەر چەند کلێشەیەکی جیاواز بۆ یەک بابەتی هونەری بە پلە پلە کراو لە روناکییەوە بۆ تاریکی، هەروەها هونەری هەڵکۆڵینی قووڵ لەسەر کانزاکان بەکار هێنارا کە، بەتەواوی ئەو سەدەی کۆنترۆڵکرد تا چارەکی کۆتایی سەدەی ١٨ بەردوام بوو"[١].

تۆماس بیوک* دووەم تەوژمی چاپی گرافییکەیە کە، توانیویەتی رۆڵێکی گرنگ بگێرێت، "شێوازێکی نوێی لە هەڵکۆڵین لەسەر گۆڕەپانی هونەری گرافیک بەدیارکەوەت ئەویش هەڵکۆڵینە لەسەر ڕووکارە براوەکانی تەختە وەک چینێکی براوە لە باری پانی لقی دارەکان، لەرێگەی کارکردنی ئەم شێوازەوە توانی ناوبانگێکی گەورە بەدەست بهێنێت هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ توانای وەدەرخستنی زۆرترین وردەکاری لەکارە هونەرییەکاندا، ئەمەش وایکرد هەر زۆر بەزووی باڵاو ببێتەوە، لە کۆپیکردنەوەی کارە هونەرییەکاندا بەکار دەهێنرا و دواتر ئەم شێوازە نوێیە تاوەکو نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ بەردەوەام بوو لە زۆرینەی چاپ و پەرتوکەکاندا بەکاریان دەهێنا"[٢]

لەسەر دەستی هونەرمەندان رەوتی هونەری گرافیک بەرەو پانتاییەکی زیاتر باڵی دەکێشا چی لەڕووی کارکردنی هونەرییەوە بێت یاخود لەڕووی تەکنیکییەوە، تۆماس بیوک (Tomas Bewich) بەڕابەری وێنەو دیزاینەر رونکارییەکانی ناو کتێب بو پەرتووکەکان هەژمار دەکرێت.

١- عبد الکریم فرج، هەمان سەرچاوەی پێشووتر. ل١٣

٢- رافع الناصري، فن الغرافیک لمعاصر، دار لافارس، عمان، ١٩٩٧، ص٢٠

* تۆماس بیوک لەدایک بوی ١٢ ئابی ١٧٥٣ یە وە لە ئنگلتەرا لەدایک بووە وە لە بەرواری ٨ نۆڤەمبەری ١٨٥٣ لە ئنگلتەرا کۆچی دوای کردووە، وەک چاپەکەر و دیزاینەر بزوێنەری تەکنیکی چاپە تەختەییەکان ڕۆڵی گێڕاوە.

بویک لە تەمەنی ١٤ساڵیدا سەرقاڵی کارکردن بوو لە سەر هەڵکۆڵین لەسەر مەعدەنەکان وە زۆر بەزووی پەری سەند هەرلەوێوە چوە نیوکاسل و وە زۆرینەی ژیانی لەوێدا بەسەر برد وە توانی چەندین تەکنکی ناوازە دابهێنێت بۆ هەڵکۆڵین، هەرچەندە بیوک خۆی بە داهێنەری هەڵکۆڵین نییە لەسەر تەختە بەڵام، زۆرجار ئەمەی دووبارە کردوۆتەوە لەسەر چاوەکانە کە، ئەو داهێنەریەتی.

سەرچاوە/ Bewick ,Thomas : British artist www.britannica.com/biography/Thomas-Bewick

تۆماس بیوک "کارکردن و ڕاهێنانانی بۆ هەڵکۆڵین لەسەر پلێتە کانزاییەکان بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کەلەم پرۆسەیەدا بەکاری دەهێنا ڕۆژانە بونە هۆی بەدیهێنانی کاراکردنی ئەم ئامرازانە لە سەر ماتریاڵیکی دیکە ئەویش تەختەبوو، بەکارهێنانی لەسەر لقی درەختێکی پتەوە کە، لەباری پانی ببڕدرێت تاقی بکاتەوە تاکو بتوانێت لەم ڕێگەیەوە ناسکترین و نەرمترین هێڵکاری ئامادەبکات لەسەر ڕووکاری تەختە پتەوەکان، گرنگییەکی دیکەی ئەم تەکنیکە لەوەدابوو کوالیێتییەکی بەرزو توانایکەی چاپکرنی باشی هەبوو بە بەراورد بە کانزاکان."(١)

کاراکردنی ئەم تەکنیکە نوێیە گرنگییکەی تایبەتی خۆی هەبوو لە بواری وێنە ڕونکارییەکانەوە (Illustration) لەناو کتێب و پەرتوک و گۆڤارەکاندا هەروەک لەوێنەی ژمارە (٩، ١٠) دیارە کە، وێنەی کارەکانی تۆماس بیوکە و یەکێکە لە کارە ناودارەکانی سەدەی نۆزدە.

شێوازو تەکنیکی چاپی گرافیکی (چاپی تەختە) لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا گواسترایەوە، لەهەمان کاتدا پەرەسەندن و برەو پێدانی لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوەبوو، بێگومان ڕۆژهەڵاتییەکانیش کاریان لەسەر کردووە کەم تازۆر هەربۆیە وەک مێژووی کاری هونەری لەچەندین شوێن و چەندین سەرچاوەی جیاجیا ئاماژە بەکاری هونەری یابانی کراوە لەڕووی هەڵکۆڵینەوە لەسەر تەختە.

هونەری هەڵکۆڵینی یابانی "کاتێک کۆماندەر (پێری) یابانی بەڕوی ڕۆژئاوادا کردوە لە ساڵی ١٨٥٤ تەوژمێکی بەهێزی ئەزمونی هونەری والاکرا، لەوەش زیاتر قاڵبە تەختەییەکان و چاپکراوەکانیان کۆمەڵێک ڕەنگی سەرنج ڕاکێشیان هەبوو کە، بەناوی (یوکی-ئو)* واتا وێنەری خەڵکی گشتی بوو کە، گوزارشتی لەژیانی ڕۆژانە دەکرد، تەختە هەڵکۆڵراوە یابانییەکان توانییان کارگەری بخەنە سەر هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتیش ئەوگروپانەی کە، لە پاریس کاریان دەکر لە سەدەی ١٩دا."(٢)



وێنەی ژمارە (٩)



وێنەی ژمارە (١٠)

١ -Saff, Donald, Sacilotto Deli: printmaking: History process - Capital City press, New Jersey - 1978 - page 29

٢- Saff, Donald, Sacilotto Deli:- Same Reference, page 30

* یوکی-ئو ژیان تەنها لە چرکەساتەکانیدا وەک گۆرانی وتن، بەفربارین گوڵ، خوردنەوەی شەراب، تێکەڵبوون بە شەپۆلەکانی ژیان بەمانە دەوترێت یوکی- ئو ژیان لەناو چەرکەساتەکانیدا، یوکی-ئو لەزمانی یابانیدا بەدوو وشە نوسراوە (یوکی) واتا خەفەت ناخۆشی (یو) واتا ژیان ئەم تێرمە دەربڕینێکی فیکری بودییەکانە، پاشان وشەی یەکەمیان گۆڕی لە ناخۆشی بێزارییەوە گۆڕی بۆ شەپۆل یاخود تێکەڵبوون لەگەڵ ڕەوتی ژیان دواتر بوو بە خۆشییەکانی ژیان. بۆیەکەم جار لە مێژووی یاباندا چینێک لە کەسایەتی وەدەرکەوت کە، لەڕێگەی پاڵپشتی مادییەوە برەویاندا بە ئەم هونەرە وە ئەم ڕێبازە هونەرییەش وێنا دانەوەی حەزو چێژەکانی ئەوەن بوو بۆ ژیان ئەمە بووە یکی-ئو یاخود وێنەی شەپۆلەکانی ژیان وەڕێژەیکی زۆری چاپە تەختەییەکان ئەمەیان لەخۆگرت کە، دەکرا بڵێن بەشی زۆرینە بینەرانی دەکرد.

یوکی-ئو خۆی لەگەڵ چواردەوردا تێکەڵکردبوو بۆنموونە ژنی ماڵ، چاخانەکان، زۆرانبازەکان، ئاوفرۆش، ڤیستیڤاڵە ڕەنگاڵەییەکان، یارییە ئاگرینەکان لە شەوانی گەرمی هاویندا، وەگرنگییەکی زۆری داوە بە وێنای ئافرەتە شۆخەکان، وە چینە نزمەکانی کۆمەڵگەشی لە خۆگرتووە سەرەڕای ئەمان ڕەنگدانەوەی تەواوی کۆمەڵگەبووە ئەمە وادەکات بڵێن یوکی-ئو پێناسی ژیانی کردووە لەوساتەوەختانەدا.

سەرچاوە Pictures of the Floating World: archive.artsmia.org/art-of-asia/explore/explore-collection-ukiyo-e-video.cfm.html



وێنەی ژمارە (١١)

تەوژم و کاریگەری ڕێباز و ستایلی کارکردن گرنگی خۆی هەیە لەسەر ئاراستە هونەرییەکان هەرئەمەشە وایکردووە هونەر ڕەنگاڵەبێت بتوانێت سود لەهەموو ستایلەکان وەربگیرت و ئایدیاکان لەکارکردندا دەوڵەمەند بکات، زۆرجاریش کاریگەرییەکی قوڵ دەخاتە سەر کۆنسێپتی کارکردن، شێوازی یوکی-ئو وەک لەوێنەی ژمارە (١١) دیارە کاری هونەرمەند (سوزوکی هارونۆبە) بەناوی کچان شعر دەخوێننەوە نموونەیەکی ئەم ڕێبازی کارکردنەیوە.

چاپی یوکی-ئو "کاریگەرییەکەی قوڵی خستە سەر هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکان کە، ساڵانی ١٨٧٠ بەرەوە سەرەوە، ئەم ڕێبازە هونەرییە یابانییە لەدوای بڵاوبونەوەی ڕەنگدانەوەی هەبوولە هەموو نێوەندە هونەرییەکاندا، لە نێو ئەمانەشدا هونەری وێنەکێشان بوو، ئەم ڕێبازە جارێکی دیکە چاپی تەختەی لە ئەوروپادا زیندوو کردەوە وەک ناوەندێکی هونەری بۆ کارکردن، ئەم نێوەندە هونەرییە کەخەریک بوو لەناودەچوو، لەو هونەرمەندانە کە، کاریان بەم ستایلەکرد بیرتبوون لە ماری کاسات (Mary Cassatt)، هینری دیتۆلۆس (Henri De Toulouse) هەروەها پاوڵ گوین (Paul Gauguin) کاریگەرییەکانی ستایل و مامڵە ڕەنگییەکانیا لە پانتای ڕەنگەکاندا نیشاندا."(١)

چاپی تەختەی خاوەنی مێژوویەکی دێرین و فەزایەکی گەورەی کاری هونەرییە لەسەرانسەری جیهاندا، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، هەڵبەتە چاپی تەختە بۆتە هۆکاری بوون بەهونەر و سەربەخۆی هونەری گرافیکی دیاریکرد لە لایەن چەند هونەرمەندێکەوە کە، چاپی تەختەیان بەکار دەهێنا، شان بەشانی چاپی تەختە کۆمەڵێک ماتریاڵ و شێواز و ڕێبازی نوێ کاراکران بۆ کردەهونەرییەکان پەیدابوون، لەدوای چاپی هەڵتۆقیو رێبازێکی دیکە چاپکردن دێتە ناو پرۆسێسی بەئەنجام گەیاندنی چاپکردنەوە ئەویش چاپی ئاست نەویو واتا ڕووچاڵ هەروەها چاپی ئاست ڕێک.

ستایلی کارکردنی بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و سنوری نییە هەربۆیە هونەرمەندان هەوڵیان داوە بەردەوام کاری نوێ و تەکنیکی نوێ بەکاربێن لە خزمەت کارە هونەرییەکانیاندا جا ئەم داهێنانی تەکنیکە لەلایەن خودی هونەرمەندەوە بێت یاخوود لە ڕێگەی تەکنیکی پیشەگەرەکانەوە بێت کە، لە ئەنجامدا بەکاردەهێنرێت بۆ خزمەتی کردە هونەرییەکان چاپی گرافیکی وەک نێوەندێکی هونەری لە کۆتایدا پرۆسەیەکی بەئەنجام گەیاندنی کاری هونەرییە کە، لەلایەن هونەرمەندێکەوە بەرهەم دەهێنرێت، دەبێتە هەڵگری سیماتێکی هونەری. هەرچەندە ستایلی کارکردن جیاواز بێت لەڕووی فۆرمەلەکردنی بابەتەکەوە هێندەش تەکنیکی جیاواز هەن بۆ ئەنجامدانی کارە هونەرییەکان وە تەکنیکەکانیش کاردانەوەی خۆیان هەیە لەسەر دەرئەنجامی کارە هونەرییەکان. هونەری گرافیک دەوڵەمەندە بە و شێوازانەی کە، کاراکراون لەناو ئەم نێوەندەدا هەریەکێک لەم شێوازی کارکردنانە کە، لە سەردەمی جیاجیادا داهێنراون جیاوازی دەبەخشێتە کردەهونەرییەکان روبەری کارکردنیان واڵاتر کردووە.

١- Covey, Sylvie: Modern Printmaking, Waston Guptill Publications, New york, 2016, page 14

لە شێوازێکی دیکەی چاپکردندا دوابەدوای هەڵقەگرێدراوەکەی ڕێچکەی تەکنیکی چاپکردن لەناو نێوەندی هونەرو پیشەسازیدا ڕێبازێکی جیاواز لەڕووی تەکنیکەوە لەدایک دەبێت هەروەها دەرهاویشتەی جیاواز لەتکنیکەکانی پێشوتر دێنتە بەرهەم.

چاپی نەویو ڕاڤەکردنی بەشێکی دیکە و قۆناغێکی تری مێژووی چاپکردن کە، بە چاپی نەویو واتا نزم (Intaglio)ناوزەند دەکرێت.

"چاپی نەویو (Intaglio Print) لەژێر ئەم ناوەدا زۆرێک لە تەکنیکەکانی چاپکردن خۆیان دەبینەوە وە کاریان پێدەکرێت هەروەک، هەڵکۆڵین (Engraving)، هەڵکۆڵین بە ترشەکان (Etching)، هەڵکۆڵین لەڕێگەی ئامێری تایبەتەوە لەسەر کۆپەر(هەڵکۆڵین بەدەرزی) (Drypoint)، میزۆتینت (Mezzotint)، هەڵکۆڵینی ئاوی (Aquatint)، ڕووی نەرم (Soft Ground)هەموو ئەمانە دەکەونە خانەی چاپی نەویو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دەرهاویشتی چاپ ئەوشی بەهۆی دروستبونی ئەم چاپە لە ڕوە هەڵکۆلرەوە نزمەکانی ماتریاڵی هەڵبژێردراوەوە بۆچاپ"(١)

ئەگەر دەستپێکی ئەم شێوازە نوێیە بگێڕینەوە بۆ هونەرێکی جوانکاری یاخود پیشەسازی دروستبێت، سەرچاوە مێژووییەکان ئەمانە پشتراست دەکەنەوە کە، کاریگەری هەبووە لەدروستبونی ئایدیای چاپەکانی دیکە، لێرەوە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ داهێنانەکانی دیکە هەنگاوی یەکەمی چاپی نەویو لە نیلۆوە دەستپێدەکات.

"سەرەتای هەڵکۆڵین لەسەر کانزاکان بە هونەری (Niello) بەستراوە ئەم هونەرەش زێڕنگەرە ئیتاڵییەکان بەکاریان هێناوە بۆ جوانکاری خشڵ، لەم تەکنیکەدا پشت بە هەڵکۆڵینی وێنە دەبەستێت لەسەر کانزاکان، پاشان شوێنی هەڵکۆڵینەکە پڕدەکرێتەوە بەچەند ماتریاڵێکی تری ڕەنگکراو دوابەدوای ئەم کارانە هەڵکۆڵین قوڵ لەسەر کانزاکان دەستپێکرد لەوانەش کۆمەڵێک هونەرمەندی هۆڵەندی، فەرەنسی، ئەڵمانی کە، نازناوی مۆنگرامیان لێنا (Monogram)کە ناوی خۆیان لەسەرکارەکانی بەچەند وشەیەکی بچووک دادەنا."(٢)

چاپی نەویو دەکرێت بڵێین کە، پێچەوانەی چاپی هەڵتۆقیو لەڕووی وەرگرتنی حیبرەوە یاخود ئەو وێنەی کە، دوبارە لەسەر کاغەزە چاپکرراوەکان دەیان بینیەوە لێرەدا جیاواز لە چاپی هەڵتۆقیو حیبرەکە دەچێتە ئەو ناوچە هەڵکۆڵراوانەوە کە، لەسەر پارەچە کانزاکان هەڵکۆڵراون یاخود لەڕێگەی ترشەکانەوە چاڵکراوەن وە بەشە بەرزەکەی دەسڕدرێتەوە تەنها لە شوێنە نزمەکاندا حیبر دەمێنێتەوە پاشان چاپەکە ئەنجامدەدرێت لەڕێگەی ئامێری پەستان کەرەوە پاشان چاپەکە بەرهەم دێت کە، ئەمە تەواو پێچەوانی پرۆسەی چاپی هەڵتۆقیوو لەڕوی تەکنیکی گواستنەوەی ڕەنگەکانەوە بۆسەر کاغەزکە.

"بنەچەی چاپی نەویوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی بۆ زێڕنگەر و چەک

1- Ross, John. Romano, Calare . Ross, Time: The complet Printmaker,Collier Macmillan Publishers, New York, 1990, Page 65.

٢- عبد الكريم فرج، هەمان سەرچاوەی پێشووتر. ل١٤

دروستکەرەکان. هەرچەندە تا سەدەی پانزە و دەرکەوتنی کاغەز و بڵاوبونەوەی بەتەواوی، چاپی نەویو نەچوبوە ناو پرۆسەی بەئەنجام گەیاندی کاری هونەرییەوە، زێڕنگەر و چەک دروستکەرەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە بونیادی کولتووری ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاست. ئەم هونەرمەندانە هەوڵیانداوە دیزاینەکانیان تۆمار بکەن بۆ بەئاگابونیان لە بەرەو پێشچونی کارەکانیان. هەربۆیە دیزاینەکانیان گواستۆتەوە بۆسەر کاغەز و لەڕێگەی ئەم هەنگاوەوە تۆمارێک بۆ کارەکانیان دروست بکەن بەئاگابن لەهەموو گۆڕانکاریانەی کە، ڕوو دەدەن."[1]

لەڕووی مێژووییەوە چاپی نەویو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە کردە هونەرییەکاندابووە هۆکاری فراون بوونی تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی لەناو هونەرمەندان‌دا چاپی نەویو زیاتر بوو لە هەموو شێوازەکانی دیکە.

"پرۆسێسی ئەنجامدانی چاپی نەویو دەکرێت دابەشبکرێت بەسەر دوو جۆردا: جۆری یەکەمیان بەبێ ترشەکان کاردەکەن و جۆری دووەمیان لەگەڵ ترشەکان کاردەکەن.

جۆری یەکەم بێ ترشەکان، ئامرازەکان بەکار دەهێنرێن راستەوخۆ بۆهەڵکۆڵین، برین، یاخود ڕوشاندنی پلێتە کانزاییەکان ئەم جۆرە تەکنیکانە لەخۆ دەگرێت هەڵکۆڵین وشک (Drypoint)، هەڵکۆڵین (Engraving) ،میزۆتین (Mezzotint)، کۆلۆگراف، فۆتۆکۆلۆگراف. لەتەکنیکی دوەمدا ترشەکان بەکار دەهێنرێن بۆهەڵکۆڵین لەو تەکنیکانەش، هەڵکۆڵین ئەرزیەی پتەوە (Hard Ground etching)، هەڵکۆڵین ئەرزیەی نەرم (Soft Ground etching)، ئەکوێنتین هتد."[2]

لێرەدا دەکرێت ئەوە بخەینە بەرچاو لەهەندێک لەکارەکاندا هونەرمەندان چەندین تەکنیکیان بەکارهێناوە لەناو یەک کاردا ئەمەشە ئەوە دەگەیەنێت کە، جارێکی دیکە هەردوو ڕێگاکە بەکارهاتووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردە هونەرییەکە ئەمەش شیاوە وەکو کارکردن لەژێر هەمان ڕێبازی چاپی نەویودا دەمێنێتەوە وەک تەکنیک.

"سەرەڕای بونی کۆمەڵێک تەکنیک و شێوازی چاپکردن کە، لە پێش سەدەی پانزەدا هەبوون، زۆر بەکەمی کاریان پێدەکرا، بۆماوەیەکی زۆر چاپکردن لەئاستێکدا مایەوە هەتا ئەوکاتەی کە، کاغەز بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆوە بەناو خەڵکدا و دەکرا بەردەست خەڵک بکەوێت، ئەمەش لەسەرەتای ١٣٩٠، بۆ یەکەم جار چەرخی کاغەز لە دروست کردن لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا کرایەوە. هەرلەم کاتانەشەوە چاپی تەختە گرنگی وەرگرت دوا بەدوای ئەو لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەدا چاپی نەویوە لەسەر پلێتە کانزاییەکان بە بەربڵاوی بەکار دەهێنران، دوو شێوازی چاپکردن هەبوو کە، ئەڵمانیەکان دایان هێنابوو."[3]

ڕۆڵی کاغەز بۆ چاپەمەنی ئەوگۆڕەپانیە کە، دەتوانێت هەموو تواناکانی خۆی تیدا بەدی بێنت وەک

١- Sacilotto, Deli Donald, Saff: Printmaking: History and Process, Capital city press, New jersey, 1978, Page 89

٢- covey,Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 60

٣- covey, Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 65

نێوەندێکی کارکردن هەڵبەتە پێش بوونی کاغەز چاپکردن هەبووە بەڵام، کاغەز بوە هۆی تەقاندنەوەی ئەو کەلێنە بچوکەی کە، چاپی گرافیکی کاری تێدا دەکرد.

"لە چل ساڵی یەکەمی چاپی نەویودا ستایلی کارکردنی هەمان ستایلی زەڕنگەرەکان بوو وە گرنگ ترین کارە هونەرییەکانی ئەوکاتە کە، بڵاو بوو بریتی بوو لە (Master of the playing card) هەروەها (Master ES) بوو."[1] بابەتە دینیەکان رۆڵێکی گەورەیان دەگێرا لە ناو نێوەندە هونەرییەکاندا لەو سەردەمانەدا.

"یەکەم چاپی هەڵکۆڵراو لەسەر کانزاکان کاری هونەرمەند (مارتن شۆنگۆرا) (Martin Schongaure) بوو لەساڵی ١٤٤٠ بۆ ١٤٩٤، کە، نیگارکێشێکی بەتوانای سەدەی پانزەی ئەڵمانیا بوو، کارەکانی بەوە دەناسرایەوە کە، هێڵەکانی دەربڕ و سێبەرەکانی ناسکە هەروەها لەکارەکانیا بەهێڵ فۆرمەلەی شێوەکان بەسەر پانتاییەکاندا دەگونجاند وە ئەم ستایلی کارکردنە لە ئەڵمانیا داهێنرا.

شێوازی کارکردنی وەرچەرخانی تێدا دەبینرێت لە ستایلی گوتییەوە (Gothic) بۆ سەربەخۆی بە بەرزتر لە هونەری رێنیسانسی باشور هەژموون دەکرێت، شۆنگۆرا کاریگەری تەواوی هەبوو بەسەر هونەرمەند ئەلبێرت دیۆرۆ."[2]

وێنەی ژمارە (١٢) کارێکی مارتین شۆنگۆرایە کە، لەژێر ناوی سۆزی مەسیح لەبەردەم جامدا ئەنجامی داوە.

هەر لەخانیە چاپی نەویو تەکنیکی هەڵکۆڵین (Engraving) لە ئیتاڵیا هاوشانی هونەرمەندە ئەڵمانییەکان کۆمەڵێک کاری ناوازە ئەنجامدراوە.

"لەدەرەوەی فلۆرەنسا کۆمەڵی هونەرمەندی کاری هەڵکۆڵینیان ئەنجامداوە لەئاستی بەرزدا لەوانە (ئەندریا مانتیگان) (Andrea Mantegan) و ئەنتۆنی پۆڵیلۆ (Antonio Pollaiuolo) هەرچەند ناوبانگی وەک وێنەکێشێک بڵاو بۆتەوە. مانتیگا هەوڵی خوێندنی جیهانی کۆنی دەکرد وە لە یەکێک لە کارەکانیدا کە، وەک لەوێنەی ژمارە (١٣) دیارە لەژێر ناوی (شەڕی خواوەندە ماسییەکانی دەریا) (The battle of the Sea Gods) دەتوانین بەڕوونی کاریگەری پەیکەرە دێرینەکان و دراسەی تەشریحی ببین بەسەر کارەکانیەوە."[3]



وێنەی ژمارە (١٢)



وێنەی ژمارە (١٣)

١- Griffiths, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996,P38

٢- Ross, John. Romano, Calare . Ross, Time: The complet Printmaker,Collier Macmillan Publishers, New York, 1990, Page 66.

٣- Sacilotto, Deli Saff , Donald: Printmaking: History and Process, Capital city press, New jersey, 1978, Page 93

قۆناغێکی دیکەی چاپکردن لەچاپی تەختەدا لەلای ئەلبێرتۆ دیۆرۆ.

"لەنێوان هەموو وێنەکێش و چاپەکەرەکاندا لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەو سەرەتاکانی سەدەی شانزەدا، دێۆرۆ (١٤٧١-١٥٢٨) بەناوبانگتری هونەرمەندە بێت.

ئەلبێرتۆ دیۆرۆ شارەزای تەواوی هەبوو لە چاپی تەختە، هەڵکۆڵین، هەڵکۆڵین بەترش، هەڵکۆڵین بە ئامرازی بێ ترشەکان بە وشکی. ئەم هونەرمەندە ئەڵمانیە رەنگی ئاوی داهێنا، رەنگی زەیتی بەکاردەهێنا لەکارەکانیا لەزۆبەی میدیاکاندا کاری دەکرد یەکەم هونەرمەندبێ بە ئەزموون بوو کە، هەڵکۆڵین لەرێگەی ترشەکانەوە ئەنجامدا تەنها شەش جار ئیتچینی بەکارهێناوە، زیاتر ئاسنی بەکار دەهێنا بۆ چاپکردن، لەهەندێک لە هەڵکۆڵینەکانیدا ئیتچینی بەکاردەهێنا پاشان بۆ تەواوکردنی کارەکە بورین (Burin) (ئامرزێکی تیژە لە ستیل دروست کراوە بۆ حەفرکردن لەسەر کانزاو تەختە) بەکار دەهێنا."[١]

هاو شێوەی ئەڵمانییەکان فەرەنسییەکان لەسەدی ١٧ دا کۆمەڵێک کاری ناوازەیان چاپکردن.

"هونەری هەڵکۆڵینی هێڵ وەک تەکنیک بڵاو بۆوە بەناو هونەرمەندناندا لەلایەن (گۆڵتیزۆوە) (Goltzius)، دوا بەدوای ئەم ستایلە بەتەواوی لە فەرەنسادا ئەم شێوازە بەیەکگرتووی مایەوە نەوە لەدوای نەوە پەیرەوی ئەم هێلانەیان دەکرد بەتایبەتی ئەوانەی شارەزای تەواوی هەڵکۆڵینیان هەبوو، یەکێک لەهەرە بەهرەدار ترینەکان (کلاود میلان) (Claude Mellan)بو. کلاود میلان لە کارەکانیدا پشت بەهێلی چەماوە دەبەستێت بۆ دروستکردنی فۆرمەکانی، میلان لەناو کردە هونەریەکانیا زۆر بەدەگمەن خاڵ بەکار دەهێنێت یاخو دوبارە پیاچونەوە، بۆ دروستکرنی تۆنی جیاواز سوود لە هێلە تەریبە نەپچڕاوەکان دەبینێت."[٢] نمونەی هەردوو هونەرمەند لە وێنەی ژمارە (١٤-١٥) شێوازی کارکردننیان دەردەخات.



وێنەی ژمارە (١٥)



وێنەی ژمارە (١٤)

١- Ross, John. Romano, Calare . Ross, Time: The complet Printmaker,Collier Macmillan Publishers, New York, 1990, Page 68.

٢- Sacilotto, Deli, Saff , Donald: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 98


وێنەی ژمارە (١٦)

ئیتچین (Etching) تەکنیکێکی دیکەی چاپی گرافیکە زۆرێک لە هونەرمەندەکان کاریان پێکردووە بەگرنگترین تەکنیکی چاپی نەویو هەژمار دەکرێت.

لە ئیتاڵیا، "مارک ئەنتۆنی (Marcantonio) هەندێک جار کاری لەسەر ئیتچین دەکرد لە نێوەندی چاکردنەکانیدا، بەڵام، بۆیەکەم جار کە، بەشێوەیەکی راستەقینە و بەبایەخەوە کاری لەسەر بکرێت هونەرمەند فرانسیسکۆ مازۆلا (Francesco Mazzola) بوو کە، بە پارمەجینیۆ (Parmiginaino) ناوزەند دەکرا لە نێوانی (١٥٠٣-١٥٤٠)، بەوە جیادەکرێتەوە کە، یەکەم نیگارکێش کاری ئیتچینی ئەنجامداوە کە، لەڕاستیدا خۆی بەپلەی یەکەم، وێنە کێشە یەکەم کاری دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاسی ساڵەکانی ١٥٢٠، ئەم هونەرمەندە بەسەر پەرشتی خۆی زۆرێک لە هێڵکارییەکانی بەڕێگەی چاپی نەویو چاپکردەوە."[1] هەروەک لە وێنەی ژمارە (١٦) دا دیارە.

هەر لەنێوەندی هەڵکۆڵین لەڕێگەی ترشەکانەوە هونەرمەند ڕامبراند (Rembrandt)یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە، کۆمەڵێک کاری ناوازەی ئەنجامداوە نوسەر دۆناڵد ساف لە کتێبی (History and process printmakaing) بەم شێوەیە باس لە ئەم هونەرمەندە دەکات، "بەدەر لەهەموو شتێک، باشترین و شارەزاترینی ناو بەکار هێنەرانی هەڵکۆڵین بەترش بۆ هەموو سەدەکان ڕامبراند بوو. رامبرانت خاوەنی کۆنسێپتێکی بینەی تایبەت بەخۆی بوو، هەرچەندە زۆرینەی کاتەکانی لەسەر پالێتەکەی بوو، کۆتا دەرئەنجامیشی لەسەر هێلکاری دەمێنێتەوە، دەربڕینەکانی راستەوخۆیە و پەیوەندی بەڕوکەشەکەوەی "کۆتای"نییە.


وێنەی ژمارە (١٧)

هەرچەند ڕامبراند بە پلەی یەکەم وەک نیگارکێشێک ناسراوە، لەنوی کارەکانی ئەم هونەرمەندە دا زیاتر لە ٣٠٠ کاری چاپی هەیە، وە زۆریەنەیان هەڵکۆڵینی ترش و هەڵکۆڵینی وشکە.[2]

وێنەی ژمارە (١٧) یەکێکە لەکارەکانی هونەرم ڕامبراند کە، لەڕێگەی هەڵکۆڵین بەترش و بەکاری هێنانی روناکی مۆم ئەنجامی داوە وەهێڵکاری خودی هونەمەند خۆیەتی.

"هەڵکۆڵینی وشک (Drypoint) لەلایەن شارەزا هاوسبووک* (Housebook Master) داهێنراوە کە، ساناترین ڕێگای هەڵکۆڵینی تەکنیکی چاپی نەویوە کە،

١- Griffiths. Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996, P62

٢- Saff, Donald Sacilotto, Deli: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 100

* ئەم ناوە بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهێنرا کە، چاپیاند دەکرد و وێنەیان دەکێشا لەسەدەید شانزەد لە باشوری ئەڵمانیا. سەرچاوە:
Landau, David & Peter, Parshall: The Renaissance Print, Yale, 1996

ئامێرێک تیژ بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵکۆڵینی هێڵ لەسەر ڕووکاری پارچە کانزاکان بە ڕاستەوخۆیی."(١)

زۆرێک لە هونەرمەندان ئەم تەکنیکەیان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی کردە هونەرییەکانیان زۆر بەسەرکەوتی لەوانە مارک شاگاڵ (Marc Chagall) و خوان میرۆ (Joan Miro) ، پابلۆ بیکاسۆ (Pablo Picasso)، هەروەها هونەرمەندێکی کەنەدی بەناوی دەیڤید میلان (David Milne) کە، لەڕێگەی هەڵکۆڵینی وشکەوە بە بەکارهێنانی چەند پلێتێکی جیاواز کە، هەریەکەیان ڕەنگێک هەڵدەگرێت یەکەم چاپی ڕەنگی بەم شێوازە ئەنجام دا.

هاوشێوەی تەکنیکەکانی دیکە و هەر لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەدا "سەرباز ێکی ئەڵمانی بەناوی لودفغ فون زیغن (Ludwing von Siegen) تەکنیکی هەڵکۆڵینی سێبەری (Mezzontint) داهێنا لەساڵی ١٦٢٤ ئەم تەکنیکە لەسەر دەستی هونەرمەندێکی بیانی بەناوی جی. ئێم. دبلیو تیرنر (١٧٧٥-١٨٥٤) هەروەها جۆن کۆنستابڵ لە ساڵی (١٧٧٦-١٨٣٧) چووە ناو پرۆسێسی دەربڕینی کاردە هونەرییەکانەوە."(٢)

هەر یەک لەم نێوەندانەی چاپکردن کۆمەڵێک هونەرمەند برەوی پێدەدەن و کاری تێدا دەکەن هەندێک جار زۆرینەی تەکنیکەکان بەکاردەهێنن بەپێی ئەو کارەی کە، هەڵیدەبژێرن.

"لەم تەکنیکەدا ئەو تێکسچەرەی دروست دەکرێت لەسەر پلێتە کانزاییەکان یاخود ئەوخاڵانەی لەسەر ڕووکاری پلێتەکە دروستدەکرێن لەتاریکیەوە بەرەو روناکی دەڕوات نەک لە ڕوناکیەوە بەرەوە تاریکی، هاوشێوەی ئەم هەڵکۆڵینی سێبەر لە ئەمڕۆدا"(٣)

مێژووی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە گرنگی خۆیان هەبووە هەندێک لەسەر چاوە مێژوویەکان گرنگی دەدەن بەو ناوانەی کە، کاریان لەسەر ئەم تەکنیکە کردووە هەروەها شایستەی باس کردنە هەروەک "(Liber Studiorum) پێکهاتەی کۆمەڵێک کاری چاپە کە، لەلاینە تێرنەروە J.M.W Turner لە ساڵەکانی ١٨٠٧ بۆە ١٨١٩ دا بڵاو کراوەتەوە، کە، دەرهاویشتیە بینگەی بۆ دروستکردنی دیمەنە سروشتییەکانی سروشت."(٤)

هەر ئەمەش وای کردووە کە، تێرنەر وەک نموونەکی بەکارهێنەری ئەم تەکنیکە بە زیندوی بمێنێتەوە لەناو دەقە مێژوویەکاندا هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کردە هونەرییەکانی.

دوا بەدوای هەڵکۆڵین لەڕێگەی ترشەکانەوە ڕێگەیەکی دیکە شانبەشانی (Etching) بەکار دەهێنرا، "تێکسچەری ئاوی (Aquatint) هەڵکۆڵینی قوڵە لەسەر کانزاکان لەڕێگەی ترشەکانەوە لە سەدەی هەژدە دا بەکار هێنرا هۆکاری ئەم ناولێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامەکەی کە، هاوشێوەی ڕەنگی ئاوییە، سەرەتا جان دیڤادی (Jan De Vladi) بەکاریهێنا هەر لەسەدی هەژدەدا کۆمەڵێک هونەرمەندی وەک فەرەنسییەکان و ئنگلیزەکان کاریان پێکرد، ئاکوێتنت و ئیتچین لەلاینە

١- Sylvie covey, Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 69

٢- رافع الناصري، فن لغرافيک المعاصر، دار لفارس ، عمان ١٩٩٧، ص ٣٠

٣- Ross, John. Romano, Calare . Ross, Time: The complet Printmaker,Collier Macmillan Publishers, New York, 1990, Page 70.

٤- Griffiths, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996, P87

(گۆیا)وە پێکەوە کاریان پێکرا و لە دەرهاویشتەی کردە هونەرییەکانی گۆیا کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەربڕین خوازی نوێی لەخۆگرت"[١]

لە ناو چاپی نەویودا کۆمەڵێک چاپی دیکە کراون و لاوەکین یاخود خودی هونەرمەندان گرنگیان پێداوە و کەسی بوە و هەندێکیان لەڕووی مێژووییەوە وەکو بەکارهێنانیش برەوەی پێنەدراوە.

گومان لەوەدا نیە مێژووی ئەم هونەرە زۆر لەمە زیاترە کە، لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە تەنها ئامانجمان نیشاندانی کاراکردنی تەکنیکی نوێ و فراوان بوونی پانتای کارکردنە کە، لەمێژووی چاپی گرافیکدا ڕوویان داوە، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە کە، کۆی مێژووی چاپی گرافیکی بەسەر سێ هێڵی جیاوازدا دابەش دەبێت کە، لەڕێگەی تەکنیکە جیاوازەکانیاوە جودا دەکرێتەوە، چاپی ڕێک یاخود ئاست ڕێک (Non Raised Surface Printing)شێوازێکی دیکەی چاپی گرافیکیە کە، جیاواز لەهەر دوو تەکنیکی پێشووتر کە، پرۆسەی چاپکردنی تێدا ئەنجام دەدرێت.

لیتۆگراف (Lithography) "بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٩٨ بەکار هێنارا لە لایەن ئالویس سینفیلدەر (Alois Senefelder)"[٢] کە، داهێنەری ئەم تەکنیکەیە لە کتێبی (The invention of lithography)دا چیرۆکی ئەم داهێنانەوە ژیانی خۆی تێدا نوسیوە لە ساڵی ١٨١٤دا.

"کاتێک کە، لیتۆگراف دۆزرایەوە لە میونغ لە لایەن ئالیوسەوە سینفیلدەر، بەتەواوەی ئەم شێوازی چاپکردنە تازەبوو لەهەموو چاپەکەنی دیکەی پێش خۆی کە، لە سەدەی پانزەوە کاریان پێدەکرا. ئالیوس سینفیلدەر خودی خۆی ئەم تەکنیکەی داهێنا بۆ چاپی موزیک کە، هەرزانتر دەکەوت لە چاپی نەویو، دواتر بۆی دەرکەوت کە، بۆ کاری دیکەش وەک لایەنی بازرگانی بەکاری بهێنێت و هەوڵیدا لە ئەورپادا بڵاوی بکاتەوە."[٣]

سینفیلدەر "وەک ڕابەرێک بۆ داهێنانەکەی خۆی کاری دەکرد. لە ساڵی ١٨٠٠ دا سەردانی لەندەنی کرد تاکو داهێنانکەی پەرەبسەنێت، هەرلەوێ هاوەڵێکی بەناوی فلیپ ئاندری بیرۆکەیەکی نایابی پێدا کە، هاوبەشی بکات بە هونەرمەندێکی بە ئەزموون کە، هێلکاری لەسەر بەردەکەی ئەنجام بدات، دەرئەنجامەکەشی بە زنجیرەیەک کار کۆتای هات لەژێر ناوی (Specimens of Polyautograph) کە، لە ١٨٠١ بۆ ١٨٠٧ بڵاو بۆوە.

یەکەم هونەرمەند کە، ئەم تەکنیکەی بەکار هێنا (Benjamin West) بوو هەموو لایەنەکانی ئەم تەکنیکەی بەڕوونی دەرخست.[٤]

وێنەی ژمارە (١٨) یەکەم کاری (وێست)ە لەسەر بەردی لیتۆگراف هێڵکارییەکەی کێشاوە.

ئەم تەکنیکە بە زۆرینەی ناوچەکاندا بڵاو بۆوە و وە زۆرێک لە هونەرمەندان بەکاریان هێنا وەک تەکنیکێکی چاپکردن بۆ کردە هونەرییەکانیان.

١- عبد الكريم فرج، هەمان سەرچاوەی پێشووتر. ل٢٠

٢- Senfelder, Alois: The invention of lithography. Translated . J.W. Muller.New yourk ١٩٩١ Page ١٧

٣- Griffiths,Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996, P 104

٤- Saff, Donald, Sacilotto, Deli: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 184


وێنەی ژمارە (١٨)

"ڕاستەوخۆ نواندی لیتۆگراف و توانی دەرخستنی هێڵی هێڵکاری و دەرخستنی پانتیی فڵچەکان لەسەر ڕووکارە بەردینەکە ئەمە وایکرد ببێتە ئەوە نێوەندەی کە، زۆرێک لە هونەرمەندان کاری تێدا بکەن، لەوانەش ئێدوار مانێ ١٨٣٢ کە، بۆماوەی چوار ساڵ ئەم تەکنیکەی بەکارهێنا، هەروەها پاولۆ سێزان، ئێدگارد دیگا، هێنری فانتن، لاتۆر، کامیڵ پیسارۆ.[١] زۆرێک لەم هونەرمەندانە نێوەندی کارکردنیان وێنەکێشان بووە گرنگی تەواویشیان داوە بە تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی.

لەنێو هەموو تەکنیکەکانی چاپی گرافیکدا تازەترین و ساناترینیان (Serigraphy)چاپی سکرین (Screen Printing) "کورت ترین مێژووی هەیە لەناو تەکنیکەکانی دیکەی چاپی گرافیکدا، سەرەڕای ئەمەش تاکۆ ئێستا ناڕونیەک دەبینرێت لە سەرەتاکەیدا گومان لەوەشدا نیە کە، سکرین زۆر بەسانی ستێنسڵە کە، لەزۆربەی ناوچە جیاوازەکانی دونیادا کاری پێکراوە، بەڵام، لە هەمویان نزیکتر ئەو کارانەیە کە، چینیەکان کردوویانە لەگەڵ یابانییەکان لە نێوان ساڵانی ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ دابوو بەکاریان دەهێنا بۆ چاپکردن لەسەر قوماش"[٢]

تەکنیکی کارکردن لە نێوانی ستێنسل و سکریندا هەمان پرۆسەیە تەنیا ماتریاڵی بەکار هاتوو جودایان دەکاتەوە.

"تازەترین توێژینەوەکان لەسەر سکرین دەریدەخەن کە، چارلیس نێڵسۆن (Charles Nelson) لە میشیگان داهێنانی هەموو لایەنەکانی سکرینی کردوە کە، لەئێستادا بەکاردەهێنرێت لە ساڵی ١٨٨٧. سەرەتا بەکار دەهێنرا بۆ دروستکردنی پۆستەر و کارتۆن و لەیبڵ و بابەتە بڵاوکراوەییەکان، ئەو وێنانەی کە، لەڕێگەی ستێنسڵەوە دروست دەکران لە دەوروبەری ١٩١٦دا بوو.

لە سەرەتاکانی سەدەی پێشوو بەوە جیادەبێتەوە کە، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست تێیدا وەستا، بێجگەل لە چاپی سکرین کە، ئەبستراک ئێکسپرێشنیم کاری خۆی دەکرد لە لای جاکسۆن پۆڵۆک و دواتریش تا کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە کاریان پێکرد."[٣]

وێنەی ژمارە (١٩) کاری جاکسۆن پۆڵۆکە کە، چاپی سکرینە.

سکرین بەهۆی سانایی و کەمێ تێچونی دەرهاویشتەکانی لەدوای بەکارهێنانی هۆکارێکی

١- Covey, Sylvie Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 172

٢- Mathilda V. ,Silk-screen Printing for Artists & Craftsmen Nostrand Reinhold Co. New york, 1970, page 9

٣- Griffiths, Antony Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996, P 110

گرنگ بوو بۆ زوو بڵاو بونەوەی لە ناو هونەرمەندانداا.

"چاپی ئاوریشمی یەکێکە لە تەکنیکەکانی هونەری Pop-Art کە، بە ئەوپەڕی ئازادی کاردەکات، بەناوبانگترین ئەو هونەرمەندانەی کە، کاریان بەسکرین کردووە لەبەرهەمە هونەرییەکانیانداAndy worhol هونەرمەندێکی ئەمریکیە."[١]

وەک لەوێنەی ژمارە (٢٠)دا دیارە کاری هونەمەند ئەندی وارهۆڵ کە، بەتەکنیکی سکرین چاپکراوە. ڕەنگە وەک کردەی هونەری لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئاراستە هونەرییەکان زۆر بەفراوانی لەڕووی کۆنسێپت و تەکنیکەوە گۆڕان وەک نێوەندی چاپی گرافیکی بەدەر نییە لەم لێشاوە گۆران کارییە کە، بەر لێشاوی کۆمەڵێک داهێنانی ناوازەی سەدەی بیست کەوت کە، تەکنەلۆژیا باڵی بەسەر هەموو کایە هونەرییەکاندا کێشاوە ئێرە ئەو خاڵە مێژووییەیە کە، پێم وایە پێویستە وەک مێژووی گرافیک ئاماژەی پێبکرێت، دوای ئەمەش قۆناغێکی دیکەی چاپکردن دێتە کایەوە.



وێنەی ژمارە (١٩)



وێنەی ژمارە (٢٠)

١- عبدالكريم فرج. فن الحفر ولطباعة في أوربا في القرن العشرين. سوريا-دمشق. ٢٠٠٨، ص٣١٠.

## توێژگەی دووەم:

### شێواز و تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی:

تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی ڕێگەیەکی هونەریانەیە کە، دەکرێت کردەیەکی هونەری زۆر سانا یاخود زۆر ئاڵوز ئەنجام بدرێت هەروەها ڕوبەری کارکردن تێیدا زۆر بەرفراوانە بەڕادیەک کە، دەکرێت لەهەر بەشێکیدا تایبەتمەندی وەربگریت، هەموو ئەو هەنگاوانەش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردەیەکی هونەرییە.

لەم توێژەگەیەدا جەخت دەکەینە سەر تەکنیکەکانی گرافیک و شێوازی کارکردنیان، بە تێڕوانین بۆ مێژووی چاپکردن و سەرچاوە مێژووی و تەکنیکیەکانی گرافیک، زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەم هونەر پلە بەند دەکەن بەسەر چەند شێوازێکدا یاخوود لەژێر ڕکێفی شێوازەکانی چاپکردندا پۆلێنیان دەکەن تاوەکو بە ساناترین شێواز تەکنیکەکان جودا بکرێنەوە بتوانین ڕاڤەیان بکەین، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە، چۆن قۆناغەکانی پەرەسەند و داهێنانە نوێیەکان پۆلێن دەکرێن لە ناو ئەم هونەرەدا، هەروەها دەرگایەکی دیکە والآ دەکات بۆ هونەرمەندان لەکوێی ئەم هونەرەدا کار بکەن و چی تەکنیکێک لەگەڵ کارەکانیدا باشتر هەماهەنگە بۆ کارکردن دەرفەتی تێگەیشتن زیاتر دەکات بۆ بەکار هێنەرانی تەکنیکەکانی چاپی گرافیکی.

### چاپی گرافیکی چییە؟

دۆرتین ئیلیشا (Dorit Elisha) لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی چاپی گرافیکی دەکات "چاپکردن بریتیە لە گواستنەوەی وێنەیەک لە قاڵبێکی ئامادەکراوە بۆ سەر ڕوکارێکی دیکە لەگەڵ توانای دوبارە ئەنجام دانەوەی هەمان پرۆسە، واتا کاتێک دیزاینەکە یاخود وێنەیەک ئەنجامدەدرێت دەتوانیت چاپی بکەییت بۆ چەند جارێک لەسەر ڕووکاری کاغەز، قوماش، تەختە، هتد.. بەبەکاری هێنانی هەندێک مرەکەب و چەند ئامرازێکی دیکە.

هەروەها بۆ وەدیهێنای بینەییەکەی جیاواز لە دەرئەنجامەکانی دەتوانیت ماتریاڵ و تەکنیکی جیاواز کارا بکەینە ناو ئەم نێوەندە."[١]

فرە ڕەهەندی و بەرفراوانی چاپی گرافیک وایکردوو کە، شیکردنەوە و پێناسەی جیاجیا هەڵدەگرێت بۆ ئەم هونەرە کەڕەنگە لە دید و تێڕوانینی هەموو هونەرمەندەکاندا هاوشێوەبن و لەسەر چەند خاڵیکی جەوهەری کۆکبن .

چاپی گرافیکی"پرۆسەیەکی میکانیکیە کە، لەڕێگەیەوە هونەرمەند دەتوانێت چەند جارێک هێڵکاریەکەی کێشراو دوبارە بکاتەوە ئەوکردە هونەرییەی ئەنجامدەدرێت دەکرێت لە یەک کۆپی زیاتربێت هەموو چاپەکانیش بە ئۆریجناڵ ئەژمار بکرێت."[٢]

ئەم ڕوانینە سانایە دەروازەیەک بۆ ڕونکردنەوەی تەکنیکەکان و ئامانجەکانی پرۆسەی چاپکردنەکە سەرەڕای هەندێک لە تایبەتمەندیکانی چاپکردن کە، دەبێت زیاتر سانا بکرێنەوە تاکو لە کارو

---

١- Elisha, Dorit: Printmaking + Mixed Media, Interweave Press, China, 2009, P9

٢- Dickerson, Madelynn: The handy art History answer book,Visible ink Press, United States, 2013, page 6

فەرمانیان تێبگەین و مامەڵەی دروستیان لەگەڵدا بکرێت.

"دروستکردنی قاڵب و چۆنیەتی دروستبونی کۆنسێپتی قاڵبە چاپکراوەکان. قاڵب (Matrix) بریتییە لە پارچەیەک پلێت یاخود قەبارەیەکە، بەردێک، ستێنسڵێک و هەر بابەتێک کە، ببێتە هەڵگری وێنەیەک یاخود دیزاینێک کە، لە کۆتایدا چاپ دەبێتە سەر ڕوکارێکی دیکە[1] دروستکردنی ئەم قاڵبانەش کاتێکی زۆری دەوێت و لە تەکنیکێکەوە بۆ تەکنیکێکی دیکەش دەگۆڕێت.


## ڕێگەکانی چاپی گرافیکی:

چوار ڕێگەی سەرەکەیمان هەیە بۆ دروستکردنی ڕووکاری چاپکردن، هەر ڕێگەیەک لەم ڕێگەیانە چەند تەکنیکێک لە خۆ دەگرێت کە، لە ژێر چەتری شێوازە سەرەکییەکەدا کۆدەبنەوە هەمان بنەمای کارکردن بەکاردەهێنن، لەوانە (چاپی ڕوبەرز، چاپی نەویو، چاپی پلانۆگرافیک، ستێنسڵ).

بۆ جودا کردنەوە و ناساندی ئەم ڕێگەیانە هەریەکەیان لەخانەی خۆیدا باس دەکەین، هۆکارەکەشی دەگێڕینەوە بۆ زۆری تەکنیک و ماتریاڵی بەکارهاتوو لە ناو پرۆسەی بەئەنجام گەیاندنی چاپدا، گرنگە لێرەدا ئاماژە بەخاڵێک بکەین کە، تەنها ڕێگە گشتیەکان ماتریاڵە سەرەکییەکان بۆ چاپ ئاماژەی پێدەرێت، ناتوانی هەموو لایەنەکانی بەوردی ڕاڤە بکەین لەبەر زۆری تەکنیک و ماتریاڵەکان.

### ١-چاپی ڕوبەرز (Relief Printing)

ئەم زاراوەیە لە چاپی گرافیکیدا بەکاردەهێنرێت بۆ ناساندنی ئەو ڕێگەیانەی کە، چاپەکەی پێ ئەنجامدەدرێت، کە، چۆن قاڵبەکان و دیزاینەکان ئامادە دەکرێن، هەروەها چۆنیەتی ئامادەکردنی وێنەسەرەتاییەکان و قاڵبەکانیان، هەروەها چۆن ئەم پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت و دوبارەش دەکرێتەوە. چاپی ڕوبەرز لە بەشە بەرزەکانی قاڵبەکانەوە دروست دەبێت، واتا ئەو بەشەی کە، چاپەکە ئەنجام دەدات هەڵگری دیزاین و هێڵکارییەکانە ئەوبەشی کە، نەخوازراوە هەڵدەکۆڵرێت و لێرەشەوە لەڕێگەی بەشە ڕەنگکراوەکان دەربڕینەکە دەگوێزێتەوە بۆ سەر ڕووکارە چاپکراوەکە.[2] وێنەی ژمارە (٢١) شێوازی چاپی ڕوبەرزە لەڕوەی چۆنێتی گواستنەوەی ئاستی چاپکراوە.



وێنەی ژمارە (٢١)

١- Fick, Bill & Grabowski, Beth: Printmaking a complet guide to Materials & processes.L Laurence King Publishing, London. 2015. Page 8

٢-White, Lucy Mueller: Printmaking as Therapy, Jessica Kingsley Publishers Ltd. United Kingdom, 2002, page 63

لەچاپی ڕوبەرز باس لە شێواز چاپکردن دەکەین کە، بەکار دەهێنرێن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی چاپکردن ئەوانیش بریتین لەمانەی لای خارەوە:

**ا- هەڵکۆڵینی تەختە (هەڵکۆڵین لەباری درێژی)** (woodcut) .

**ب- لێگرتنی تەختە (هەڵکۆڵین لە باری پانی)** (Wood engraving).

**ج- هەڵکۆڵینی لینیۆ** (Linocut).

**ا- هەڵکۆڵینی تەختە** (Woodcut).

بڕین لەسەر تەختە "یەکێک لە هەرە ڕێگە کۆنەکانی چاپکردن، پارچەیەک تەختەی پتەوە بەکاردەهێنرێت، قاڵبێکی لێ دروست دەکرێت و دیزاینەکەی لەسەر هەڵدەکۆڵرێت بەشە زیادەکان لێدەکرێتەوە"[١]

"کارە هونەرییەکان هەندێک جار ڕاستەوخۆ لەسەر قاڵبە تەختەییەکان دەکرێن، یاخود لەسەر کاغەزێک هێڵکارییەکە ئامادە دەکرێت پاشان لەڕێگەی کەتیرەوە ڕاستەخۆ بە قاڵبە تەختیەییەکەوە دەلکێنرێت، پاشان هەڵدەکۆڵرێت لەڕێگەی ئامێرێکەوە دەست دەکات بە هەڵکۆڵینی ڕووکاری تەختەکە هەموو ڕووەکە هەڵدەکۆڵیت جگە لەو ناوچانەی کە، هێڵ و دیزان یاخود وێنکەی لەخۆ گرتووە. دەکرێت شفرەی گەورە بەکار بهێنرێت بۆ لێکردنەوەی بەشە گەورەکان کە، دەکرێت لاببرێن"[٢]

هەڵکۆڵین لەسەر تەختە کارێکی هێندە ئاسان و سانا نییە و پێویستی بە ئەزمونێکی باش هەیە کە، پراکتیزەی ئەمێرەکان و جۆرەکانی تەختەی کردەبێت تاوەک بتوانێت بە باشی مامەڵەی هەڵکۆڵینەکان بکات، لەم تەکنیکەدا تەختەکان لەبار درێژی بڕدراون دەکرێت قاڵبەکانیان گەورەبێت.

"لەدوای هەڵکۆڵینی هەموو ئەوناوچانەی کە، لەناو کارە ئامادەکراوەکەدان نیە تەنها ئەوناوچانە بە بەرزی دەمێننە کە، ئامانجی کارەکەیە، پاشان ڕەنگ بەسەر ئەوناوچانەدا دەکرێت لە ڕیگەی ڕۆڵەیەکەوە کە، هەڵنەکۆڵراون و ڕەنگ وەردەگرن ئەو ناوچانەش کە، هەڵکۆڵراون ڕەنگ وەرناگرێت پاشان چاپەکە دەکرێت. ئەو شوێنانەی کە، ڕەش دەبێت لە چاپەکەدا جار بەجار تێرتر دەبێت لەڕەنگ و ئەوناوچانەش کە، سپین ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە، هەڵکۆڵراون، لێرەدا دەبێت هەڵکۆڵەر زۆر بەئاگابێت لە کردنی هەر هەڵەیەک دەبێتە هۆی لەناو بردنی کارەکە هۆکارەکەشی بۆ گرانی چاکردنەوەی یاخود دوبارە دروستکردنەوەی ئەو کارەی دەوێتدەوێتەوە"[٣]

زیاتر لەرەنگێک لەچاپکردندا "هەڵکۆڵەری قاڵبە تەختەییەکان بۆ بەکارهێنانی زیاتر لە ڕەنگێک چەند قاڵبێک بەکار دەهێنێت و هەر ڕەنگە و قاڵبی هەڵکۆڵراوی خۆی هەیە لەڕێگەی هێمایەکەوە هەموو قاڵبەکان سەر یەک دەخەنەوە تاکو دەرچوون نەبێت لە دیزاین ئامادەکراوەکە"[٤]

١-Fuqa, Antonella: Artists, Techniques and Materials, Getty Publications, United Stateso of America, 2006, page 56

٢- Griffiths, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum,1996,P13

٣- Covey, Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 31

٤- Frank, Patrick: Prebles artforms, Eleventh Editionn,Artists Rights Society, New yourk, 2014, Page 130

لە وێنەی ژمارە (٢٢) تەواوی هەنگاوەکانی ئەم تەکنیکە لەخۆ دەگرێت لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە تاکۆ کۆتا کە، دەر ئەنجامەکەی وێنە چاپکراوەکەیە.




وێنەی ژمارە (٢٢)

## ب- هەڵکۆڵینی تەختە (Wood engravings).

حەفەرکردنی تەختە لە ڕوکەشدا هاوشێوەی هەڵکۆڵینی تەختەیە کە، پێشتر ئاماژەی پێکراوە، ئەم شێوازە "لە کۆتای سەدەی هەژدەدا دۆزرایەوە کاری پێکرا لەڕووی کارکردنەوە دەرئەنجامەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵکۆڵیندا، جیاواز لە هەڵکۆڵین ئەو بلۆکە تەختانەی لێرەدا بەکاردهێنرێن ڕەقتر و بچوکترن لەباری پانی لە تەختەکان دەبڕدرێن زیاتر هەڵگری ڕیشاڵی تەختەین هەروەها ئەو ئامرازانەی کە، لێرەدا بەکاردەهێنرێت جیاوازن پتەو تر و تیژترن ڕووکاری قاڵبەکان حەفر دەکرێت."[١]

بەکارهێنانی تەختەی پتەو لەم تەکنیکەدا "بۆ دەرخستنی هێلکاری تەوایی دیزاینەکەو وردەکاری هێڵەکانە کە، لەکارەکەدا ئەنجامدراوە"[٢] ئەمەش وادەکات توانای دەرخستنی وردەکاری زیاتری هەبێت لە (Woodcut). "پتەوی ئەوقالبە تەختەییانەی کە، بەکاردەهێنرێت بۆ چاپکردن وایکردووە ئامرازی تایبەت بۆ بەکار بهێنرێت هاوشێوەی ئەو ئامرازانەی بۆ هەڵکۆڵینی کانزاکان بەکاردەهێنرێت، هەندێک لە هونەرمەندان تەنانەت ئامرازەکانی هەڵکۆڵینی کانزاکان بەکار دەهێن کە، گۆشی تیژییەکەیان ٣٠ بۆ ٤٥ پلەیە لە بەری ئامێرە نوک تیژەکان، ئامرازەکان بەگۆشەی یاخود چەماوەی دروست کراون تاکو لە کاتی هەڵکۆڵیندا بە کەمترین شێوە بەر ڕوکاری قاڵبە تەختەییەکان بکەون. ئامرازە جیاوازەکانیش کە، بونیاد نراون بەتایبەت بۆ هێڵی جودا جوداو تێکسچەری جیاواز کراون."[٣]

دەرئەنجامی کاری هەرکردەیەکی هونەری لە نێوان هەڵکۆڵین و لێکردنەوە Woodcut لە گەڵ هەڵکۆڵین Wood Engraving دەچنەوە ژێر چەتری چاپی رووبەرز ریلیف وەک لە زنجیرە وێنەی ژمارە (٢٣) دیارە شێوای کارکردنە تەکنیک هەڵکۆڵینی تەختەیە.



وێنەی ژمارە (٢٣)

١- Linton, Wiliam James: Wood Engraving, a manual, London,1884, P 29

٢- رافع الناصري، فن لغرافيک المعاصر، دار لفارس ، عمان ١٩٩٧، ص ٢٠

٣- Fick, Bill & Grabowski, Beth: Printmaking a complet guide to Materials & processes.L Laurence King Publishing, London. 2015. Page 90

* بەکارهێنانی وێنە ڕونکاریەکان لە سەرچاوە بیانیەکانەوە دەگێرمەوە بۆ نەبونی ستۆدێۆیکەی گرافیکی باش کە، هەموو ماتریاڵ و پێداویستیەکانی ئەم توێژینەوەی تێدابێت تاکو بتوانم خۆم پرۆسەکە ئەنجام بدەم و وێنەیان بگرم ناچار پەنام بردۆتە بەر وێنەی وەر گیراو لەسەر چاوکانی چاپی گرافیکی.

## ج- هەڵکۆڵینی لاینۆ (Linocuts).

چاپی لاینۆ "ڕێگەیەکەی دیکەی چاپی روبەرزە کە، تێیدا ئەو ناوچانەی وێنەی تیدا نیە هەڵدەکۆڵرێت و لێدەکرێتەوە تەنها ئەو ناوچانە دەمێنێتەوە کە، هێلکاری وێنە کێشراوەکەی تێدایە"[١] ماتریاڵی بەکارهاتوو لەم چاپەدا لە داهێنانەکانی سەدەی بیستە. "بە بەربڵاوترین شێوازی چاپکردن دادەنرێت لە بەکارهێنانیدا، ئەم تەکنیکە بەهۆی دەرئەنجامە ڕەنگاو رەنگەکان و وێنە ڕاستەوخۆکانی لەکاتی کارکردندان وایکردووە بەکارهێنەری زۆربێت، لەم چاپەدا ئەوناوچانە لادەبرێن کە، لە دیزاینەکەدا نییەو ئەوناوچانە چاپدەکرێت کە، بەرزن و ڕەنگ دەگرنەخۆیان. ئەم ماتریاڵە زۆر بەئاسانی و بەقەبارەی جیاجیا دەست دەکەوێت، ڕووکارەکەی ڕەنگکراوە بە ئەستوری تا ٤ ملیم بەردەست.

ئەو ئامرازانەی کە، بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵکۆڵینی زۆر تیژن و لە شێوەی حەرفی (UیاخودV) ئنگلیزیدایە بۆ هەڵکەندنی ڕووکاری لاینۆکە"[٢] پێکهاتەی لاینۆ وەک ماتریاڵ "لاینۆ بەکاردەهێنرێت وەک ڕاخرێکی ئەرزی کە، لە ئاوێتەی چەند مادەیەک پێکهاتووە هاڕاوەی کرۆک، رایزۆن، رۆنی تۆو کەتان پێکدێت.

هەرزانی نرخەکەی و ساناى مامەڵکردن لەگەڵیدا و ڕوویەکی نموونەی دەبەخشێتە فێرخوازە سەرەتاییەکان. تاکو بتوانیت بە ساناترین شێواز بەکاری بهێنیت دەکرێت گەرم بکرێت لەڕێگەی ئاگرەوە یاخود ڕوویەکی گەرم هەروەها دەکرێت بۆماوەی ٣٠ چرکە بکرێتە مایکرۆ وەیڤەوە تاکو نەرم بێتەوە ئەمش وادەکات ڕوویەکی ساف و نەرمی هەبێت بۆ هەڵکۆڵین."[٣] لێرەدا دەکرێت هەنگاوەکان یەک بەدوای یەک ئاماژە پێبکەین لەسەرەتاوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردەیەکی هونەری کە، ڕێگە گشتییەکەی بەم شێوازەیە، "ڕاستەوخۆ دەکرێت لەڕێگەی قەڵەمی هێڵکارییەوە وێنکە لەسەر ڕووکاری قاڵبە ئامادەکراوەکە بکرێت یاخود لەڕێگەی کاغەزی کاربۆنەوە، پاشان لەڕێگەی ئامرازی هەڵکۆڵینەکانەوە دەست دەکرێت بەهەڵکۆڵین ڕووکارە نەویستەکان، پاشان لەڕێگەی ڕەنگی زیتییەوە بە ڕۆڵیکی دەستی ڕووکارە هەڵ کۆڵراوەکە ڕەنگ دەکرێت، لە جاری یەکەمدا بۆ چەند جارێک ڕۆڵەکە ڕەنگی لێدەرێتەوە تا بەتەواوی هەموو ڕووکارە ڕەنگ وەربگرێت پاشان ئەو کاغەزەی ئامادەکراوە بۆ چاپەکە دەدرێت بەسەر ڕووکارە ڕەنگ کراوەکەدا لێرەدە بە دەوو شێواز دەکرێت ئەگەر ئامێری پەستێنەر نەبوو دەکرێت بەدەست و سوینەوەی پشتی کاغەزکە بە ئامرازێکی ساف چاپەکە بکرێت"[٤] هاوشێوەی وێنەی ژمارە (٢٤)



وێنەی ژمارە (٢٤)

١- Turner, Silvie: About prints, aguide for artist Printmakers,Estamp with Camberwell Press, London, 2004 , Page 20

٢- Gale, Colin: Practical Printmaking, A&C Blcak Publishers, Britain,2009, page 111


٣- George A. walker, The Wood cut Artists Handbook,Firefly Book Ltd, United States, 2005 , Page 29

٤- Hughes, Ann Darcy & Morris, Hernon: The printmaking Bible,Chronicle Books LLC. United States, 2008, Page 201

## ٢- چاپی نەویو (Intaglio)

چاپی نەویو "لەم شێوازی چاپەدا پێچەوانەی تەواوی چاپی ڕوبەرزە، هێڵکاری دیزاینەکان بەتەواوی هەڵدەکۆڵرێنە ناو قاڵبەکانەوە، دوای لێدانی ڕەنگی زەیتی بۆ ڕووکاری قاڵبە ئامادەکراوەکان، زۆر بەنەرمی هەموو ڕووکاری قاڵبەکە پاک دەکرێتەوە لە ڕەنگەزەیتییەکان تەنها ئەو شوێنانە ڕەنگ هەڵ دەگرن کە، هەڵکۆڵراون، دوای ئەنجامدانی پرۆسەی گواستنەوە بۆسەر ماتریاڵی چاپکراو تەنها هێڵە هەڵکۆڵراوەکان کە، هەڵگری ڕەنگن دیزاینەکە دەگوێزنەوە بۆ سەر ڕووکاری کاغەزی بەکارهاتوو بۆ چاپکردنەکە"[١] وێنەی ژمارە (٢٥) شێوازی چاپی نەویوە.

وشەی (Intaglio) لە [٢]زمانی ئیتاڵیەوە وەرگیراوە (Intagliare) واتە هەڵکۆڵێن بۆ ناوەوە، یاخود بڕین یاخود ڕوشاندن یاخود هاڵکۆڵین لەڕێگەی ترشەکانەوە لە سەر ڕووکارە کانزاییەکان."



وێنەی ژمارە (٢٥)

ئەو تەکنیکانەی کە، لەژێر چەتری ئەم چاپەدا کۆدەبنەوە زۆرینەی تەکنیکەکانی چاپی گرافیکین پێکدەهێن و لەڕوی شێوازە جیاجیاکانی ئەنجامدانی پرۆسەی چاپکردن، هەروەها لەڕوی ماتریاڵ و پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنەوە، ئەم تەکنیکانە لەخۆ دەگرێت هەرلەناو تەکنیکەکانی ئەم چاپەشدا دەکرێت جارێکی دیکە بکرێنەوە بە دوو بەشەوە لەوانە هەڵکۆڵێن بەبێ ترشەکان کە، خاڵی (ا،ب،ج) لەخۆ دگەرێت پاشان هەڵکۆڵین بەترشەکان خاڵی (ا،ب،ج) لەخۆدەگرێت.

### ٢-١ هەڵکۆڵینی وشک بەبێ بەکارهێنانی ترشەکان.

**ا-هەڵکۆڵین** (Engraving).

**ب- هەڵکۆڵینی وشک** (Drypoint)

**ج- میزۆتین** (mezzotint)

### ٢-٢ هەڵکۆڵین بە بەکارهێنانی ترشەکان

**ا- هەڵکۆڵین بەترشەکان** (Etching)

**ب- ئاکواتینی** (Aquatint)

**ج- ئیمبۆسین** (Embossing)*

---

١- Elisha, Dorit: Printmaking + Mixed Media, Interweave Press, China, 2009, P12

٢- Frank, Patrick: Prebles artforms, Eleventh Editionn,Artists Rights Society, New yourk, 2014, Page 133

* ئیمبۆسین (Embossing) واتە هەڵکۆڵین یاخو نەخشاندن لەسەر پارچەکانزا یاخود تەختە هتد، ئەنجامەکەشی چاپی سێ ڕەهەندی روبارز دەردەچێت. سەرچاوە Leaf, Ruth: Etching, Engraving and Other Intaglio Printmaking Techniques, dover publications, New Yourk 1976, page 159

## ا-هەڵكۆڵین (Engraving).

لە سەرەتایترین تەكنیكەكانی چاپی نەویووە، "لە هەڵكۆڵین نەویدا هەڵكۆڵراوەكان بۆ ناو ڕووكارە ڕەقەكان هەڵدەكۆڵرێن لە ڕێگەی ئامێری زۆرتیژی هەڵكۆڵینەوە كە، بەهەڵكۆڵەر ناودەبرێت (Burin). لەم تەكنیكەدا چاپەكەر پێویستی بەهێز و كۆنترۆڵكردنی تەواوە، تاكو بتوانێت هێڵەكان لەسەر ڕووكاری كانزاییەكان خۆی هەڵبكۆڵێت لەڕێگەی بیورنگەوە، مامەمەڵەیكی دروست دەبێت بكرێت هەر زیادو كەمێك لە هەڵكۆڵینەكان تۆنی جیاواز دروستدەكات لە كاتی ئەنجامدانی چاپەكەدا."[١]

كاركردنی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووكاری كانزا پتەوەكان پێویستی بە شارەزای و توانای هونەرمەندە بۆ بە ئەنجام گەیاندی كاردەیەكی هونەری، هەڵبژاردنی قەبارەی گونجاو بۆ هەڵكەندی هێلەكان بە پێ پانتاییەكانی تاكوو بە باشی لەگەڵیدا بگونجێت.

هەنگاوەكانی هەڵكۆڵینی "سەرەتا هەڵكۆڵەر(Burin) بەباشی تیژ دەكرێتەوە لەڕێگەی ئامرازی تایبەتی خۆیەوە، پاشان بەچەند شێوازێك دەكرێت وێنەكە بكشرێتە سەر پلێتەكان بەردەوام دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت كە، دەبێت وێنەكان پێچەوانە بن لەسەر ڕووكاری كانزاییەكان، یەكێك لە ساناترین ڕێگەكانی بەكارهێنانی كاغەزی كاربۆنە لەڕێگەی قەڵەمێكی ڕەقەوە بۆ وێنە كێشانەوەكە یاخو چینێكی كەتیرەی عەرەبی لە ڕووكاری پلێتەكە دەرێت تاوشك دەبێتەوە پاشان ڕاستەوخۆ وێنەكەی لەسەر دەكێشرێت، دوای ئەمە دەست دەكرێت بەهەڵكۆڵین هێڵە قوڵەكان ئاماژەن بۆ تۆخی تۆنەكان بە پێچەوانەشەوە تۆنی كاڵمان دەست دەكەوێت"[٢] وێنەی ژمارە (٢٦) هەندێك لە هەنگاوەكانی بەئنجام گەیاندنی هەڵكۆڵینی چاپی نەویوە.



وێنەی ژمارە (٢٦)

## ب- هەڵكۆڵینی وشك (Drypoint)

خاڵەوشكەكانا (هەڵكۆڵینی وشك) "ئەم شێوازە یەكێكە لە باشترین هەڵبژاردەكان بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵێك كاری هاوشێوەی یەك لە قەبارە بچووكەكاندا. پلێتە كانزایەكانی كە، بەكار دەهێنرێن لەم چاپەدا لە ڕووكاری ڕەقەوە بۆ نەرم لە پلێتەنەرمەكاندا (ئەلەمنیوم، زینك، كۆپەر) بەكاردەهێنرێت بو ڕووكارە ڕەقەكانیش هەندێك جار ئاسن بەكاردەهێنرێت كە، مامەڵەكرنی تۆزێك ئاستەمە."[٣]

١- Frank, Patrick: Prebles artforms, Eleventh Editionn,Artists Rights Society, New yourk, 2014, Page 133

٢- Saff, Donald. Sacilotto, Deli: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 131

٣- Gale, Colin: Practical Printmaking, A&C Blcak Publishers, Britain,2009, page 22

هەرچەندە زۆرێک لە تەکنیکەکان هاوشێوەی یەکن بەڵام، ئامرازو قەبارە و شێوای کارکردنیان جیایان دەکاتەوە لەیەکتر.

هەڵکۆڵینی وشک "لە ڕوی تەکنیکەوە ساناترین تەکنیکی چاپی نەویوەوە، هێڵەکان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووکاری پلێتەکان دەکێشرێتن بەچەند ئامرازێکی جیاواز لەڕووی قەبارەوە کاریگارییە جێماوەکانی سەر پلێتەکە. لەکاتی بەکارهێنانی هەر یەکێک لەم ئامرازە (نوک تیژانە) لەسەر ڕووکاری کانزاییەکان هێڵیک دروستدەکات کە، بە هەردوولای هێلەکەدا وەک شەپۆلێک پارچەی کانزاکانی بەرزدەکاتەوە کە، بە بیور (Burr)ناودەبرێت ئەم بەرزبونەوانە بەرپرسن لەدروستکرنی زۆرینە کاریگەرییە دەرهاویشتەکانی کارەکە لەدوای چاپکردن وەکو تەکنیک."[١]

لێرەشدا ئەوەی ڕەنگە چاپکراوەکان هەڵدەگرێتەخۆی ئەو هەڵکۆڵینانە کە، لە ئاسەوەری ئامرازەکانەوە دروست کراوەن بونەتە چاڵیک لەسەر ڕووکاری کانزاکان ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێت جیاوزی چییە لە نێوان (Engraveing) هەڵکۆڵین و هەڵکۆڵینی وشک (Drypoint) بێگومان جیاوزی هەیە لەڕووی کارکردنەوە لەخوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت

"لەم تەکنیکەدا نزیک لە تەکنیکی هەڵکۆڵینەوە دەمێنێتەوە، هەردوکیان ڕاستەوخۆ کار لەسەر ڕووکاری پلێتەکانزاییەکان کاردەکات، بەڵام، جیاوازی هەڵکۆڵین (Engraving) لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکان لەسەر ڕووکارەکەی شوێنەوەری ئامرازەکان هەڵدەکەنرێت و لێدەکرێتەوە پاشان چاڵێک بەدوای خۆیدا جێدەهێڵێت پاشان لەڕێگەی ئامرازێکەوە چواردەوەری هەموو هێڵەکان سافدەکرێن پێش چاپکردن، بەڵام، لەچاپی وشکدا (Drypoint) ئاسەوەری هێلەکان و جیابونەوەی دوبەری شوێن پەستانەکە وەکخۆی دەهێڵێتەوە ئەم تەکنیکانە وادەکەن کە، کاریگەری جیاواز دروست بکەن لەکاری ئەنجامدانی چاپەکانیاندا."[٢]



وێنەی ژمارە (٢٧)

وێنەی ژمارە (٢٧) وێنەی هەندێک لە ئامرازەکان و کاریگەرییەکانیەتی لەسەر پلێتە کانزاییەکان لەکاتی کارکردندا چی کاریگەرییەک دروست دەبێت.

لەزۆرێک لە تەکنیکەکانی دیکەی چاپی گرافیکیدا پەنا دەبرێتە بەر چەند تەکنیکێک لە هەمان کاردا زۆرینەی تەکنیکەکان هەڵکۆڵینی وشک بەکار دەهێنن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

١- Covey, Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 84

٢- Griffith, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum, 1996, P71

## ج- میزۆتین (mezzotint)

میزۆتین هەڵکۆڵینی سێبەرکردن تەکنیکێکی دیکەی چاپی گرافیکیە "لەم تەکنیکەدا پلێتە کانزاییەکان ڕووکارەکەی بەتەواوی بەهێڵ هەڵدەکۆڵرێت یاخود هەموو ڕووکارەکەی دەبڕدرێت لەڕێگەی ئامێرێکەوە کە، بە میزۆتین ڕۆکەر (Mezzotint Rocker) یاخود ڕۆلێتا (Roulette) ئەنجامدەدرێت.[1] ئەم ئامرازە وەک چەقۆیەک وایە لەڕێگەی دەستەوە هەزەیەکی ڕێک دروست دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کاریگەرییەکای لەسەر پلێتە کانزاییەکە.

"لەم تەکنیکەدا ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕووکاری پلێتەکەدەکرێت، سەرەتا پلێتەکە ڕەشێکی تۆخە ئامادەیە بۆ چاپکردن، ئەمەش ئەنجام دەرێت بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕۆکەر (ڕوشێنەر) کە، شێوەی نیوە بازنەییەوە دەمێکی تیژی هەیە، ئەم ئامرازە بۆ چەند جارێک و بە چەند ئاراستەیەکی جیاواز بەهەموو ڕووکاری پارچە کانزاکەدا دەهێنرێت تا بەتەواوەی هەموو ڕوو کانزاکە هێلدار دەکات بەمەش تێکسچەرێک پێکدێت کە، ڕەشی تەواو بەرجەستە دەکات، دەرخستنی هێڵە کێشراوەکانی وێنەکە پێویستە کەمکردنەوەی یاخود سوینەوەی ئەو ناوچانە هەیە کە، دەبێت سپی بنوێن لە وێنەکەدا بەمەش لە تۆنی ڕەشەوە بەرەوە کاڵ دەڕۆین تاکو هەموو کارەکە تەواو دەبێت.[2]

وێنەی ژمارە (٢٨) هەنگاوەکانی کارکردن لەم جۆرە چاپەدا نیشان دەدات.



وێنەی ژمارە (٢٨)

پلێتە کانزاییەکان ئامادەکردنی شارەزای دەوێت" ڕوشاندنی سەرەتای ڕووکاری پلێتە کانزاییەکان ئەزمونیکی کارکردنی دەوێت تاکو بتوانی بەباشی ئەنجامی بدەیت هەروەها زۆربەی جارەکان ئەم کارە دەدرێتە ئەوکەسانەی کە، پیشەیان ئەم کارەیە یاخود شارەزان هەروەک چۆن ڕەنگکردن و چاپکردنەکەشی کە، شارەزایی دەوێت ئاسان نییە ئەنجامدانی."[3]

هەڵکۆڵینی بە بێ ترشەکان لەم سێ ڕیگا سەرەکەیەی پێکهاتووە بێگومان ڕێگەی دیکەش هەن بەڵام، ئەوانەی کاریان پێدەکرێت و لە ورک شۆپەکاندا بەکار دەهێنرێن، دوا بەدوای ئەم تەکنیکانە دێینەسەر کۆمەڵێک تەکنیکی دیکەی چاپکردن لە چاپی نەویوە کە، ترشەکان بەکار دەهێنرێن لە هەڵکۆڵینیدا.

---

١- Turner, Silvie: About prints, aguide for artist Printmakers,Estamp with Camberwell Press, London, 2004 , Page 20

٢- Fick, Bill & Grabowski, Beth: Printmaking a complet guide to Materials & processes.L Laurence King Publishing, London. 2015. Page 117

٣- Griffiths, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum, 1996, P83

## ٢-٢ هەڵکۆڵین بە بەکارهێنانی ترشەکان

### ا- هەڵکۆڵین بەترشەکان (Etching)

هەڵکۆڵینی ترشەکان، "لەم تەکنیکەدا ترشەکان بەکار دەهێنرێن بۆ دروستکردنی هێڵ و چاڵ یاخود داخورانی ڕووکاری پلێتە کانزاییەکان، ئەو ترشانە بریتین لە فلۆریدی ئاسن یاخود ترشی نیترات سوک، کاریگەری ئەم ترشانەش بۆ سەر پلێتی کەپەر و زینکە"(١)

بە پێچەوانەی تەکنیکەکانی پێشوتر کە، ترشەکان بەکار ناهێنرێت لێرەدا هەڵکۆڵین و یاخود چاڵکردنی پانتایی بۆ وەرگرتنی ڕەنگەکان بۆ کاتی چاپکردن لە ڕێگەی ترشەکانەوە دەبێت نەک بە ئامێر هەڵکەندن وەک لە تەکنیکە بێترشەکاندا بەکار دەهێنرا.

"بۆ هەڵکۆڵین بەترشەکان سەرەتا پلێتە کانزاییەکان ڕوپۆش دەکرێت بە ماتریاڵێکی دژ کە، بەرگری هەیە بەرامبەر بە ترشەکان پێی دەوترێت گراوند (Ground) ئەرزی، لە پاشاندا لە ڕێگەی دەرزی ئیتچینەوە وێنەکە لەسەر ئەو ڕوکارە داپۆشراوە دەکێشرێت، ئەوناوچانەی کە، ئەم ئامرازە بەری دەکەوێت ڕووکاری پلێتە کانزاییەکان دووبارە دەردەخاتەوە، هەر لەڕێگەی ئەم دەرزیانەوە دەکرێت جیاوای تۆنی ڕەنگی دروست بکرێت یاخود لەڕێگەی چەند جۆرێک ئامرازی جیاوازەوە دەکرێت ئەم جیاوازییە ئەنجام بدرێت، لە دوا هەنگاودا پلێتە کانزاییەکان دەخرێنە ناو دەفرێکی پڕ لە ئەسید تاکو ئەو ناوچانەی کە، بەدەرەوەیە دەست بکات بەکار لێک و ئەو هێڵانە دروست ببێت کە، مەبەستە"(٢)

بێگومان مانەوەی ئەم پلێتە کانزاییە لەناو ئەو ترشەدا پەیوەستە بەکاتەوە چاپەکەر ئەوکاتە دیاری دەکات بۆ دەرهێنانەوەی پلێتەکان کە، گونجاوە بە بەردەوام چاودێریکردنی تاکو دەگاتە ئەو ڕادەیە کە، کارەکە بەتەواوی لەسەر ڕووکاری پلێتە کان دروستبووە چاڵی لە شوێن هێڵەکاندا دیاری کردووە، لەدوا قۆناغدا پلێتەکە ئامادە دەکرێت بۆ چاپکردن.

وێنەی ژمارە (٢٩) هەنگاوە دوای یەکەکانی بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی چاپکردن نیشان دەدات کە، قۆناغ بە قۆناغ تادەگاتە کۆتا هەنگاوی چاپکردن.



وێنەی ژمارە (٢٩)

١- Covey, Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 97

٢- Saff, Donald. Sacilotto, Deli: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 135

## ب- ئاکواتینی (Aquatint)

هەڵکۆڵینی ئاوی (Aquatint) "لەناوەندی تەکنیکەکانی چاپی نەویدایە هەڵکۆڵینی ئاوی بە بەکارهێنانی پاودەری ڕۆیزن (Rosin) لەسەر پلێتەکانزاییەکان بۆ بەدەستهێنانی تێکسچەر و تۆن لەسەر ڕووکارەکەی"[١] لەم تەکنیکەدا دەرئەنجامی کارەکان هاوشێوەی ڕەنگە ئاوییەکان دەنوێن لەڕووی فۆرمەوە تێکسچەرەوە کەدروستی دەکەن لەدوای ئەنجامدانی چاپەکان.

"لەم تەکنیکەدا ڕوپۆشی پلێتەکانزاییەکان (پلێتی مس) بەتەواوی بە ڕۆیزن دادەپۆشرێت کە، پاودەرێک دەنکۆڵەی وردی هاوشێوەی یەکن لەکاتێکدا کە، ئەم پلێتە دەخرێتە ناو ترشەکانەوە ئەوا تەنها چوار دەوری ئەم دەنکۆڵە وردانە دەخورێت لەلایەن ترشەکەوە، بەبێ ئەو کاغەزەی کە، بەکاردەهێنرێت لەکۆتای چاپەکەدا دەتوانی هەموو وردەکارییەکە ببین لە خاڵە بچوکە کانیشەوە بەرەو پلە ڕەنگییەکانیش. هەرچەندە لەم تەکنیکەدا تەنها یەک پلەی رەنگی دەتوانێت دروست بکات و لەتوانایدا نیە کە، هێڵ دروست بکات، هەربۆیە ئەم تەکنیکە زۆرجار لەپاڵ تەکنیکەکانی دیکەدا بەکاردەهێنرێت تاکو بتوانێت تێکسچەری جیاواز لە پلێتە کانزاییەکان دروست بکات."[٢]

ئەم تەکنیکە زیاتر ئەو هونەرمەندانە بەکاری دێنن کە، خولیای تەکنیکی رەنگە ئاوییەکان بوون. "دوو ڕێگە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕۆپۆشکردنی پلێتەکان بە ڕیزۆن کە، زۆر باون، یەکەم ڕێگە سندوقی دروستکردنی تەپوتۆزی ڕیزۆنە لەم ئامرازەدا هەموو دەنکۆڵە وەردەکانی ڕیزۆن دەکرێن بە ناو سندوقەکەدا کەوەک باران دەبارێتەوە بەسەر پلێتەکاندا تا بەتەواوی هەموو ڕووکارەکەی بەیەکسانی دەنکۆڵەکانی بەسەردا دابەش ببێت، ئەم دەنکۆڵانەش لەڕێگەی گەرمکردنی پشتی پلێتەکانەوە بە ڕووکاری پێشوەی دەچەسپێت. ڕێگەی دووەم کحولەکان بەکاردەهێنرێت کە، ڕووکاری پلێتەکان بەیەکسانی دادەپۆشێت، لەدوای بونبە بەهەڵمی کحکولەکان دەنکۆڵە وردەکان بە جێگیری بەڕووکارەکەوە دەهێڵێتەوە."[٣] وەدەکرێت هونەرمەند خۆی بەشێوازی خۆی ئەم هەنگاوانە ئەنجام بدات هەروەها ماتریاڵی جیاواز کارا بکاتە ناو ئەم پرۆسەیەوە.

دوابەدوای ئەم هەنگاوە لەڕێگەی ڕەنگەکانەوە وێنەکە بە ئاوێنەیی لەسەر ڕووکاری پلێتەکە دەکێشرێت کە، بە بەشێک قورسی ئەژمار دەکرێت، ئەو ناوچانەی ڕەنگ دەکرێن لەکاتی وێنەکێشانەکەیدا دواتر بەسپێتی دەمێننەوە هەندێک لە هەنگاوەکانی ئەم چاپە وێنەی ژمارە (٣٠)دیارە.



وێنەی ژمارە (٣٠)

1- Turner, Silvie: About prints, aguide for artist Printmakers,Estamp with Camberwell Press, London, 2004 , Page 18

٢-رافع الناصري، فن لغرافيک المعاصر، دار لفارس ، عمان ١٩٩٧، ص ٣١

3- Griffiths, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum, 1996, P90

## ج- ئیمبۆسین (Embossing)

"هەرتەکنیکێک دەرئەنجامی کارکردنەکەی دروستکردنی ڕوپەکی بەرز یاخود نەویو بوو بۆ چاپکردن بەبێ بەکارهێنانی ڕەنگ دەکرێت بۆ ئیمبۆس بەکار بهێنرێت. هەروەک تەکنیکی هەڵکۆڵین بەترشەکان، مۆرکردن، هەڵکۆڵین، نەخشکردن هەروەها قاڵبکردنی تەنەکان، دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەم شێوازی کارکردنە، چاپی ئیمبۆسی کوێر بەکاردەهێنرێت بەبێ بەکارهێنانی ڕەنگەکان."(١)

ئەم تەکنیکە دەکرێت بە بێ بەکارهێنانی ترشەکان ئەنجام بدرێت وەک هەڵکۆڵین لەڕێگەی ئامرازەکانەوە یاخود بەهەر شێوازێکی دیکەبێت.

ئیمبۆسین "پلێتیکی هەڵتۆقیوە یاخود نەویوە لەکاتی چاپکردندا چاپێکی سێ ڕەهەندیمان بۆ بەرهەم دەهێنێت، دەکرێت ڕەنگ بکرێت یاخود بەبێ ڕەنگیش ئەم تەکنیکە بەکار بهێنرێت ئەوا لەداوی ئەنجامدانی کارەکە چاپێکی ڕوو هەڵتۆقیومان بۆ دەردەچێت لەسەر کاغەز، وێناکان لەڕێگەی سێبەر و هێلەکانیانەوە وەدەردەکەوەن هاوشێوەی چاپی بارز. دەکرێت ئەم تەکنیکە لە تێکەڵی بە بەکارهێنانی هەردوو تەکنیکی ئیتچن (Etching) و ئاکواتین (Aquatint)ئەنجام بدرێت"(٢).

بەواتایەکی دیکە ئەم تەکنیکە لە هەردوو بارەکەدا چاپی پێدەکرێت هاوکات دەکرێت چاپێکی بارزی سێ ڕەهەندی ڕەنگدا وەدی بهێنێت لەسەر کاغەز بەو لەهەمان کاتدا چەند تەکنیکێکیش پیکەوە بەکار بهێنرێت بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی هونەری. هونەرمەند بێرنارد زالۆن (Bernard Zalon) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کارەکەنی لەدەرئەنجامی چەند تەکنیکێکی گرافیکیدا ئەنجام دەدات بۆ بەدیهێنانی کردەیەکی هونەری ئیمبۆسین چاپی بارز وێنەی ژمارە (٣١) پرۆسەی بەئەنجام گەیاندنی کارێکی ئەم هونەرمەندەیە.



وێنەی ژمارە (٣١)

ئیمبۆسین بە بێ بەکارهێنانی ڕەنگ (Blind Embossing)" لەم تەکنیکەدا دیزاینەکە بەبێ ڕەنگ دەخرێتەسەر کاغەزەکە، هەرچەندە هەندێک لە وردەکارییەکانی دیزاینەکە لەدەست دەدات لەم پرۆسەیەدا، ئەگەر تەنها چاپێکی بێ ڕەنگ ئەنجام بدەیت، واباشترە ئەو کاغەزەی بەکاردەهێنرێت بۆ چاپەکە تەڕبکرێت پێش ئەنجامدانی چاپەکە، ئەگەر کاغەزی ئەستور بۆ چاپی هەڵکۆڵراو باشتر کاردەکات بەڵام، ئەگەر کاغەزەکە مامناوەند بوو لەکاتی پەستان خستنەسەریدا بەهەمان شێوە دەرئەنجامی باش دەردەخات، بۆ بەئەنجام گەیاندی پرۆسەی چاپەکە دەکرێت لەڕێگەی ئامێر پەستانکردنەوە یاخود لەڕێگەی ئامرازە دەستییەکانەوە ئەو پەستانە بخرێتە سەر کاغەزەکان."(٣)

١- Silvie turner, About prints, aguide for artist Printmakers,Estamp with Camberwell Press, London, 2004 , Page 19

٢- Sylvie covey, Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 129

٣- Charles Morgan, Foilography printmaking, Mossworks Studio, Canada, 2006, Page 32

## ٣ چاپی ئاست رێک Planographic Process

"چاپی ئاست رێک وەک زاراوە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو پرۆسە تەکنیکەکانی کە، لەئاستێکی رێکدا چاپەکان ئەنجامدەدرێت واتا پێویستی نە بەڕوی هەڵتۆقیوە نە بەڕوی نەویو هەروەها پێویست بەترشەکان نییە بۆ ئەنجامدانی".[1]

بەئەنجام گەیاندنی ئەم تەکنیکە دەکرێت لەڕێگەی ڕوکارێکی ڕێکەوە بێت کە، هەندێ جار بەردە وەهەندێجار پلێتی کانزای ڕێکە یاخود لەڕێگەی پرۆسەیکەی کیمیاییەوە ئەنجامدەدرێت وێنەی ژمارە (٣٢) شێوازی گواستەنەوەی ڕەنگەکانە لە ڕووە چاپەکەرەکەوە بۆ سەر ڕووکارە چاپکراوەکە.



وێنەی ژمارە (٣٢)

چاپی ئاست رێک هاوشێوەی تەکنیکەکانی دیکەی چاپکردن ئەم شێوازە چەند تەکنیکێکی جیاواز لە خۆدەگرێت لە ڕووی کارکردنەوە پرۆسەی بەئەنجام گەیاندنی چاپەکەوە، لێرەدا باس لە سێ شێوازی چاپکردن دەکەین کە، بەکاردەهێنرێن لەوانە:

ا- **لیتۆگراف** (Lithography)

ب- **چاپی ئاوریشمی** (Serigarphy)

ج- **ستێنسڵ** (Stencel)

### ا- لیتۆگراف (Lithography)

"لیتۆگراف لەم شێوازی چاپکردنەدا پشت دەبەسترێت بە بیرۆکەی دورکەوتنەوەی ئاو و چەوری لەیەکتر، بەبەکارهێنانی هەردووکیان لەسەر بەردێکی تایبەت بەم چاپە، ئەوبەردەی لەم پرۆسەی چاپکردنەدا بەکاردێت تایبەتە و لەکلس پێکهاتووە، دیزاین و هێڵکارییەکان بە قەڵەمێکی چەور لەسەر ڕوی بەردەکە دەکێشرێت پاشان بەردەکە بەئاو تەڕدەکرێت".[2]

هەنگاوە پراکتییکیەکانی لیسۆگرف لە چەند قۆناغیکدا خۆی دەبینێتەوە تا دەگەینە دەرئەنجامێک.

"بەردی لیتۆگراف بەردێکی کلسییە نزیکەی ١٠-١٥سم ئەستورەو ڕوویەکی سافکراوی هەیە، پێویستە بە یەکێک لە سوکە ترشەکان بشۆرێتەوە پاشان بەئاو پاک بکرێتەوە، دواتر ئەو وێنەیەی کە، مەبەستمانە بیکێشین لەسەر ڕووی بەردەکە بەهۆی حیبری لیسۆ یان تەباشیری چەور یان ماددەی کرایۆن یان ترش وە دەتوانین بیکێشین. لەدوای تەواوبوونی وێنەکێشانەکە قۆناغی چەسپاندنی وێناکە دێت ئەویش بە تێکەڵەیەکی گیراوە لە ترشی نیتریک جەوگی عەرەبی شل، ئەم گیراوەیە بە مەبەستی وەرگرتنی ئاوەکەیە لەو ناوچانەی کە، وێنەکەی لەسەر دەکێشرێت".[3]

---

١- **Harrison, Charles: An Introduction to Art, Yale University Press, london, 2009, page 167**

٢- إياد الصقر. فن الجرافيک.دار لاوي للنشر والتوزيع.عمان.٢٠٠٣. ص ٦٤

٣- **Frank, Patrick: Art forms, 11th Edition 2013, Printed in the United States of America, Page 152.**

"دەکرێت لەڕێگەی پارچە ئیسفنجێکی تەڕکراو بە تەربەنتین یاخود ئیسپرتۆ ڕووکاری بەردەکە بسڕینەوە تاوەکو وێنەیەکی کاڵ یاخود وەک سێبەرێکی لێدێت پاشان بەردەکە بەگریس دەسڕینەو ئەو ناوچانەی کە، وێنەکەیان لێکشراوە گریسەکە وەردەگرن وە ئەو ناوچانەش کە، بێ هێڵکارین گریسەکە وەرناگرن بە هۆی بونی ئاوو لەو ڕوبەرانەیا، پاشان بەردەکە بە ئاو تەڕدەکرێت لەڕێگەی ئیسفنجێکەوە هەموو ڕووەکەی دەسڕینەوە لەدوای ئەم هەنگاوە بە ڕۆڵەیەک کە، حیبراوی کراوە بەسەر بەردەکەیدا دەبەین تاوەکو ئەو ناوچانەی کە، هێڵکارییەکەی تیادا کراوە حیبرەکە هەڵمژێت لە ئاکامی بردنی ڕۆڵەکە بەسەر ڕووی بەردەکەدا دووبارە وێنەکە دەردەکەوێتەوە، لێرەوە بۆ چاپکردن ئامادە دەبێت سەرەتا چەند جارێک پرێسی دەکرێت تاوەکو حیبرەک بچێتە ناو بەردەکەوە ئەو پرۆسەیە چەند جارێک دوبارە دەبێتەوە پاشان دەتوانرێت چاپ بکرێت".(١)



وێنەی ژمارە (٣٣)

وێنەی ژمارە (٣٣)دا هەندێک لە هەنگاوەکانی پرۆسەی چاپی لیتۆگرافە.

**ب- چاپی ئاوریشمی** (Serigarphy)

چاپی ئاوریشم دەکرێت بە Silkscreen ناوزەند بکرێت، "ئەم چاپە هاوشێوەی چاپی ستێنسڵە لە پارچەیەک ئاوریشم تایبەت و چوارچێوەیەکی تەختەی دروست دەکرێت کە، پێکەوە لکاون بە شێوازێکی زۆر ڕێک، ئەم چوارچێوەیە ڕاستەوخۆ دەکرێتە سەر کاغەزەکەوە ڕەنگ دەکرێتەر سەر ڕووکاری سەرەوەی ئاوریشمەکە پاشان لەڕێگەی ئامرازێکەوە (سکویجی) پاڵی پێوەدەنێت تاکو ڕەنگەکان لە کونیلەکانی ئاوریشمەکەوە بگوێزرێتەوە بۆ سەر کاغەزەکە"(٢). سکرین دەکرێت بەیەکێک لە تەکنیکە پەسەندەکانی چاپی گرافیکی هەژمار بکرێت لەڕووی تواناو بەکارهێنانیەوە.

سکرین "لە توانایدایە ژمارەیەکی زۆر چاپی جیاواز ئەنجام بدات و لەکاتێکی کەمدا، و دەکرێت کۆمەڵێک ڕەنگی جیاواز بەکاربهێنین، دەکرێت لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە لەسەر چەندین ماتریاڵی جیاواز چاپ بکرێت لەوانە (کاغەز، قوماش، شووشە، کانزاکان، قوڕ، فوخار، هتد...)"(٣)

١- Fick, Bill & Grabowski, Beth: Printmaking a complet guide to Materials & processes.L Laurence King Publishing, London. 2015. Page 162

٢- Griffiths, Antony: Prints and Printmaking.Berkeley and Los Angeles, California, british Museum, 1996, P109

٣- Stromquist, Annie: Simple Screenprinting: Basic Techniques & Creative Projects, lark books, Canada, 2004, page 8

قۆناغه کانی ئەنجامدانی چاپی سکرین ڕەنگە بە کۆمەڵێک قۆناغی جیاوازدا بڕوات بۆ ئەنجامدانی تاکو کۆتا پرۆسەی دەکرێت بەپێ خواستی کارە هونەرییەکە شێوازی ئەنجام دانەکەی بگۆڕێت ڕەنگە ڕاستەوخۆ وێناکە لەسەر ڕووکاری سکرینەکە بکرێت یاخود لەڕێگەی فلمێکی شەفافی چاپکراو بەڕەنگی ڕەشە پرۆسەی ئامادەکردنی سکرینەک بکرێت بۆ چاپکردن.

پێداویستی تایبەت بەئەنجامدانی چاپی سکرین بریتین لەمانە:

"چوارچێوەی سکرین، لەقۆناغی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تەختە یاخود ئەلەمنیۆم هتد.. ئامادەدەکرێت تاکو سکرینەکە لەڕووکاری چوارچێوەکە بدرێت، گرنگە زۆر بەڕێکی و پەتەوی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت گونجاوترین پێوانە بۆ ئەم کارە بەرزییەکەی ٦سم تا ١٠سم وە ئەستوری ٣سم بۆ ٦سم ، ئاوریشم یاخود سکرین چەندجۆرێک و چەندین پلەی هەیە کە، بەمێش دەپێورێت، هەروەها هەمەڵشن یاخود فۆتۆ ئەمۆڵشن.. مادەیەکی گیراوەی ئاوییە کە، چەند ڕەنگێکی هەیە، ڕوی سکرینەکە پێ ڕەنگ دەکرێت بە ئامانجی نەمانی کونیلە وردەکانی سەر سکرینەکە هەروەها دایکرمات.. لەگەڵ ئەمۆڵشن تێکەڵدەکرێت توانای توانەوەشی دەبێت لەناو ئاودا، دەبێت لە شوێنی تاریکدا هەڵبگیرێت تاوەکو ڕوناکی کاری تێنەکات.

سەرچاوەی ڕوناکی.. لە سندوقێکدا دادەنرێت لای سەرەوەی کراوەیە و بەشووشەیەکی ڕونی ئاسایی سەری دەگیرێت، دەکرێت جگە لەم ڕێگەیە بەشێوازی دیکەش سەرچاوەی ڕوناکی بۆ دروستکردنی فلیمەکە ئامادەبکرێت."[(١)]

مێزی چاپ.. ئەمیش چوارچێوەتەواو بوی سکرینەکەی لەسەر دادەمەزرێنرێت.

حیبری سکرین چەندجۆرێکن هەریەک لەمانە بۆکاری تایبەت بەکاردەهێنرێت هەروەها ئەو ماتریالانەی چاپەکەی لەسەر دەکرێت دەبێت جۆری تایبەت بەخۆی بۆ هەڵبژێردرێت. سکویجی چاپ بریتییە لە پالێتێکی لاسیکی بۆ پاڵنانی مرەکەب بەناو کونیلەکانی شاشەکەدا بۆ سەر ئەو ڕووەی کە، چاپەکەی لەسەر دەکرێت. مادە پاکژ کەرەوەکان ئەمەڵشن لێکەرەوە Emulsion Remover. نەوت تەنەر بەنزین هیتید. وەک سوکەرێک بۆ پاکژ کەرەوەکان. ژورێک کە، سەرچاوەی ڕوناکییەکەی گڵۆپی تایبەت بێت بۆ ئامادەکرنی سکرین (گڵۆپی سوور).[(٢)]

لەدوای بوونی هەموو پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی چاپێک لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە هەنگاوەکانی ئەم چاپە قۆناغ بەقۆناغ تێدەپەڕێت پێویستە ئامادەکارییەکانی زۆر بەوردی ئەنجام بدرێت تاکو بتوانێت دەرئەنجامێکی دروستی وەدی بهێنێت.

لەهەنگاوی یەکەمدا هەروەک هەر کارێکی دیەکەی هونەری پێویستە بیرۆکەی کارو ئامانجە:

یەکەم هەنگاو ئامادەکردنی کارێکی هونەرییە بۆ چاپکردن، "هەڵبژاردنی کارێک کە، لەگەڵ چاپی ئاوریشمیدا بگونجێت، ئەمەش پێویستی بەکات و پراکتیزە کردنە تاوەکو بتوانیت کارێکی گونجاو هەڵبژێریت

١-Hughes, Ann Darcy & Morris, Hernon: The printmaking Bible,Chronicle Books LLC. United States, 2008, Page 317

٢- Covey, Sylvie: Modern Printmaking, Watson-guptill publictions, New yourk, 2014, Page 229

بۆ چاپکردن، زۆرینەی بەرهەمە هونەرییەکان لە ڕێگەی (photoshop - illustrator) دیزاینی بۆ دەکرێت، گرنگە هەموو دیزاینەکان بە ڤیکتۆر ئامادەبکرێت. لەکاتێکدا ئەگەر کارێکی لەڕەنگێک زیاتربێت دەبێت هەر ڕەنگێک بەسەربەستی جیابکرێتەوە. هەر ڕەنگێک بە تەنها جیادەکرێتەوە و چینێکی تایبەت بە خۆی دروستدەکات بە سەربەخۆی چاپ دەکرێت، ئەم هەنگاوەش پێویستی بە شارەزای کۆمپیتەر و ئامرازی چاپکردن وەک پرینتەری دیسک جێت یاخود لێزەر جێتە".[١]

ئەگەر هاتوو ئەم پرۆسەی دیزاینە ئامادەکراوەکە لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام بدرێت هەروەها دەکرێت لەڕێگەی ڕەنگە تایبەتییەکانی ئەم تەکنیکەوە ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووکاری سکرینەکە وێنەک بکێشرێت و ئامادەبکرێت.

Film Positives.. "دوای ئەوەی کارە هونەرییەکە تەواو بوو یاخود جیاکرایەوە دەبێت هەموو هێڵەکان بگۆڕین بۆ ڕەنگی ڕەش و دواتر چاپی بکەین لەسەر فلیمێک (چەندین جۆری فیلمی هەیە کە، دەتوانیت چاپیان لەسەر بکەین و بۆ ئەم پرۆسەیە بەکاربهێنین لەوانە کاغەزی شەفاف، کاغەزی ترێس) بە سانایی دیزاینەکەت ڕەشە لە سەر فلیمێکی شەفاف وکە لە ئۆڤەرهێدا بەکاردەهێنرێت.

لەکاتێکدا ئەگەر کارە هونەرییەکان چەند ڕەنگێک بوو بۆ هەر ڕەنگەو فیلمێکی تایبەت و سکرینێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەیت، ئەم فیلمە دەبێتە ئەو ناوچەی کە، چاپەکەی لێوە ئەنجامدەدرێت لە دوایدا. لەم قۆناغەدا پێویستمان بە کۆمپیوتەر و پرۆگامەکانی دیزاین دەبێت لەگەڵ پرینتەر".[٢]

بەکارهێنانی هەندێک ئامرازی دیکە تەکنەلۆژیای لە ئەنجامدانی ئەم چاپە تازەیە و کاریگەری ئەرێنیش بەسەرەوە بەجێ هێشتووە لەچاو هەنگاوەکانی سەرەتای سکریندا کەبەکار دەهێنرا.

هەڵبژاردنی سکرینی گونجاو بۆکارەکە لێرەدا ئەو سکرینە ئامادە دەکرێت کە، لەدوایدا دەکرێت بە ستێنسڵ وە لێرەوە ڕەنگەکان دەگوێزرێنەوە بۆسەر ڕووە چاپکراوەکە، گرنگە لێرەدا ئەوە جیابکەینەوە کە، هەر کارێک ئەنجام دەرێت بەپێی ژمارەی ئەو مێشانە دەگۆڕێت کە، بەکاری دەهێنین ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر کوالێتی بەرهەمەکە هەیە، جۆری مێشەکان (ژمارەی ئەو کونانەی کە، لە سەر ڕوی مێشەکەیە) هەر سکرینێک بەپێی ڕێژەی مێشەکانی دیاری دەکرێت هەروەها ڕێژەی کونیلەکانی جیاوازن.

" ئاوریشم Silk بۆ چاپی سکرین بریتییە لە کۆمەڵە دەزولەیەکی کە، بەڕێژەیەکی بێشومار بە ئاراستەی یەکتربڕ و پێکەوە لکاون و کۆنیلەی زۆر بچووک لە نێواننیاندا هەیە ئەم کونیلانە دەبنە هۆی دروستکردنی ستێنسڵ بە ژمارەیەکی زۆر، هاوشێوەی ئاوریشم نایلۆن Nylon بەکاردەهێنرێت کە، زۆر گونجاو و پتەوە بۆ دروستکردنی سکرین، پۆلیستەر polyester تازەترین جۆری ماتریاڵە لە دروستکردنی سکریندا و توانایەکی باشی هەیە لە دروستکردنی سکریندا و دوو جۆری یەکەمیان فرە ڕیشاڵی هاوشێوەی یەکن و جۆری دووەمیان یەک ڕیشاڵی تایبەت. قەباری ئەم کونیلانە جۆرەکانی بە مێش دەژمێردرێن"[٣] هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە.


| کارانەوەی مێشەکان لە ئنجێکدا | ژمارەیە مێشەکان لەئینجێکدا | ژمارە |
|---|---|---|
| .0096 | 74 | 6xx |
| .0076 | 86 | 8xx |
| .0063 | 105 | 10xx |
| .0047 | 124 | 12xx |
| .0039 | 139 | 14xx |
| .0035 | 157 | 16xx |
| .0032 | 171 | 18xx |
| .0025 | 195 | 25xx |

١- The Basic Tools And Steps Involved In Screenprinting -www.catspitproductionsllc.com/basicsteps.html

٢- Ballew, Joli: PhotoShop CS3 for Screen Printers, Wordware publishing.Inc Taxas.2009. Page 513

٣- Saff, Donald. Sacilotto, Deli: Printmaking History and Proscess, Capital City Press Vermont, New Yourk, 1978, P 300

دوای هەڵبژاردنی مێشی گونجاو ڕوپۆشی مێشەکە بە ماتریاڵی تایبەت دادەپۆشرێت هەموو کونیلە وردەکان دادەخرێت تاکو لەڕێگەی بۆکسی ڕوناکییەوە فیلمی ئامادەکراوە ئەو ڕووکارە بۆ چەند خولەکێک روناکی لێدەدرێت پاشان دەشۆرێتەوە تاکو ئەو ناوچانەی دەبنە ستێنسڵ پاک بێتەوە کونیلەکانیان بکرێتەوە، لەدوای ئەم هەنگاوە رەنگەکان بەکاردەهێنرێت بۆ ئەنجامدانی چاپ سکرینەکە دەخرێتەسەر ئەو رووکارەی چاپەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت پاشان لەڕێگەی سکویجیەوە ڕەنگەکانی سەر ڕووکاری سکرینەکە دەگوێزرێتەوە بۆسەر ڕووکارە چاپکراوەکە هەروەک لەم وێنەی ژمارە (٣٤) دیارە.





وێنەی ژمارە (٣٤)

زۆرجار لە میانی کارکردندا لەناو کارگە و چاپخانەکاندا ڕێگەو شێوازی جیاواز خۆیان دەخزێنێتە ناو پرۆسەی کارکردنەوە جا چی لایەنی کات بگرێت یاخو لایەنی ماددی تاوەکو لە کۆی دەرهاویشتەکان کەمترین تێچونی هەبێت، لە هەندێک لە چاپخانەکاندا ئامادەکردنی شاشەکە بۆ کارکردن لە نێوان (٥ تا ١٠) خولەک دەخایەنێت کە، ماوەیەکی زۆر کەمە بۆ شتنەوە و دوبارە بەکارهێنانەوەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە ڕێگەی (فاست) فلیمەکان دەشۆنەوە پاشان بە تەنەر بەتەواوی پاک دەکرێتەوە و دوو بارە ئامادەبێت بۆکارکردن.

"سەرەتا دیزاینەکە لەسەر کاغەزی ترێس ئامادەدەکرێت و لەڕێگەی پرینتەرێکی لەیزەرەوە چاپ دەکرێت، پاشان دەکرێتە سەر سندوقی ڕوناکی کە، لە ناویدا ٣ بۆ ٤ گڵۆپی شیری سپی ئاسایی تێدایە فلیمە چاپکراوەکە دەخرێتەسەری پاشان شاشەکەی ئامادەکراوە دوای لێدانی هەمەڵشنەکە وشک کردنەوە لەڕێگەی گەرمکەرەوەکانەوە دەخرێتەسەر فلیمەکە و کێشێکی قورس دەخرێتەسەر شاشەی سکرینەکە بۆ ماوەی ٢-٤ خولەک ڕوناکی بۆ هەڵ دەکەیت وە لەدوای تەواوبوونی ئەو کاتە فلیمەکە بە ئاو دەشۆردرێتەوە ئەو ناوچانە دەردەکەون بە ڕوونی کە، پێشتر بەڕەنگی ڕەش لەسەر فلیمەکان بووە، لێرەوە دەتوانین چاپ بەو سکرینە ئەنجام بدەین بەو ماتریاڵانەی کە، دەگونجێن لەگەڵ چاپکردنەکەدا"[1].

وێنەی ژمارە (٣٥) هەندێک لە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی چاپی سکرینە.

١- محمد ئیسماعیل. چاوپێکەوتن، ٢٠١٦/٢/١٥ کاتژێر ١١،٣٠، چاپەمەنی و سکرین سایە.



وێنەی ژمارە (٣٥)

## ج- ستێنسڵ (Stencel)

"لە هونەری بینەیدا، تەکنیکێکە بۆ دوبارەکردنەوەی دیزاینێک بەکاردێت کە، بە هۆی گواستنەوەی ڕەنگەکانەوە بەناو ئەو بۆشایانەی کە، لە سەر مقەبا یاخود کانزایەک کە، بەئامانج بڕدراون بۆ سەر ئەوڕووەی کە، دیزاینێکی دەخرێتەسەر"[١]

ستێنسڵ دەکرێت بەچەند شێوازێک ئەنجام بدرێت لەڕوی تەکنیکەوە هاندێک جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا. تەکنیکە بڕین (Cut Stencils) "لەم تەکنیکەدا دیزاینەکان گۆشەتیژ و یەک ڕەنگی دەنوێنن هەروەک بەکارهێنانی کاغەزی ڕۆژنامە بە بڕدراوی لەسەر ڕووکاری سکرینەکە و دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە سکرین تاکو چاپەکە ئەنجام بدات ڕەنگ بگوێزێتەوە جگە لەو ناوچانەی کە، کراوەن و براون، دەکرێت لەم تەکنیکەدا ڕاستەوخۆ کاغەز یاخود هەر ماتیریاڵێک بۆ ئەم کارە بگونجێت ببڕدرێت بەپێی خواستی هونەرمەند پاشان بکرێتە سەر ئەو ڕووەی کە، چاپەکەی لەسەر ئەنجامبدەن بەچەند تەکنیکێک ڕەنگکردن ڕەنک بکرێت بەسەر ئەو شوێنانەدا کە، پێویستە بەم شێوازەش دەکرێت چاپەکە ئەنجام بدرێت، لایەنە باشەکانی ئەم کارە خێرای و کەمی تێچونیەتی لەڕوانگەیەکەی دیکەشەوە توانای دەرخستنی وردەکاری دیزاینی کەمترە کەمتر بەرگە دەکرێت بۆ ئەنجامدانی چاپەکە"[٢]

### شێوازی بەکارهێنانی:

بۆ ئەوەی کارێک ئەنجام بدەین پێویستمان بە چەند هەنگاوێکە تاوەکو ئامادەکاری بۆ بەرهەم هێنانی بکرێت کە، بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت.

(هەنگاوی یەکەم: دەبێت بیر لە هەموو لایەنەکانی دیزاینەکەت بکەیتەوە بەگشتی پێش کارکردن.

- سەرەتا دەبێت قەبارەی کارەکە دیاری بکەیت، ئەگەر کارەکە گەورەبوو دەتوانیت وردەکاری بەکار بهێنیت لە دیزاینەکەتدا بەڵام، ئەگەر کارەکە گەورە نەبوو دەبێت دیزایێکی سادە هەڵبژێریت.

- لە سەرەتاوە گرنگە بەکارهێنانی ڕەنگەکان دیاری بکەیت واتە چەند ڕەنگ لە دیزاین کردنەکەدا بەکار دەهێنیت دەبێت دیاری بکرێت، تاوەکو هەر چینەی ستێنسلی تایبەتی خۆی بۆ دروست بکرێت کە، هەریەکەیان دەبنە ڕێڕەوی گواستنەوەی ڕەنگێکی دیاریکراو).[٣]

هەنگاوی دووەم: هێڵکاری سەرەتای کارەکە دەکرێت،لەم قۆناغەدا ئەو وێنەیە دەکێشیت کە، لە دوایدا دەبێت بە ستێنسڵ و دەرئەنجامی چاپەکە دەردەچێت.

هەنگاوی سێهەم: ئەو ماتریاڵە هەڵبژێرە کە، دەتەوێت ستێنسڵەکە پێ ئەنجام بدەیت.

"کۆمەڵێک ماتریاڵی جیاواز هەن کە، دەشێت بۆکاری ستێنسڵ، بەڵام، گرنگە بزانیت چەند جار ئەو

١- The Editors of Encyclopædia Britannica - Stenciling -www.britannica.com/EBchecked/topic/565251/stenciling

٢- Hughes, Ann Darcy & Morris, Hernon: The printmaking Bible,Chronicle Books LLC. United States, 2008, Page 323

٣- How to Make Spray Paint Stencils -www.wikihow.com/Make-Spray-Paint-Stencils

ستێنسڵەی ئامادەت کردووە بەکاری دەهێنیت (یەکجار یاخود چەندجارێک؟)، هەروەها گرنگە ئەو مەتریاڵە هەڵبژێریت کە، دەتوانیت بە ئاسانی کاری لەگەڵدابکەیت."[1]

ئەو ماتریاڵانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت بریتین لە:

١- کارتۆن زۆر بەکاردەهێنرێت لە کاری گەورەدا لەسەر ڕوی تەخت.

٢- کاغەزی ئاسایی بەکاردەهێنرێت بۆ کاری بچوک لەسەر ڕووە تەختەکان و ڕووە هەڵتۆقیوەکان.

٣- کاغەزی پشت لەزگە باشترە لە کاغەزی بێ لەزگە هەروەها دەکرێت لەسەر ڕوی تەخت و ڕوی بازنەیی بەباشی هەڵبواسرێت و کارەکەی لەسەر ئەنجام بدرێت.

٤- پلاستیک بەهەمان شێوە شیاوە بۆکارکردن و دەتوانیت چەند جارێک بەکاری بهێنیتەوە.

٥- پلاستیکی شەفاف کە، دوو جۆری هەیە (لەزگە و بێلەزگە) کە، هەردوکیان بەکاردەهێنرێت).[2]

ئەوماتریاڵانە کە، بەکار دەهێنرێن زۆرن هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەکارکردنەکەدا، دەکەوێتە سەر خواستی هونەرمەند و ئەوکارەی کە، هەڵی بژاردووە ئەنجامی بدات هەروەها ژمارەی دووبارەکردنەوەی بەرهەمەکەشی بەهەمان شێوە ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەوماتریاڵەی کە، هونەرمەند کارەکەی لەسەر دەکات.

واباشە هەموو دیزاینە کێشراوەکان هێڵەکانیان نەرم بێت هەروەها کۆنتراست کاربکرێت، هەروەها ئاسان بێت بۆ بڕین تاوەکو بەئاسانی ئەو پانتاییانە دەربهێنین بە ئامرازەکانی بڕین.

- ئەگەر هاتوو خۆت وێنەکەت کێشا دەبێت ئەو ناوچانە ببڕیت یاخود دەربهێنیت کە، مەبەستە ببێتە ستێنسڵ ڕەنگەکان لەو بۆشاییانەوە دەچەنە سەر ئەو ڕووەی کە، کارەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت.

- ئەگەر وێنەیەکی ئامادە یاخود فۆتۆیەک بەکار دەهێنیت لەم کارەدا پێویستمان بە پرۆگرامەکانی دیزاین دەبێت لە گۆڕینی بۆ وێنەیکی گرافیکی کە، لەسەر بنەمای چەند ڕەنگێکی دیاریکراو پێکهاتووە ئەو پرۆگرامانەی کە، بەکار دەهێنرێن زۆرن لەوانە (adobe photoshop - adobe illustrator)هتد.

- دەبێت ئاگاداری ئەوەبین ئەودیزاینەی کە، هەڵیدەبژێرین لەگەڵ ستێنسڵدا دەگونجێت یاخود نا، ئەگەر تێکسچەری زۆربێت یاخود ئاڵۆزبێت ئاستەمە بتوانێت لەکاتی بڕیندا بە یەک پارچەیی ستێنسڵەکە کۆتاییبێت).[3]

گرنگە لە کاتی بڕیندا ڕەچاوی ئەوە بکەین کە، هەموو بەشە بڕاوەکان بە یەک پارچەیی بمێنێتەوە لەو ماتریاڵەی کە، بڕینەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت تاوەکو لە کاتی بەکارهێناندا بە ئاسانی کاری لەگەڵ بکرێت.

تکەنیکێکی دیکەی چاپی ستێنسڵ بریتییەلە لە چاپی ڕاستەوخۆ (Direct stencils)" لەم تەکنیکەدا هاوشێوەی هەر ڕێبازێکی دیکەی هونەری ماتریاڵی دیکە بەکاردەهێنرێت کە، سێڕەهەندین و دروست کراون بەکارهاتوون هاوشێوەی ڕێدی مەید، دەکرێت ئەو ماتریاڵەی هەڵدەبژێردێت ڕاستەوخۆ بەکار بهێنرێت و هاوشێوەی ئەو تەنەنی بەکار هێنراو بە دوو ڕەهەندی چەپەکە ئەنجام بدرێت." [4]

ڕەنگە لەڕووی بەکارهێنان و شێوازی کارکردنەوە لە هونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ئەم شێوازانە بگۆڕیت دەکرێت زۆر ساناتربێت یاخود زۆر ئاڵۆزتر بێت، گرنگی ستێنسڵ دەگەڕێتەوە بۆ تاواناکانی کە،

---

١- The Materials -www.stencilarchive.org/node/3

٢- Stencil -http://en.wikipedia.org/wiki/Stencil

٣- Making the Stencil -www.wikihow.com/Make-Spray-Paint-Stencils

٤- Hughes, Ann Darcy & Morris, Hernon: The printmaking Bible,Chronicle Books LLC. United States, 2008, Page 331

زۆرێک لە کردەهونەرییەکاندا بەکاری دەهێنرێت بەتایبەتیش لەهونەری (Mural Art) وە دەکرێت بەهەر قەبارە بتەوێت کارەکە ئەنجام بدەیت کە، سنورێکی فراوانی هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردە هونەرییەکان، وێنەی ژمارە (٣٦) هەندێک لە هەنگاوەکەنی ئامادەکردنی ستێنسڵ بۆ ئەنجامدانی چاپێکی یەک ڕەنگی.

چاپی گرافیکی سنورێکی فراوانی هەیە لەڕوی تەکنیکەوە لەنێوەندی هونەری و پیشەسازیشدا رەنگە



وێنەی ژمارە (٣٦)

نەتوانین هەموو پرۆسێسەکانی بەئەنجام گەیاندنی چاپ ڕاڤە بکەین هۆکارەکەشی دەگەڕیتەوە بۆ ئەو داهێنانە تەکنەلۆژیاییانەی کە، ڕۆژانە لەم مەیدانەدا دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژگەیەدا باس لە ڕێگا سەرەکییەکانی کراوە کە، کردە هونەرییەکان لەسەر ئەنجامدەدرێت زیاتر لە پرۆسەی کاری هونەریدا بەکاردەهێنرێت لەم خشتەی ژمارە (٣٧) خوارەوەدا جۆری چاپ و شێوازەکانی خراوەتەڕوو.

| Process: | Relief | Intaglio | Planographic | Stencil |
|---|---|---|---|---|
| Common Name: | A. Woodcut<br>Linocut<br>Embossing<br>B. Wood Engraving | Engraving<br>Drypoint<br>Mezzotint<br>Etching | Lithograph | Serigraph (Silkscreen)<br>Screenprint |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| What area Prints: | Prints what is left of the surface. | Prints what is below the surface of the plate. | Prints what is drawn on the surface. | Prints open areas of the stencil. |
| Type of Press: | A. Household tablespoon<br>B. Washington Press or Letter- | Etching Press | Litho Press | Original serigraphs are usually hand-screened. |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Materials: | A. Plank-grain wood<br>Linoleum<br>B. End-Grain wood | Copper<br>Zinc<br>Plastics, etc. | Limestone<br>Zinc<br>Aluminum plates, etc. | Silk<br>Organdie<br>Nylon, etc. |
| Basic Tools: | Knife<br>Gouge<br>Burin<br>Dowel, etc. | Etching Needle<br>Burins<br>Acids<br>Grounds<br>Mineral Spirits, etc. | Litho Crayon<br>Tusche<br>Litho Rubbing Ink, etc. | Squeegee<br>Screen<br>Nufilm<br>Glue<br>Emussion |

وێنەی ژمارە (٣٧)

# توێژگەی سێهەم

## ماتریاڵ و تەکنیکەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی

هەر لەسەرەتای دروستکردنی یەکەم فۆڕمی سیرامیک و پاشان سورکردنەوەی و بەکارهێنای لەلایەن مرۆڤەوە، کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەک بۆ ئەم پرۆسەیە دروست بوو، کە، سەرەتا لە ئامادەکردنی جۆری ماتریاڵی بەکارهاتوو (گڵ) و پاشان شێوازی بونیادنانی فۆرمەکەوە دوا بەدوای ئەوەش جوانکاری و رازاندنەوەی فۆرمەکە پاشان میکانیزمی کۆتایی سورکردنەوەی ئەو فۆرمە، ئەمانە تاکو ئەمرۆ لە بەرەو پێشچووندان چ لەڕووی تەکنیک و چ لەڕووی کیمیاییەوە بۆ مەتریاڵە بەکارهاتووەکانی لەئەنجامدانی فۆڕمی سیرامیکی، پاش پێشکەوتنی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیک لە پیشەوە بۆ هونەرێکی رەسەن و سەربەخۆ دوور لە هەر رۆڵیکی پیشەی و بەکارهینان، دەکرێت بەچەند قۆناغێکدا بڕوات تاکوو کردەیەکی هونەری پێکدەهێنرێت.

## یەکەم: بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی سیرامیکی

لە زۆرینەی ڕێبازو قوتابخانە هونەریەکاندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە، هونەرمەندان ئازادن لە هەڵبژاردنی شێوازو ماتریاڵی گونجاو بۆ وەدیهێنای کردە هونەرییەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی فۆرمێکی هونەری کە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت.

**١- خامە** (Raw Material):

"دەکرێت بڵێن ئەو پێکهاتە سەرەکییەیە کە، کارێکی هونەری لێپێکدێت، بەواتایەکی دیکە هەنەرمەند فۆرمە هونەرییەکەی بەرجەستە دەکات لە مەتریاڵێکی دیاریکراو تاکو بتوانێت کردە هونەرییەکانی بگەیەنێتە کەسانی دیکە ئەم ڕایەڵە مادییە هەمەڕەنگە، دەکرێت بەرد یاخود کانزاکان یاخود قوڕبێت"[١].

بەچەند شێوازێک پێناسە بۆ خامە دەکرێت لەوانە "ئەو ماتریاڵانەیە کە، هونەرمەند کاریان لەگەڵدادەکات بۆ ئەوەی بیان گۆڕێت بۆ شێوازێکی بەهادار کە، هەڵگری ئێستاتیک و دەربڕین بێت، ئەوەش کاری هونەرییە کە، هونەرمەند دیزاینی دەکات و لەلایەن کەسان بەئاگاوە (بینەر) وەردەگیرێت وەک بابەتێکی ئێستاتیکی، وادەکات کە، کردە هونەرییەکان ببنە کارێکی بەهادار، دەبێتە هەڵگری مانا بۆ بابەتێکی دیاریکراو"[٢].

**٢- شێواز** (Style)

کردارێکی خۆویستە و دەربڕینەکان لە ڕێگەی چالاکییەکی ڕێکخراوەوە بەئەنجام دەگەیەنێت و پشت بەڕێکەوت نابەستێت بۆ کردارەکانی، باشترینی فرۆمەکان پێکدەهێنێت و کاتێک هونەرمەند دەبێتە خاوەن شێوازی تایبەتی خۆی لەکاری هونەریدا، لەو کاتەدا دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی کارە هونەرییەکانی بکات و ئازادانە کار بکات لە پێکهێنای کارە هونەرییەکانیدا"[٣]

"شێوازی کاری هونەری جیاوازی خوڵقێنەری کارە هونەرییەکان دەکاتە خاوەن مۆرکێکی تایبەت

١- أميرة حلمي مطر: فلسفة الجمال أعلامها و مذاهبها، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٧٩، ص٣

٢-أماني عيد أحمد االحازمي: دور المفاهيم التشكيلية المعاخرة في تطور التشكيلى الخزفي، جامعة أم القرى، السعودية، ٢٠٠١، ص٤٩

٣- علي خالد عباس: توظيف التقنيات في بنية الشكل الخزفي، هيئة التعليم التقني / بغداد، ٢٠١٢، ص٣٢٣

بەخۆی، دەکرێت شێواز تایبەت بێت بەکارێکی دیاریکراو یاخود ناوچەیەکی دیاریکراو کە، تێیدا ئەنجامدراوە، بۆ نموونە تابلۆکانی فینسنت فان کۆخ دەکرێت ڕاستەوخۆ بناسرێتەوە بەهۆی شێواز تایبەتییەکەیەوە لەکارکردن."[١]

**٣- تەکنیکی هونەری** (Art technique):

"ئەو شێوازەیە کە، هونەرمەند مامەڵەی ڕەنگ و مەتریاڵی دەکات لەکارەکانیدا، وە گۆڕانکاری بەسەر ئەم شێوازەدا دێت لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی دیکە"[٢].

**جۆرەکانی گڵ** (Clay types):

"گڵ دەرهاویشتەی هۆکارە سروشتییەکانە لەوانە داخوران لە سروشدا وەک (بەستن، پلەی گەرمای بەرز، پەستان)"[٣] ئەو گڵانەی بەکار دەهێنرێن لە پێکهێنانی فۆرمە سیرامیکییەکاندا دابەش دەبن بەسەر چەند لقێکدا کەسانی شارەزا لەم بوارەدا دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکەی کە، گڵەکەی لێوە پەیدابووە واتا ئەوبەردانەی کەبونەتە گڵ و یاخود ئەو تێکەڵاو بونەی ڕویداوە بەپێ بارودۆخی ئەوناوچەیە کە، گڵەکەی تێدا کۆبۆتەوە دەکرێت ئێمە جۆرەکانی گڵ بکەین بە دوو جۆری سەرەکییەو ئەوانیش بریتین لە.

**١- گڵی سەرەتایی** (Primary Clay):

"ئەم جۆرە گڵە هۆکاری دروست بوونی داخورانی سروشتی بەردەکانە لەڕێگەی کارتێکەری کیمیایی و فیزیاییەوە هاوکات لەهەمان شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە هۆکارە سروشتییەکان نابێتە هۆی گواستنەوە پیسبونیان بە موادی دیکە بەپێی هەڵکەوتەی شوێنەکانیان بە پاکی دەمێننەوە، ئەم گڵە سیفاتە سەرەکییەکەی خۆیان لەدەست نەداوە دوورن لە پیسی و موادی دیکە"[٤]

ئەم گڵە بە سپێتی ڕەنگیان و پاکیان لە خڵتە دەناسرێنەوە هەروەها پلەی گەرمایان بەرزە، "بەم گڵەش دەوترێت چایناکلەی یاخود (کاولین)، گڵی نیشتوو ئەم جۆرە گڵە لەزۆر جێگای جیهاندا هەیە وە زۆرینە ئەم گڵە لە ئینگلتەرا سەرەڕای ئەمەش گڵێکی دەگمەنە ئاسان پەیداناکرێت بۆ کارکردن".[٥]

**٢- گڵی ناوەندی** (Secondary Clay):

لەڕوی ڕێژەییەوە زۆر لەگڵی سەرەتای زیاترە، "هۆکارە دەرەکییەکان وەک (با) لافاو لە شوێنی پێکهاتنی دروستبوونی بنەڕەتیەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنیکی دیکە، و لەمیانی گواستنەوەی و بەریەک کەوتنی لەگەڵ موادی دیکەدا ئەمانە وادەکەن قەبارەی دەنکۆڵەکانی بچوک ببێتەوە هەروەها

١- Dickerson, Madelynn: The handy art History answer book,Visible ink Press, United States, 2013, page 15

٢- علي خالد عباس: توظيف التقنيات في بنية الشكل الخزفي، هيئة التعليم التقني / بغداد، ٢٠١٢، ص٣٢٤

٣- ناهد محمد موسى تركستاني: أساليب التشكيل الخزفي، جامعة الملك عبد العزيز ، سعودية/٢٠١٥، ص ٤٥

٤-البدري، علي حيدر صالح: التقنيات العلمية لفن الخزف، ج١ ط١ بغداد، المغرب للطباعة النشر و الطصميم، ٢٠٠٢، ص٣١

٥- حسين ناصر حسين: فن أشغال الغزف والفخار، دار الأسراء للنشر و التوزيع، عمان،٢٠٠٢، ص ٣٠

بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەو ماتریاڵانەی کە، پێکهاتەی گڵەکەدانین دەبنە هۆکاری گۆڕینی سیفەتە فیزیاییەکانی گڵەکە"[١].

## دووەم: جۆرەکانی گڵی سیرامیک:

### ١- گڵی فوخاری زەمینی (Earthenware):

"زۆرینەی پیشەسازییە فوخارییە سەرەتاییەکان لەم بازنەیەدا کاریان کردووە لەوانە فوخاریاتی وڵاتی دووڕووبار، دۆڵی نیل هەروەها، ئەوڕپاش لەسەدەی هەڤدەدا، هەروەها فوخاریاتی ئیسلامی و فارسی و ڕۆمانی و یۆنانی کۆن لەم گڵەیەن بەکارهێناوە لەکارەکانیاندا، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەربڵاوی ئەم جۆرە گڵە کە، لەسەر ڕووی زەوی یاخود نزیک لە ڕوەکەیەوە هەیە، لەگەڵ بونی بەشێک لە ئاسن لەکاتی شیبونەوەیدا تێکەڵی گڵەکەدەبێت ڕەنگێکی سور دەبخەشێتە گڵەکە وەک (قاوەی، سوور، ڕەساسی، سەوزباو) لەدوای سوربەونەوەشی دەبێت بە ڕەنگی سوور یاخود قاوەی، ئاسن یەکێکە لە هۆکارەکانی کە، پلەی گەرمای ئەم گڵە لەنێوان ٩٠٠ بۆ ١١٠٠ جێگیر دەکات."[٢].

### ٢-گڵی بەردی (Stoneware):

ئەم جۆرە گڵە هاوشێوەی گڵی زەمینیە (Earthenware)، گڵێکی ناوەندییە. ئەم جۆرە گڵە لەڕووی پلاستیکی، ڕەنگ، و پلەی پێگەیشتنی بەرزترە لە گڵی زەمینی. ئەم جۆرە گڵە پلاستیکیەتی بەرزەو لەدوای سوربونەوەشی ڕەنگی سپی یان ڕەساسی، زەردباو دەبێت. پلەی پێگەیشتنی ئەم گڵە لە نێوان (١٢٠٠-١٢٥٠) پلەی سەدییە. بونی هەندێک مادەی دیکەدا دەبێتە هۆی دابەینی پلەی گەرمای ئەوانیش بریتین لە (ئاسن، فلسبار)."[٣].

"ئەم جۆرە گڵە بەتەنها بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی فۆرمە فوخارییەکان، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بونی ڕێژەیەکی زۆر لە فلسبار کە، بەیەککگرتووی لەگەڵ پێکهاتەی قوڕەکدایە و دەبێت هۆی دروستبونی تایبەتمەندی ئەرێنی بۆ فرۆمەلەکردنی شێوەکان، جەستەیەکی بێ کونیلەی دەبەخشێتە فوخارەکان بە ڕێژەی لە دوای سورکردنەوەی، بۆیە زۆرینە فوخار سازەکان ئەم جۆرە گڵە بەکاردەهێنن."[٤]

### ٣- گڵی پۆرسەلین Porcelain

"ئەم جۆرە گڵە بەکاردەهێنرێت بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێک کاری هونەری کە، لەپەلەی گەرمای (١٢٥٠-١٣٠٠)سەدیدا لە فوخارەوە دەگۆڕێت بۆ شوشەیەکی نیمچە ڕوون لەڕێگەی ئەم پلە گەرمایەوە پێکهاتەی گڵەکە پەیوەندییەکی یەکگرتوو دروستدەکات لەگەڵ شوشەی گڵەکەدا. دەرئەنجامی بەرهەمی ئەم جۆرە

١- نعيمة محمد عبدالله، الخزف المعاصر في كردستان العراق سماته و مضامينه الفنية، رسالة الماجستير ، غير منشورة، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٧٧

٢- نعيمة محمد عبدالله، الخزف المعاصر في كردستان العراق سماته و مضامينه الفنية، رسالة الماجستير ، غير منشورة، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٧٨

٣-Muller, Kristin. Zamek, Jeff: The Potter›s Complete Studio Handbook: The Essential, Start-to-Finish Guide … Quayside Publisihging Grop, United States of America, 2011, Pge43

٤- نعيمة محمد عبداللههەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ص٧٩

گڵە زۆر ناسک دەنوێنن و بە بەرهەمی دەوڵەمەندەکان دەناسرا. لە مێژووی گۆزەگەریدا وڵاتانی (چین، یابان، کۆریا) ئەم گڵەیان بەکار دەهێنان."[(١)]

پێکهاتەی پۆرسەلین زۆر سانیە واتە ئەو تێکەڵەی کە، پۆرسەلین پێکدەهێنێت، "پۆرسەلین گڵێکی دروستکراوە واتە* لەسروشدا بەتەنها نییە بەڵکو بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی گڵی پلە گەرما بەرزدا کە، کائولین بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی پۆرسەلین و فوخاری سپی دادەنرێت، لەپلەی گەرمای (١٨٠٠) سەدیدا شل بونەوە ڕوونادات"[(٢)]

## سیفاتەکانی گڵ

گڵ لەدوای ڕامالّین و شیبونەوەی دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێک سیفاتی کیمیایی و فیزیایی تایبەت بە خۆی، "گرنگە لەکاتی هەڵبژاردنی گڵی پێویستدا بۆ کارە هونەرییەکان دەبێت ڕەچاوی ئەم دوو سیفاتە تایبەتیانەی گڵ بکەین بە بێ جیاوازی لەنێوانیاندا، لەکاتی ڕودانی هەر گرفتێکدا لە سیفاتە فیزیایی و کیمیاییەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە، جۆری ئەو گڵە گونجاو نییە، هەر بۆیە پێویستە لەسەر بەکارهێنەری گڵ بۆکردە هونەرییەکان ئاگاداری هەردوو سیفاتی فیزیایی و کیمیای گڵی هەڵبژێردراوبێت بۆکارەکەی"[(٣)].

### سیفاتە فیزیاییەکانی گڵ:

لایەنی فیزیای گڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی جۆری گڵی هەڵبژێردراو، "لەکاتی بەکارهێنانی گڵدا لەڕێگەی ئامراز یاخود دەستەوە وەرگرێکی باشە و خاوەن نەرمییەکە بۆ فۆرمەلە کەردنی، لەتوانایدای هەموو ئەو فۆرمانەی لێدروست بکرێت لەڕوی ئاسۆی و ستونیشدا و وەک خۆی بمێنێتەوە لەدوای وشک بونەوەشی بەبێ ئەوەی بشکێت، ئەم فۆرمانە دەتوانێت نەخش و نیگار وەربگرێتە سەرجەستەکەی لەڕێگەی زیادکردن یاخود لێکردنەوە بە شێوەیەکی گونجاو ئەم سیفەتەی گڵ دەوترێت (پلاستیکی). پلاستیکیەتی گڵ پشت بە ئەو کاریگەرییانە دەبەستێ کە، دەنکۆڵە وردەکانی پێکهاتی گڵکەیە دروستی دەکات کە، هەندێکیان گەورەیە هەندێکیان بچوکە لەگەڵ ئاودا یەک دەگرن و تۆڕێکی پەتەو دروست دەکەن لەنێوان دەنکۆڵەکاندا ئەمەش تواناياکەی میکانیکی دەبەخشێتە گڵەکە"[(٤)].

---

١- Muller, Kristin. Zamek, Jeff: The Potter›s Complete Studio Handbook: The Essential, Start-to-Finish Guide ... Quayside Publisihging Grop, United States of America, 2011, Pge43

٢- Rhodes, Daniel: Clay and Glazes for the potter, Krause pulications Lola, London,1998, Page 52

٣- حسين ناصر حسين: فن أشغال الغزف والفخار، دار الأسراء للنشر و التوزيع، عمان،٢٠٠٢، ص ٣١

٤- Rhodes, Daniel: Clay and Glazes for the potter, Krause pulications Lola, London,1998, Page 10

*کاولین توانای بەرگری زۆرە بەرامبەر بە ئاگار پلەی پێگەیشتنی لەدوای ١٨٠٠ پلەی سەدیەوە کە، لەدوای ئەم پلەیە شل دەبێتەوە هەروەها یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی گڵی پۆرسەلین، ئەمگڵە بەتەنها بەکار ناهێنرێت دەبێت لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی گڵدا تێکەڵ بکرێت تاکو بتوانێت کاری پێبکرێت هۆکارەکەشی ناڕێکی لە دابەشبونی گەردەکانیەتی. سەرچاوە:
جون ديكروس: صناعة الفخار، ت، هاشم هنداوي، ناصر السعدون، دار الشون السقافة، بغداد، ١٩٨٩، ص٢٣

**سیفاتە کمیاییەکانی گڵ:**

گڵ یەکێکە لەگرنگترین کانزاکانی دونیا بەهۆی گۆڕانکارییە جۆراو جۆرە کیمیاییەکان بەسەریدادێت هاوکێشەی کیمیای گڵ بریتییە لە $Al_2o_3 \cdot 2sio_2, 2H_2o$.


١- کاتێک گڵ پلەی گەرمای دەگاتە ١٠٠ پلەی سەدی ئاو فیزیای لە کونیلەکانی ڕووکارەکەیەوە دێتە دەرەوە دەبێتە هەڵم، ڕێژەی ئاوی کیمایی لە ناو گڵەکەدا لەدوای پلەی گەرمای ٥٠٠-٦٠٠ سەدی دەبێتە هەڵم، لەدوای ئەم قۆناغە شێوەکە دەگۆڕێت بۆ بەرد کە، هۆکارەکەشی ئەو گۆرانە کیماییە بەسەر پێکهاتەکەیدا دێت پێی دەوترێت (گڵجۆش).

٢- پێکهاتەی کیمیایی گڵ: ئەو مادانە دەگرێتەوە کە، لە پێکهاتەی گڵەکەدا هەن یاخود بۆی زیاد دەکرێت ئەونیش بریتین لە (ئۆکسیدی ئەلومینا، کۆکسیدی سلیکۆن، ئۆکسیدی هایدرۆجین، ئۆکسیدی سۆدیۆم، ئۆکسیدی پۆتاسیۆم، ئۆکسیدی مەگنیسیۆم ئۆکیسی لیسیۆم، ئۆکسیدی ئاسن.[١]

## سێهەم: ڕێگەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی

چەندین ڕێگەی جیاواز هەیە کە، دەکرێت پەنای ببرێتە بەر لە پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکیدا، ئەم ڕێگەیانە زۆرجار جۆری خامەی بەکارهاتوو دەیگۆڕێت یاخود ئەو فۆرمەی کە، خەیاڵی هونەرمەند دروستی دەکات پێویستی بەڕێگەیکەی تایبەت هەیە بۆ پێکهێنانی، چەندین هۆکاری دیکە هەن کە، دەبنە گۆڕین و بەکارهێنانی ڕێگەی جیاواز کە، لێرەدا باس لەچەند ڕێگەیەک دەکەین کە، بەگشتی بەکاردەهێنرێن لە پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکیەکان وەک:

### ١- پێکهێنان لەڕێگەی پەستانی دەستەوە Pinch Pots.



وێنەی ژمارە (٣٨)

سەرەتایترین ڕێگەکانی پێکهێنانی فۆرمە فوخارییەکان و دیزاین کردنیان لەڕێگەی پەستانی دەستەوە بووە بۆ سەر پارچە قوڕە بەکاردەهێنرێت، گڵێنە دروست کراوەکان بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامرزێکی فۆرمەکان بەتەوای لێوە پێکدەهێرنێت.

"لەکاتی کارکردن لە سەر ئەم شێوازە دەبێت یەک پەنجە بخرێتە ناوەڕاستی تۆپەڵە قوڕە ئامادەکراوەکەوە پاشان پەستان بخرێتە سەر بۆ دروستکردنی بۆشاییەک لە ناوەڕاستیدا لەهەمان کات بە پەنجەکانی دیکە تەواوی فۆرمەکە دەگیرێت تاکو کۆنترۆڵی ئەوشکڵە بکرێت کە، داواکراوە.

لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە دەکرێت کەسی بەکارهێنەر ئاشنابێت بە ساوای قوڕەکەو چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی پێکهێنانی جۆرە جیاوازەکانی قوڕ و هەروەها دەرخستنی پلاستیکیەتی قوڕەکەش".[٢]

لەم چەند وێنەیەدا دەکرێت هەنگاوەکانی پێکهێنای ئەم شێوازە ببینرێت وێنەی ژمارە (٣٨)

١- حسين ناصر حسين: فن أشغال الغزف والفخار، دار الأسراء للنشر و التوزيع، عمان،٢٠٠٢، ص ٣٣

٢- بيلنيكتون، دورا.م: فن افخار صناعة و علما، ت-عدنان خالدون و أحمد شوكت، بغداد، دار الحرية للطباعة ١٩٧٥ ص ٨

## ٢- پێکهێنان بەڕێگەی مارمارۆکە Coils

یەکێکە لەڕێگە ساناکانی پێکهێنانی فۆڕمی فوخاری، زۆرێک لە مامۆستایان پەنا دەبەنە بەر ئەم ڕێگەیە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سانایییەکەی، ئەم شێوازە بریتیە لە کۆمەڵێک مارمارۆکە هاوشێوە لەیەک خاوەن پلاستیکیەتی باشە.

"هەنگاوی یەکەم لەم کارەدا بنەچەیەک بۆ کارەکە دروست دەکرێت، پاشان مارمارۆکە بازنەییە هاوشێوانە لەسەر دادەمەرزرێنرێت بەڕوشاندنی هەردوو ڕووی سەرەو و ژێرەوەی، لەکاتی گەورەکردنی فۆمەکەدا بەڕووی دەرەوە بازنەکان گەورەتر دەکرێت بە پێچەوانەشەوە بچووک دەکرێتەوە، بۆ پێکەوە لکانی ئەم مارمارۆکانە دەکرێت کۆتا چین پاڵی پێوە بنرێت بۆ چینی ژێر خۆی چینی ژێر خۆشی بەرەوە سەرەوە ڕابکێشرێت تاکو تێکەڵبوون ڕووبدات لە نێوانیاندا، هەندێک جار سلیپ بەکاردەهێنرێت لەنێوان مارمارۆکەکاندا تاکو بەشێوەیەکی باشتر پێکەوە بلکێن، دەبێت ئەم سلیپە لەهەمان قوڕی بەکارهاتوو بێت بۆ فۆرمەکە. ئەوخاڵە لاوازانەی کە، لەم تەکنیکەدا بەدی دەکرێت لەکاتی وشک بونەوە و سورکردنەوەدا وەدەر دەکەوێت هەندێک جار شەق بوون یاخود لێک جیابوونەوە ڕوو دەدات لەنێوان لێکدانەکاندا".[١]

"یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی مارمارۆکە دەبێت لەکاتی وشک بونەوەدا زۆر بەخاوی ئەم پرۆسەیە تێپەڕێنرێت کە، ئەمەش پەیوەستە بە قەبارەی شکڵەکانەوە، وە لەکاتی پێکهێنای فۆڕمی گەورەدا قوڕی زبر پەسەنترین جۆری قورە بۆ ئەم ڕێگەیە".[٢]

ئەم ڕێگەیە پێویست بەچەند ئامرزێکی لەوانە "دەفرێکی پڕ لەئاو - پارچەیەک ئیسفنج - دەرزی بڕین،- پالێت سافکردن"[٣] هەندێک لەم هەنگاوانە لە وێنەی ژمارە (٣٩) دیارە. هونەرمەند (داڤیت رۆبێرت) (David Roberts)ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنێت لە پێکهێنانی زۆرینە فۆرمەکانیدا وێنەی ژمارە (٤٠) یەکێکە لەکارەکانی ئەم هونەرمەندە.



وێنەی ژمارە (٣٩)



وێنەی ژمارە (٤٠)

١- كلية لمعلمين بالرياض: أشكال الخزف والطين، السعودية، ٢٠١٢، ص٧

٢- نعيمة محمد عبدالله: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ص ٨٢

٣- حسين ناصر حسين: فن أشغال الغزف والفخار، دار الأسراء للنشر و التوزيع، عمان،٢٠٠٢، ص ٤٨

## ٣- پێکهێنان لەڕێگەی فەرشی قوڕەوە Slab

لەم تەکنیکەدا فەرشە قوڕییەکان بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی فۆرمە سیرامیکییەکان وەک سەرەتایەک بۆ بەکارهێنەرانیش فۆرمە ئەندازییەکانی باشترین نموونە بۆ دروستکردنیان، ڕێگایەکی زۆر خێراو ئاسانە بۆ برین و فۆرمە پەیکەرییەکان.

شێوازی کارکردن. "بری قوڕی پێویست لەسەر ڕوویەکی ڕێک تەختە پان دەکەینەوە پاشان لەڕێگەی تیرۆکەوە بەبەکارهێنانی دوو پارچە تەختە تەریب و هاوشێوە بۆ باڵانسکردنی تیرۆکە و قوڕەکە دەکرێت، یاخود بڕیک قوڕی شێلراوی ئاست ڕیک لەڕێگەی برینی پانتاییەکی ئەستور لەقووڕ بە بەکارهێنانی سیمی برین لەڕێگەی دوو پارچە تەختەی هاوشێوە پارچە پارچە قوڕەکە دەبردرێت بۆ چەند چینێکی هاوشێوەی یەکتر".[١]


دروستکردنی فۆرمەکان و پێکەوەلکاندنی ئەم فەرشە قوڕیان لەڕێگەی ڕوشاندن و سلیپوە دەبێت تاکو پێکەوە لکاندنەکان پتەو بن، ئەستوری فەرشە قوڕییەکان دەکەوێتە سەر ئەو کارەی پێی ئەنجامدەدرێت پێویستی بە چی قەبارەیەکە و چی ئەستورییەکە.

"تایبەتمەندییەکانی ئەو قوڕەی کە، بەکاردەهێنرێت لەم تەکنیکەدا بۆ فەرشە قوڕیەکان دەبێت گرشبونەوەکەی خاو لەسەرخۆبێت ئەمەش یارمەتی دەرە لە وشکبونەوەی خێرای قوڕەکە و لەکاتی گرژبونەوەی قوڕەکەشدا وردە درز دروست نەکات و خوار نەبێت لە پلاستیکەیەتی قوڕەکەدا نەبێتە هۆی شکانی یاخود دارمانی لەکاتی سورکردنەوەی".[٢]

ئەو پێداویستیانەی کە، لەم پرۆسەیەدا پێوسیتە بریتین لەم کەرەستانە: "دەفرێکی ئاو، ئیسفنج، دەرزی برین، چەقۆی خەزاف، سلیپ، قوماش، تیرۆک،"[٣] لەم وێنەی ژمارە (٤١) هەنگاوەکانی ئەنجامدانی شێوازی فەرشی قورین دیارە. وێنەی ژامارە (٤٢) نموونەی کاری هونەرمەند شۆجی هامادیە بەم تەکنیکە.



وێنەی ژمارە (٤٢)



وێنەی ژمارە (٤١)

---

١- Birks, Tony: The complete Potters Companation, Conran octopus Limited, UK,1997 , page 79

٢- جون دیکرسون: صناعة الخزف، ت هاشم الهنداوي، دار الشون لثقافیة، بغداد، ١٩٨٣، ص ٧٧

٣- حسین ناصر حسین: فن أشغال الغزف والفخار، دار الأسراء للنشر و التوزیع، عمان،٢٠٠٢، ص ٤٩

### ٤- پێکهێنان لەرێگەی قاڵبەوە (Moulds)

ئەم رێگەیە یەکێکە لەرێگا پێشەنگەکانی پێکهێنانی فوخاریاتی مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە زۆر سانایە کە، دەکرێت لە رێگەی پەستان خستنەسەر پارەچە قورێکەوە بۆ ناو قاڵبێک پاشان بۆماوەیەک پێوەی بمێنێتەوە تاکو وشک ببێتەوە و فۆرمی ئەو قاڵبە وەربگرێت. ئەم رێگەی زیاتر لە بواری پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت بۆ لەبەر گرتنەوەی فۆرمە کان بەژمارەیەکی زۆر و کاتێکی کەم، ئەم رێگەی قاڵبکردنە دەکرێت بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش ببێت و کاریان پێبکرێت.

**یەکەم:** لەرێگەی پەستان خستنەسەر قورەکە بۆ ناو قاڵبکە. **دووەم:** یان لەرێگەی فەرشکردنی قورەکەو پیادانی بەسەر قلبەکەدا یاخود بەدەوریدا تا فۆرمی قاڵبکە وەربگرێت. **سێهەم:** بەم رێگەی دەوترێ قاڵبی سلیپی (Slips Casting) سلیپی قور و قاڵب بەکاردەهێنرێت.[1]

باوترین ئەو رێگەیانەی کە، قاڵبی پێ ئەنجامدەدرێت بریتن لە: قاڵبە قورییەکان (Mould of clay)، قاڵبە کانزاییەکان، تەختەییەکان، قاڵبە گەچییەکان. وە لە دروستکردنی فۆرمە سیرامیکییەکاند زیاتر قاڵبی گەچی بەکاردەهێنرێت. لێرەدا دوو جۆر گرنگ دەخەینە روو لە رووی قاڵبکردنەوە کە، زۆر باوون وەک:

#### ا- پەستان خستنەسەر فەرشە قورییەکان بۆ ناو قاڵبی گەچ.

"کاتێک تەبەقێک یاخود چینێک لە قوری دەخرێت قاڵبێکی روچاڵەوە بۆ ئەوەی ببێتە دەفرێک، بەم دەرئەنجامە دەوترێت دەفرێکی قاڵبی پەستانکراو.

رووی قاڵبکە راستەوخۆبەر قورەکە دەکەوێت کە، دواتر رووی دەرەوەی دەفرەکە دەنوێنێت، هەرچی رووی ناوەی هەیە لە لایەن دروستکەری قاڵبەکەوە بەجوانی ساف دەکرێت و هاوشێوەی رووی دەرەوەی بێت. وێنەی ژمارە (٤٣) هەنگاوەکانی ئەم پێکهێنانە نیشان دەدات.



وێنەی ژمارە (٤٣)

---

١- نعيمة محمد عبدالله: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ص ٨٣

*قاڵبی گەچ: بۆ دروستکردنی قاڵبەکان گەچە بەکاردەهێنرێت، گەچ بریتیە لە کبرتاتی کالیسێۆم وە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی قاڵبەکاندا، سیفاتێکی گرنگی ئەم گەچە ئەوەی کە، ئارەزوی هەڵمژین ئاوی هەیە بەرێژەیەکی زۆر وە لەگەڵ گڵدا پێکەوە نانوسێن وە لەکاتی دروستکردنی ئەم قاڵبانەدا رەچاوی ئەستوی بکرێت تاکو توانی هەڵمژین ئاوی زیاتربێت لەکاتی بەریەک کەوتنی لەگەڵ قورەکەدا تاکو زۆرت قورەکە وشک ببێتەو: سەرچاە

١- حسين ناصر حسين: فن أشغال الغزف والفخار، دار الأسراء للنشر و التوزيع، عمان،٢٠٠٢، ص ٥٠

لەکاتی سافکردنی بەشی ناوەی دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئەستوری ئەو چینە قوڕە کە، فەرشکراوەتە ناوی لەهەموو شوێنەکاندا یەک ئەستوری بیت، ئەمەش دەکەوێتە سەر لێهاتووی ئەو هونەرمەندی کە، قاڵبەک دروستدەکات لە ڕێگەی بەکارهێنای پالێتی لاسی شێوە گورچیلەی". [١]

## ب- قاڵبکردن لەڕێگەی سلیپی قوڕەوە Slip Casting.

ئەم تەکنیکە بەوە جودا دەکرێتەوە لە تەکنیکەکانی دیکە کە، لە توانایدایە هەموو وەردەکارییەکانی قاڵبکە وەربگرێت، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەتوانرێت لەڕێگەی سلیپەوە چەندین قاڵ بەیەکەوە لە هەمان کاتدا قاڵبکرێت.

ئەو قاڵبانەی لەم پرۆسەیەدا بەکار دەهێنرێن گرنگی خۆیان هەیە،بۆ دەرئەنجامی باش پێویستە لە چاکترین جۆرەکانی گەچ دروست بکرێت، ئەمەش پەیوەستە بە توانای هەڵمژین ڕیژەی ئاو لە سلیپەکەدا هەروەها ماوەی لێکجاییبونەوەی لە دیواری قاڵبکە پاشان وشک بونەوەیان.

ئەو فۆرمانەی کە، بە شێوازی قاڵب دروستدەکرێن چەند سیفاتێکی تایبەتیان هەیە زۆر بە ئاسانی تووشی شکان دەبێت هۆکارەکەشی دەگەڕیتەوە بۆ تەنکی و سوکی فۆمەکان جیاواز لە شێوازە کە، لەڕێگەی پەستانەوە دەکرێنە ناو قاڵبەکانەوە". [٢]

شێوازی کارکردن لەم تەکنیکەدا، "لە هەنگاوی یەکەمدا قاڵبێک دروست دەکرێت، ئەو قوڕەی دەکرێتە سلیپ لەم کارەدا تێکەڵەیە لە گڵی چینی ٥٠٪ ، فلسبار بەڕێژەی ٢٥٪، فلنت ٢٥٪ وە بەزیادکردنی ڕیژەیەکی کەم لە سلیکاتی سۆدیۆمی ئاویە و لەگەڵ ڕێژەیەکی دیاریکراو ئاو ئەم دەبێت سلیپی ئامادە بۆ قاڵبکردن. ئەو قاڵبەی کە، بەکاردەهێنرێت لە گەچ دروست دەکرێت وە دەکرێت لەچەند پارچەیەک زیاتربێت دواتر پێکەوە دەنرێتەوە لەکاتی بەکارهێنانیدا، لە دوای ئامادەی قاڵبکە سلیپەکە دەکرێتە ناو قاڵبەکەوە تاکو پڕ دەبێت پاشا ماوەیەک زیادەی ناو قاڵبەکە دەردەهێنرێتەوە لەم ماوەیەشدا دیواری قاڵبەکە توێژاڵێکی تەنکی لە سلپەکە گرتۆتە خۆ کە، دواتر دەبێتە شکڵە پێکهاتوەکە، لە دوای وشک بونەوەی تەوای قاڵبەکە دەکرێتەوە و پارچە زیادەکانیش دەبڕدێن. [٣] لە هەندێک حاڵەتدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین کە، ئەو فۆرمەی بۆ قاڵبکردن ئامادەکراوە پێویستە بە ئاسانی بێتە دەرەوە ئەگەر هاتوو فۆرمەکە شێوەیەکی ئاڵۆزی هەبوو پێویستە قاڵبەکە لەچەند پارەچەیەک پێکبێت تاکو ئاسانی بەشەکانی بێتە دەرێ. وێنەی ژمارە (٤٤) هەنگاوەکانی قاڵبکردنە بەڕێگەی سلیپ. وێنەی ژمارە (٤٥) کاری هونەرمەند کریس وایت (Christ Wight) لەڕێگەی قاڵبی سلیپیەوە ئەنجامیداوە.

١- Birks, Tony: The complete Potters Companation, Conran octopus Limited, UK,1997 , page 101

٢- Saha, Wardell: Slipcasting, A&C black Publishers, Second edition, Britain, 2007 Page 81

٣- John B. Kenny: The complete book of pottery making, Chilton Book Comapny, Philadelphia, New yourk, Londoan, Nineteenth Printing , 1968, Page 107



وێنەی ژمارە (٤٤)



وێنەی ژمارە (٤٥)

## ٥- پێکهێنان لەڕێگەی ویلەوە Throwing.

ئەم ڕێگەیە بۆ پێکهێنانی فۆرمە فوخارییەکان بەکاردەهێنرێت لە ڕێگەی ویلی کارەباییەوە. وە لەم تەکنیکەدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە تواناکانی کۆنترۆڵکردنی دەستەوە مامەڵەی دروست لەگەل ئەو قوڕەی کە، دەکرێتە فرۆم، خولانەوەی ئەم ویلە کارەباییانەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی فۆرمە جیاوازەکان لەڕێگەی پەستان کردنە سەر قوڕەکە. ئەم تەکنیکە یەکێکە لە تەکنیکە باوەکانی کە، خەزافەکان و ستۆدیۆ سیرامیکییەکان بەکاری دەهێن، هەروەها لە بواری پیشەسازیشدا بەکاردەهێنرێت.[١]

کارکردن لەڕێگەی ویلی کارەبای یاخود قاچ پێویستی بە پراکتیزە کردنێکی زۆر هەیە تاکو بەکار هێنەری بتوانێت تەواوی لایەنکانی کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش پێویست بە توانا و ماندو بونی زۆرە تاکو بگەیەتە ئەو ئاستەی کۆنترۆڵی خێرا سوڕانەوەی ویلەکان بکەیت.[٢]

لەم پرۆسەی پێکهێنانەدا جیاواز لە تەکنیکەکانی دیکە چەند لایەنێکی گرنگ هەیە دەبێت ڕەچاو بکرێت بۆ دەست پێکردنی کارەکە جگەلە جۆری قوڕی هەڵبژێردراو کە، دەبێت بۆ ئەم کارە بشێت و بێ خەوش بێت یەکەم هەنگاوی دەستپێکردن لە سەنتەر کردنەوە دەستپێدەکات.

"دوای دانانی یاخود پێکەوە لکانی تۆپەڵە قوڕی ئامادەکراو بۆ سەر ویلەکە ڕاستەوخۆ دەبێت ئەو تۆپەڵە قوڕە سەنتەر بکرێت بەدەست، لەکاتی دانانی هەردوو دەستا لەسەر تۆپەڵە قوڕەکە خولاندنەوەی ویلەکە لەڕێگەی پەنجەکانەوە هەست پێدەکرێت پاشان پەستان دەخرێتەسەر قوڕەکە تاکو بەتەواوی هەست بەڕیکی تۆپەڵە قوڕە دەکەیت کە، لەژێر دەستدا دەخولێتەوە، گرنگە نەهێڵیت ئەو تۆپەڵ قوڕە وشکبێتەوە لەکاتی نەمانی ئاوی پێویست ئەوا سەنتەرکردن ئاستەم دەبێت لێکخشانەکان بەڕێکی درست نابێت دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەنتەر کردنەکە"[٣]

"تۆپەڵە قوڕە سەنتەر کراوەکە لەسەرەتادا شێوەکەی نیمچە بازنەی بێت باشتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت پاشان بە بەکارهێنانی هەردوو دەست لەسەرەوە پەستان دەکرێتە سەر تۆپەڵە قوڕە سەنتەر

---

١- نعیمة محمد عبدالله: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ص ٨٥

٢- حسین ناصر حسین: هەمان سەرچاوەی پێشوتر، ٢٠٠٢، ص ٤٢

٣- Rogers, Phil: Throwing Pots: A & C Black . London , 2000, page 24

کراوەکە لە خواریشەوە واتا لاکانی دەست شل دەکرێت تاکو بتوانیت بەشی سەرەوەی بە یەکسانی ڕیک بکرێتەوە ئەستوریەکی مام ناوەندی هەبێت."(١)

لەدوای سەنتەرکردن هەنگاوێکی دیکە دێتە پێشەوە، " کردنەوەی بۆشاییەک لە ناوەڕاستی قوڕە سەنتەر کراوەکەدا، دەکرێت لەڕێگەی پەنجە گەورەکانەوە بێت بۆ ناوەڕاستی تۆپەڵە قوڕەکە پاشان پەستان خستنەسەری بۆ خوارەوە بە پاڵپشتی پەنجەکانی دیکە بۆ دیوی دەرەوەی تۆپەڵە قوڕەکە تاکو بەشێوەیەکی دروست ڕێک ئەو بۆشاییە دروست بکرێت دواتر ئەو بۆشاییە بۆ دەرەوە ڕابکێشرێت تاکو بازنەیەکی کراوە دروست ببێت، لەدوای ئەم هەنگاوە قۆناغی بەرزکردنەوەی قوڕەکە دێت بۆ سەرەوە لێرەدا دەبێت لە دوو ڕووی جیاوازەوە پەستان بخرێتە سەر دیواری ناوەوە و دەرەوەی لە ڕووی دەرەوە پاستان بۆ ناوە دەکرێت لەڕووی ناویشەوە بۆ دەرەوە بەم شێوەیە هێواش بەرەو سەرەوە هەردوو پەستانەکە دەبرێت تاکو دیوارێکی لولەی دروست ببێت".(٢) لە هەموو ئەم هەنگاوانەدا دەکرێت ئامراز بەکار بهێنرێت ئەگەر خواستی لەسەر بوو لە لایەن دروستکەری فرۆمەکەوە هەندێک لە بەکارهێنانی تەنها لەڕێگەی پەنجەکانەوە هەموو مامەڵەکە دەکەن تاکۆتای.

"دروستکردنی فۆرم لەدوای قۆناغی شێوە لوولەییەکە. دیوی دەرەوەی دەکرێت لەڕێگەی پالێتی لاسیک یاخود تەختەوە ساف و ڕیک بکرێتەوە بە بەکارهێنای پەستانێکی کەم لە دیوی ناوەوە لەڕێگەی پەنجەکانەوە تاکو گێڕی و لە سەنتەر دەرچوون ڕوو نەدات فۆرمەکە بەتەواوی ڕیک بێتەوە ئەگەر لەم قۆناغەدا ئەو فۆرمە لولەکەیە ئامانجبێت، بەڵام، ئەگەر ویسترا فۆرمەکە بگوڕدرێت ئەوا بە پێ دیزاینی دانراو بۆ ئەو فۆرمە مامەڵە دەکرێت، ئەگەر خواسترا بەشی سەرەوەی بچوو بکرێتەوە وەک دەمێکی گۆزەی لێبێت دەبێت خولاندنەوەی ویلەکە هێواش بکرێتەوە و لەڕێگەی هەردوو دەستەوە پەستان بخرێتە سەر قوڕەکە بۆ ناوە کە، بە کۆکردنەوە دەناسرێت یاخود ئەگەر گەورە کردن ئامانجبێت ئەوە لە ناوە پاڵ دەنرێت بۆ دروە تاکو کرانەوە هەبیت بەڕووی دەرەوەدا."(٣) وێنەی ژمارە (٤٦) هەندێکە لە هەنگاوەکانی ئەم ڕێگەیە. وێنەی ژمارە (٤٧) کاری هونەرمەند بۆبی سیلڤەرمانە (Bobby Silverman) بەم تەکنیکە.



وێنەی ژمارە (٤٧)



وێنەی ژمارە (٤٦)

١-Birks, Tony: The complete Potters Companation, Conran octopus Limited, UK,1997 , page 22

٢- John B. Kenny: The complete book of pottery making, Chilton Book Comapny, Philadelphia, New yourk, Londoan, Nineteenth Printing , 1968, Page 38

٣- Charlotte F. Speeight. John toki: Make it in clay, Mayfield Publishing Companay, California, 2001, page 113

لە دوا قۆناغی کۆتای فۆمەکەدا لەڕێگەی ئامرازەکانەوە کارەکە بەتەوای پاک دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو زیادە هەبوو لە بنجەچی فۆرمەکە ئەوە لێدەکرێتەوە ئەگەر گێڕی هەبوو لە بەشی سەرەوەی دەمەی فۆرمەکە ئەوەش لەڕێگەی دەرزیەوە و سوڕانەوەیەکی مام ناوەندەوە زیادەکە دەبڕدرێت، پاشان بە ئیسفنجێکی شێدار لێوارە تیژەکان ناهێڵدرێت، دواتر چاوەڕی دەکرێت کە، فۆرمەکە کزر بێتەوە لەڕێگەی سیمێکەوە لەسەر قاعیدەکە جیادەکرێتەوە بۆ وشکبونەوە هەڵدەگیرێت.

## ٦- پێکهێنان بە بەکارهێنانی چاپەکەری سێڕەهەندی 3D Printing Ceramic.

لەگرنگترین داهێنانەکانی تەکنیکی کارکردن لە بوارە هونەریەکاندا هونەری سیرامیکیش بێبەش نییە لەم داهێنانە، لەئێستادا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی ئەوفۆرمانەی کە، ئاستەمە لەڕێگەی دەست یاخود قاڵبە دروست بکرێت، لە هەمان کاتدا پێویستی بە شارەزاییەکی تەواو زانستیانە و کۆمپیوتەریانە هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارێک.

"چاپەکەرە سێڕەهەندییەکان (3D printer) نموونەیەکی دیجیتاڵی کۆمپیوەتەر دەگۆڕیت بۆ فۆرمێکی بەرجەستەی سێ ڕەهەندی لەگەڵ هەرچینێکی دانراو لەلاین چاپەکەرەوە پاوەدری تایبەت وەک پاڵ پشتێک بۆ ئەوچینە دادەنرێت"[1] تاکو کۆتا چینی فۆرمە سێڕەهەندییەکە ئەم پرۆسەی بەردەوام دەبێت لەگەڵ هەرچینێکی چاپەکەرەکەدا پاوەدری دادەنرێت.

"لەکاتی دروستکردنی هەرفۆرمێکی سێڕەهەندی بەبەکارهێنای سلیپی شل و پاوەدر بۆ پاڵپشیت و وشک بوونەوە دەبێت پێکهێنانی ئەو فۆرەمە سێڕەهەندییە وابێت کە، لەدوایدا پاوەدرە پاڵپشتەکە ڕێگەی دەرچونی هەبێت و لەناو فرۆمەکەدا قەتیس نەخوات."[٢]

پێکهێنای فۆرمە هونەرییەکان لەڕێگەی کۆمەڵێک پرۆگرامەوە دەکرێت ئەنجام بدرێت "ئەو فۆرماتە دیجیتاڵییە کەزۆر باوە و دەبێتە فایلی ئامادەکراو بۆ چاپەکەرە سێڕەهەندییەکە بەناوی (SAD)یە، زۆربەی پرۆگرامە دیجیتاڵییەکانی ئامادەکردنی فۆڕمی سێڕەهەندی لەتوانایان دایە ئەم فایلە دروست بکەن لەڕێگەی چاپەکەری سێڕەهەندییەوە فۆرمەکە بکرێتە فرۆمێکی بەرجەستەو سێڕەهەندی".[٣]

وێنەی ژمارە (٤٨) نموونەی چاپکردنی سێ ڕەهەندییە بە بەکارهێنانی قوڕ.



وێنەی ژمارە (٤٨)

١-Turner Anderson, : Ceramic Art: Innovative Techniques, Ceramic Publications Comapny, America, 2011, page 43

٢-Mongeon, Bridgette : 3D Technology in Fine Art and Craft: Exploring 3D Printing, Scanning ..., Focal Press, New yourk and London, 2016 Page 207

٣- Turner Anderson, : Ceramic Art: Innovative Techniques, Page 42

## چوارەم: شێوازەکانی جوانکاری لە هونەری سیرامیک

هەرچەند هەر لەسەرەتاوە هەموو فۆرمە ساکارەکان گەر زۆر بەسانایشبێت هەوڵدراوە جوانکاری بکرێت لەڕوی فۆرم یاخود ڕووکاری دەرەوەی، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بووە بۆ هەزاران ساڵ و وە بۆ دواتریش هەر بەردەوام دەبێت. لە نێوان هەموو ئەو کۆمەڵگەو کولتووره جیاوازانەدا کاری زۆر ناوازە و پڕ لە ئیستاتیک ئەنجامدراوە هەر کۆمەڵگەیەکیش تایبەتمەندی خۆیان هەبووە لە ڕووی دیکۆر کردن و ڕازاندنەوەی فۆرمەکانیان. بەگشتی کۆمەڵێک تەکنیک هەن کە، دەکرێت فۆڕمی سیرامیکی لە ڕێگەیەوە بڕازێنرێتەوە کە، خۆیان لە چەند شێوازێکدا دەبینە لەوانە:

### یەکەم: شێوازەکانی ڕازاندنەوە لەڕێگەی قوڕی ڕەنگاورەنگ پێش فەخرکردن

دەکرێت بە چەند ڕێگەیەک قوڕی ڕەنگاو ڕەنگ بەکار بهێنرێت فۆڕمی جۆراو جۆری گڵێنەیان لێ دروست بکرێت، سەرەڕای بوونی چەند تەکنیکێکی تایبەت بەم گڵە ڕەنگاوڕەنگانە لە کاتی دروستکردنی فۆرمەکاندا بەکاردەهێنرێت و لایەنی ئستاتیکی ئەم گڵانە نیشان دەدەن. بەڕەچاوکردنی لایەنی پلاستیکەیتی گڵە کە، بەکاردەهێنرێت لە پێکهێنانی فۆرمەکاندا تاکو نەبێتە هۆی دروستبونی شاکاوی و شەق بوون لە کاتی وشک بونەوەدا. دەبێت تێکەڵی قوڕە ڕەنگاورەنگە هەمان مۆرکی فیزیایان هەبێت.

شێوازەکانی پێکهێنان لەڕێگەی قوڕە شێلراوە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە جۆراو جۆرن لەوانە دەکرێت تەنها ڕووکاری دەرەوەی فۆرمەکە پێ دیزاین بکرێت یاخود دەکرێت دیوی ناوە و دەرەوەشی پێ بنەخشێنرێت.


#### ١- تەکنیکی متوربەکردن (تطعیم).

ڕێگەیەکی دێرینی زۆر باوە لە کۆمەڵگە دێرینەکاندا بەکارهاتووە، میسرییە کۆنەکان لە ڕازاندنەوەی تابوتەکانیاندا ئەم تەکنیکانەیان لە ماسکەکانیاندا بەکاریان هێناوە، هەرەهە لە ماکێتە بچوکە پەیکەرییەکانیشدا بەکارهێنراوە، چاوەکانیان لە ماتریاڵی دیکە بووە.

"متوربەکردنی کردە هونەرییە فوخارییەکان لە قۆناغی تەڕی قوڕەکەدا دەکرێت لەسەر کارەکە، هەروەها بە دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە، متوربەکەی لەسەر دەکرێت لەڕێگەی ئامرزای زۆر تایبەتەوە بۆ ڕوشاندن یاخود هەڵکۆڵین ئەو ناوچانە کە، دیاریکراوە، پاشان لەڕێگەی سلیپی ڕەنگاو ڕەنگەوە ئەو شوێنانە پڕدەکرێتەوە کە، هەڵکۆڵراون دوای خۆگرتنیان بەشە زیادەکە لەڕێگەی ئامرازی پاکردنەوەوە پاک دەکرێتەوە زیادەکەی لێ دەکرێتەوە، یاخود شوێنە هەڵکۆڵراوەکان لەڕێگەی قوڕی ڕەنگکراوەوە کە، هاوشێوەی پێکهاتەی فۆرمەکە بێت پڕدەکرێتەوە پێویستە ئەو شوێنەی بروشێنرێت و سلیپی لێبدرێت تاکو پێکەوەلکانەکە بەجوانی ڕوو بدات، تا لەکاتی وشکبونەوە و سورکردنەوە توشی ڕوداوی شکان و درز بردن نەبیت".[1] وێنەی ژمارە (٤٩) هەنگاوەکانی ئەم تەکنیکەیە.

---

١- الجوهرة بنت عبد العزيز بن حمد السعدون: أثر تقنية الأطيان الملونة و المعدنية على إيراء الشكل الخزفي، جامعة ملك سعود، قسم التربية الفنية، السعودية، رسالة ماجستير، غير منشورة، ٢٠٠٦، ص ٣٥



وێنەی ژمارە (٤٩)


## أ- تەکنیکی متوربە کردن بە پارچە قوڕی ڕەنگاوڕەنگ

ئەم شێوازە دەکرێت لە ڕێگەی ئامادەکردنی شریت یاخود مارمارۆکەی ڕەنگاوڕەنگ یاخود چەند ڕەنگێکی کۆنتراست ئامادە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی تێکسچەر یاخود دیکۆری کردنی ڕووکاری دەرەوەی فۆرمەکان "سەرەتا بیرۆکە یا دیزاینەکە ئامادە دەکرێت پاشان لەڕێگەی شریت ڕەنگاوڕەنگ یاخود هەر فۆرمێکی دیکە بێت وەک گەڵا شێوەی ئەندازەی هتد.

ئەم شێوازەی خەزاف ئامادەی دەکات دابەشدەکرێت بەسەر ڕووکاری قاڵبە گەچییەکاندا وە بەشی پشتەوەی دەروشێنرێت و سلیپی لێدەدرێت، پاشان فەرشێکی یەکسان لە ئەستوری دەدرێت بەسەر هەموو ڕووکاری قاڵبەکەداو لەڕێگەی پەستانەوە ئەو فۆرمە دیزاینکراوانە تێکەڵ بەو فەرش قوڕینیە دەبێت کە، لەسەر رادەخرێت. بەم شێوەی دەبێتە بەشێک لەکارە."[١]

## ب- تەکنیکی متوربەکردن بە سلیپی ڕەنگاو ڕەنگ

"لەم تەکنیکەدا خەزاف ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووکاری قاڵبە گەچییەکان لەڕێگەی سلیپی ڕەنگاو ڕەنگەوە نەخش و دیزاینەکانی لەسەر ڕووکاری قاڵبکە دەکێشێت، دوابەدوای ئەم هەنگاوە قاڵبەکە پڕدەکرێت لە سلیپی شل، بەم شێوەیە بۆماوەیەک قاڵبەکە بەجێ دەهێڵرێت تاکو دیواری قاڵبکە برێک لە ئاوی سلیپەکە هەڵدەمژێت و توێژاڵێکی گونجاو دروستدەکات بۆخۆی پاشان سلیپی زیادەی قاڵبکە ڕۆدەکرێتە دەرەوە، بۆماویەک گونجاو ئەم قاڵبە دادەنرێت تاکو بەتەواوی ڕووکاری خۆی دەگرێت وشک دەبێتەوە بەم شێوەیە دیزاینە نەخشاوەکە لەگەڵ سلیپەکەدا تێکەڵ دەبێت"[٢] و دەبێتە بەشێک لەکارەکە هاوشێوەی وێنەی ژمارە (٥٠)



وێنەی ژمارە (٥٠)

1- Birks, Tony: The complete Potters Companation, Conran octopus Limited, UK,1997 , page 145

٢- محمد سعيد عبد الله: تعلّم ...الخزف . . فن وعلم : دليل الهواة والدارسين والفنانين، مكتبة الأنجلو المصرية، مصر، ٢٠١٥، ص ١٤٨

### ٢- تەکنیک تێکەڵکردنی قوڕی ڕەنگاوڕەنگ

هاوشێوەی تەکنیکەکانی دیکە پێکهێنان و ڕازاندەوەی فۆرمە فوخارییەکان لەلایەن خەزافەوە تێکەڵ کردن یەکێکە لەڕێگە باوەکانی ڕازاندنەوەی فۆرمەکان لەهەردوو ڕووکاری ناوەو دەرەوەی فۆرمەکان، بەبەکارهێنانی قوڕی جیاواز و تەکنیکی سەرەکییەکانی چینی ڕەنگی یاخود شێلانی دوو تۆپەڵ قوڕی جیاواز لەڕەنگ بەشێوەیەکی هەڕەمەکەی. لەو تەکنیکانەش کە، بەکار دەهێنرێن برتین لە:

#### أ- پێکەوەلکاندنی قوڕی ڕەنگاوڕەنگ (شریت، مارمارۆکە)

بۆ ئامادەکردنی چەند چینێکی ڕەنگی لە تۆخ و کاڵ یاخود کۆنتراست دەکرێت لەڕێگەی سەریەک خستنی چەند فەرشێکی قوڕیەنەوە دەبێت بۆ سەریەکتر پاشان پێکەوە تێکەڵ دەکرێت تاکو ببێتە پارچەیەکی تەواوە." دەکرێت لەباری درێژی یاخو لەباری پانی ببڕدرێت و یاخود مارمارۆکەی لێ دروست بکرێت، دواتر بەپێی خواستی دیزان و خەزاف دەبڕدرێت لە ئاستی جیاجیادا یاخود هاوشێوەی



وێنەی ژمارە (٥١)

یەکتر، پاشان دەکرێت پارچە قوڕە بڕدراوەکان لەناو قالبێکی گەچیدا دابنرێت بەپێی خواستی هونەرمەند، وە یاخود لەڕێگەی پەستانەوە بۆسەری ئەو ڕووە تا هەموو پارچەکان لەناو قاڵبکەدا یەکتر بگرن ڕویەکی فرەڕەنگی دەست کەوێت ببێتە یەک پێکهاتە پاشان ڕوکارکەی ڕێک و پاک دەکرێتەوە لەڕێگەی سوینەوە و لێگرنتەوە".[١] وێنەی ژمارە (٥١) شێوای کارکردن لەم تەکنیکدا.

### ٣- بەکارهێنانی قوڕی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر چەرخی کارەبای

"بۆ بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە دەکرێت چەند تۆپەڵێک قوڕ ئامادەبکرێت کە، ڕەنگایان جیاواز بێت، سەرەتا ڕەنگە سەرەتاییەکە کە، سپییە دەکرێت بە دوو بەشەوە پاشان چینێک یاخود چەند چینێک لە قوڕی ڕەنگکراو دادەنرێت لەسەری پێکەوە دەکرێت بە تۆپەڵێکی بازنەی، هەندێک جار بەم شێوازە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک دادەنرێت تاکو پێکەوە لکان لە نێوان دوو چینە ڕەنگییەکەدا ڕووبدات، پاشان دەکرێتە سەر ویلی کارەبایی، سەرەتا دەبێت تۆپەڵە قوڕەکە بە کەمترین ماوە زۆر بە هێواشی سەنتەر بکرێت، دوابەدوای ئەمە دەکرێت دەست بکرێت بە دروستکردنی ئەو فۆرمەی کە، پلانی بۆ دانراوە بەم شێوەیەک فۆرمێکی ڕەنگاو ڕەنگی لەڕووی ناوە و دەرەوە پێکدێت"[٢]. هاو شێوەی وێنەی ژمارە (٥٢).



وێنەی ژمارە (٥٢)

١-Birks, Tony: The complete Potters Companation, Conran octopus Limited, UK,1997 , page 145

٢ Campbell, Chris: Create Pattern on Wheel Thrown Pots with Colored Clay, • August 28, 2017. ceramicartsnetwork.org

## دووەم: شێوازەکانی ڕازاندنەوە لەدوای سورکردنەوە.

هەڵبەتە لە قۆناغی سورکردنەوەدا جەستەی گڵێنەکە دەگۆڕێت بۆ گڵجۆش پاشان دەکرێت لە دوای ئەم قۆناغە جارێکی دیکە ڕازاندنەوە لەسەر تەواوی فۆرمە فەخر کراوەکان ئەنجام بدرێت بەدوو شێواز لەوانە:

### ١- ڕازانەوە لەژێر شووشە (Under Glaze Decoration)

ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕازاندنەوەی فۆرمە فەخرکراوەکان بەتایبەتی بۆ وێنەکێشان و دروستکردنی نەخش و نیگار لەسەر ڕووکاری ناوە و دەرەوەی، "ئەم تەکنیکە زیاتر دوای قۆناغی سورکردنەوە بەکاردەهێنرێت پێش داپۆشینی بەچینێکی تەنک لە شووشەی ڕوون یاخود مات، هەروەها دەکرێت لەکاتی نەرمی جەستی گڵێنەکەدا یاخود وشکبونەوە و ڕەقبونیشدا ئەم تەکنیکە بەکار بهێنرێت. ئەو ڕەنگانەی کە، لەم تەکنیکەدا پشتیان پێدەبەسترێت ستێنەکانن، هەندێک لە ئۆکسیدە ڕەنگییەکان بەبەکارهێانانی لەگەڵ سلیپدا بۆ لکاندنی بەجەستی شێوەکانەوە. پێویستە شووشەیەکی گونجاو بۆ ئەم تەکنیکە ئامادەبکرێت تاکو بتوانرێت هەموو ڕەنگەکانی بەتەوای داپۆشێت و کەمترین کاریگەری نەرێنیان لەسەر یەکتر هەبێت".[١]

لەم تەکنیکەدا بە چەند شێوازێک رازاندنەوە ئەنجامدەرێت لەسەر فۆرمەکە لەوانە بەکارهێنانی فلّچە، پرژاندن، یاخود مۆرکردن چەندین ڕێگەی دیکە نێوەندی گواستنەوە یاریدەدەر لەم پرۆسەیەدا، بەمەرجێک یارمەتیدەرەکان بۆ گواستنەوەی ڕەنگەکان بێت و کاریگەری نەخەنەسەر گۆڕینی پێکهاتە ڕەنگییەکان و دوای قۆناغی سورکردنەوە ببن بەهەڵم لە پێکهاتەکەدا نەمێنێتەوە.

"بەرهەمەکانی ڕازاندنەوەی ژێر شووشە بەشێوەی ئامادەکراوە لەلایەن کارگەکانە وە دروست دەکرێت و ڕەنگیان زۆرە، پلەبەندی ڕەنگییان هەیە و لە کاڵەوە بۆ تۆخ، هەروەها لەفۆڕمی جیاوازدا دەبینرن لەوانە پاودەر، بەشێوەی شەلەیی یاخود وەک قەڵەمێکی ڕەنگی کە، بۆ شێوازی جیاوازی ڕازاندنەوە بەکاردەهێنرێت".[٢]



وێنەی ژمارە (٥٣)

زۆر جار لەژێر شووشەدا کۆمەڵێک تەکنیکی دیکە بەکاردەهێنرێت لەڕێگەی خامەی جیاواز و ڕازاندنەوەی لەسەر جەستەی فۆرمەکان. "هاوشێوەی ڕەنگەکان دەکرێت سلیپ یاخود ئینگۆب (Engobe) بەکار بهێنرێت جیاوازی نێوان سلیپ و ئینگۆب لەوەدایە سلیپ شلەیەکی

١- علی حيدر صالح البدري: التقنيات العلمية لفن الخزف، التزجيج و التلوين، دار الكتب و الوثائق، بغداد، ٢٠٠٢، ص ١٦١


٢- Burleson, Mark: The Ceramic Glaze Handbook: Materials, Techniques, Formulas. Lark books, New York, 2003, page 91

تەواوی قوڕ و ئاوە بەڵام، لە ئنگۆبیدا پێکهاتەکەی لە تێکەڵەیەکی خامەی ئامادەکراو پێکدێت کە، کشان کەم دەکاتەوە، هەربۆیە زیاتر لەسەر جەستەی فوخار کراوەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام، سلیپ دەکرێت لەگەڵ ئۆکسیدەکاندا و ستێنەکان تێکەڵ بکرێت و لە قۆناغی قوڕپیشدا بەکاربهێنرێت". (1)

دەکرێت تەنها لەڕووی ڕەنگی قوڕەکانیشەوە بکرێت بەبێ بەکارهێنانی هەر تێکەڵەیەکی ڕەنگی کە، زیاد بکرێت بۆ ناو سلیپەکە تەنها قوڕەکان بن بەڵام، جیاوازی هەبێت لە ڕەنگەکەیدا. نمونی کاری هونەری هاوشێوەی ئەم تەکنیکە هونەرمەند (Nancy Halter) کە، لەوێنەی ژمارە (٥٣) دیارە.

## ٢- ڕازاندنەوە لەسەر شووشە Over glaze Decoration

ڕازاندنەوە لەسەر شووشە "جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەو ڕەنگانەی کە، لەسەر شووشە بەکار دەهێنرێت لەگەڵ ئەو ڕەنگانەی کە، لەژێر شووشە بەکاردەهێنرێتن لەوەدایە کە، ڕەنگەکانی سەر شووشە زوتر پێدەگەن واتا پلەی پێگەیشتنیان کەمترە لەوانەی کە، لەژێر شووشەدا بەکاردەهێنرێت دەکرێت ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەنگەکان زیاتر بێت لەوەی کە، لە ژێر شووشەدا بەکاردەهێنرێت". (2)


وێنەی ژمارە (٥٤)

لەم شێوازەدا دەکرێت "هێڵکاری و چاپ و نیگارکێشان و زەخرەفەو دیزاینەکان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕوکار شووشەکراوە پێگەیشتووەکە بکرێت کە، پێشتر شوشەکراوە و گەیشتۆتە پلەی پێگەیشتن، دوابەدوای تەواو بونی دوبارە ڕازاندنەوەی کارەکە دەبێت بۆ جارێکی دیکە بکرێتەوە ناو فرن تاکو ئەم چینە نوێیەش بەجەستەی فوخارە شووشە کراوەکە بلکێت و ببێتە بەشێک لە ڕووکاری دەرەوەی بەمەرجێک لە پلەیەکی گەرمای نزمتردا ئەم پرۆسەیە دروست ببێت کە، دەبێت جیاوازی نێوانیان نزیکەی ٣٣٠ پلە سەدی واتا کەمتربێت تاکو هەردوو چینەکە توشی تێکەڵبون و چۆڕانەوە نەبێت." (3)

هەندێک جار ئەم تەکنیک بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی ڕووکاری سپی سادە بە ئامانجی شاردنەوەی ڕەنگی قوڕەکە پاشان دوبارە شووشە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕازاندنەوەی فۆرمەکە کە، ئەمەش هاوکارە بۆ دەرخستنی تەواوی ڕەنگەکانی کە، بەکارهاتووە لە قۆناغی دووەمدا. وێنەی ژمارە (٥٤) کاری هونەمەند (Patrick Dougherty) بە بەکارهێنای شووشە لەسەر شووشە (Over galze) ڕووکاری دەرەوەی ئەم کارەی ڕازاندۆتەوە.

1- Giorgini, Frank: Handmade Tiles: Designing, Making, Decorating,Lark books, New York, 2003, page 62

٢- وجیه قابیل: تکنولوجیا السیرامیک، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٥، ص ٨٥

٣- علی حیدر صالح البدري: التقنیات العلمیة لفن الخزف، التزجیج و التلوین، دار الکتب و الوثائق، بغداد، ٢٠٠٢، ص ١٦٤

## شووشه Glaze

"شووشه پێکهاتەیەکی کیمیاییە لەسەر بنەمای ڕێژەی هەژمارکراو کاردەکات کە، پەیوەستە بە پێکهێنەرەکانیەوە، ئەم پێکهاتانەش لەچەند جۆرێکن لەوانە پێکهاتە سەرەتاییەکان (Basic) وەپێکهێنە هاوتاکان (Amphoteric) پێکهێنە ترشییەکان (Acidic) وە بۆ ئەم مادانە ئۆکسیدە ڕەنگییەکان زیاد دەکرێت تاکو شووشەی ڕەنگاو ڕەنگمان بۆ بەرهەم بێت."[١]

دەکرێت بەم شێوەیەش وەسفی شووشە بکرێت " شووشە مادەیەکی نائەندامییە و ناجێگیرە لەڕووی تایبەتمەندی و سیفاتەکانیەوە لەهەمان کات هەندێک لە توێژەران دەڵێن شووشە شلەیەکی چڕە و لەکاتی ساردبوونەوەدا زۆر بەخێرای سارد دەبێتەوە، ئەمانە تا ئەو کاتەبوو کە، توێژەر و زانا وارن (Warren) لەڕێگەی تیشکی (X.R.D) بەهای مادەی شووشەی ڕونکردوە، دەرئەنجام بەم شێوە وەسفی شووشە دەکات "مادەیەکی پتەوی نا ئەندامییە لەزۆربەی کاتەکاندا تەرتیبێکی هەڕەمەکی هەیە هیچ ڕێسایەکی بلوری بەرجەستە ناکات هیچ شێوازێکی دیکە بەرجەستە ناکات لەکاتی پشکنینیدا لە ڕێگەی تیشکی (X.R.D) یەوە.[٢]

ئەم مادە پتەوە نائەندامییە بەکار دەهێرنرێت بۆ شووشەکردنی فوخاریاتەکان.

"چینێکی شووشەی فوخار دەستەواژەیە بۆ چینێکی تەنکی شووشەی لکاو بە جەستەی فوخارەکانەوە ئەم پێکەوە لکانەش لە دەرئەنجامی ئەوپلەگەرمایە دێت کە، لەکاتی سورکردەنەوەدا شل دەبێتەوە و کارلێک مادە تفتەکان و ترشەکان هاوتاکاندا ڕوودەدات، ئەم چینە شووشەیە کۆمەڵێک تایبتمەندی دەبەخشێتە فوخارەکە لەوانە نەمانی کونیلە لە ڕووکارەکەیدا، پتەوییەکەی بەهێز دەبخشێتە جەستەکە، بەرگەی ڕوشاندن زیاد دەکات، دیمەنێکی بریقەدار دەبەخشێت".[٣]

هەموو ئەمانە پەیوەستە بەخواستی هونەرمەندەوە و شێوازی بەکارهێنانیان گونجانی لە لەگەڵ ئەوکارە هونەرییە بە نێو ئەم پرۆسەیەدا دەڕوات و دەبێتە هەڵگری ئەم سیفاتانەی کە، لەدوای شوو شەکردن دەبخشرێتە کارە هونەرییەکە.

### شێوازەکانی شووشەکردن بۆ سەر فۆرمە فوخارییەکان

پاش ئامادەکردنی شووشەی هەڵبژێردراو، بەڕێژەی گونجاو لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرێت و بەجوانی تێک هەڵدەدرێت لەڕێگەی ئامێرەوە یاخود دەست، دوای ئەم هەنگاوە دەکرێت بدرێت لە فۆرمە فوخارییەکان، بۆ دەرئەنجامێکی باش لەم پرۆسەیەدا دەکەوێتە سەر کوالێتی و پاکی ڕووکاری فۆرمە هەڵبژێردراوەکان بۆ شووشەکردن، دەبێت ئاگاداری چەوری، تۆز، خوێ بین لەسەر ڕووکاری کارەکان نەبێت یاخود بەرکەوتن و دەستلێدان هۆکارن بۆ هەڵدانی شووشە لەو ناوچانەدا کە، دەستی بەرکەوتووە، دەکرێت لەڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە ئەم کارە ئەنجامبدرێت لەوانە:

١- Maynard, David C. : Ceramic Glazes, Borax Holdings, London 1980, page 87

٢-حيدر عبد الصاحب جاسم : استخدام خامات محلية لتحضير زجاج خزف جاهز و تطبيقاتة على الاجسام الفخارية: رسالة ماجستير، كلية فنون الجميلة، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص ١٤

٣- مهند عبدالكاضم غانم: تزجيج الاجسام الطينية غير المحروقة. رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية فنون الجيميلة، ٢٠٠١، ص٤٠

### ١- نقوم کردن و پڕکردن (Dipping and Pouring)

یەکێکە لەڕیگا ساناکانی شووشەکردن"ئەگەر ویستمان فۆرمێکی گۆزەی شووشە بکەین دەکرێت لایەکی بگیرێت و بخرێتە ناو شووشەکەوە پاشان دەربهێنرێت تاکو وشک دەبێتەوە، لەدوای وشکبونەوەی ئەولایەی دیکەشی بەهەمان شێوە دەخرێتە ناو شووشەکەوە تاکو بەتەواوی هەردوو لاکە شووشە وەربگرێت لەگەڵ ناوەوە، وەهەندێک لەفرۆمەکان تەنها یەک ڕوویان شووشە دەکرێت وەک ئەوفۆرمانەی داخراون دەکرێت بەیەک جار بەتەواوی نوقم بکرێت و هەمووی شووشە ببێت".[١]


وێنەی ژمارە (٥٥)

بێگومان ئەو فۆرمانەی کە، بەم تەکنیکە دەکرێت قەبارەیان بچوک و مامناوەند تاکو مامەڵەکرنیان ئاسان بێت، "کاتێک فۆرمە فوخارییەکان دەخرێنە ناو شووشە ئامادەکراوەکەوە بۆ چەند سانیەیەک دەهێلرێتەوە دەکرێت هەزەیەکی کەمی لەگەڵدابێت تاکو دڵنیابیت لەوەی بەتەواوی هەموو ڕووەکە بەر گیراوەکە بکەوێت، هەروەها ئەو بڵقە هەوایانی دروست دەبێت نەمێنێت لەسەر ڕووکاری فۆرمە نقوم کراوەکە، پاشان بەیەک جار دەری دەهێنینە دەرەوە لەگەڵ سوڕانەوەیەکی بەردەوام تاکو چۆڕانەوەکە لەیەک شوێن یاخود دامێنی کارەکەدا کۆنەبێتەوە".[٢] پرۆسەی شووشەکردن بەم ڕێگەیە بەپێی فرۆمەکان دەگۆڕێت. هونەرمەند (یۆنگ جان لی) شێوازی نوقمکردن و پڕکردنەوە بەکاردەهێنێت لە کارەکانیدا هاوێشوەی وێنەی ژمارە (٥٥) لەم نمایيشەدا لە ژێر ناونیشان ڕەنگ زەوری ئاگر، کارەکانی بەم تەکنیکە ئەنجامدراوە.

پڕکردن لە گیراوەی شووشە "بۆنموونە ئاسانترین شێواز بۆ ڕپۆشکردنی دیوی ناوەوەی فۆرمە کان کە، دەرچەیەکی بچوکیان هەیە، دەکرێت ڕاستەوخۆ گیراوە شووشەیەکە لەڕێگەی دفرێکەوە بخرێتە ناو فۆمەکەوە زۆر بەوردی تاکو چۆڕانەوە بۆ دیوی دەرەوە دروست نەکات جگە لەو حاڵەتانەی کە، هونەرمەند خۆی دەیەوێت ڕوو بدات وەک جوان کارییەک، لەپاش چەند چرکەیەک زیادەی ناو فۆرمە فوخارییەکە دڕژێنیتە دەرەوەی. ئەم تەکنیک دەکرێت بۆ دیزاینکردنی دیوی دەرەوەش بەکار بهێنرێت بە پیاڕشنتی گیراوە شووشەیەک بەهەندێک شوێندا وەک دروستکردنی کۆنتراست یاخود زیاتر لەچەند ڕەنگێک دەکرێت لەچەند شوێنی جیاوازدا بەکار بهێنرێت وەک دیزاینێک بۆ دیکۆرکردنی دیوی دەرەوەی فۆرمەکان ".[٣] لەم حاڵەتەدا بنەچەی فۆرمەکە دەبێت لەڕێگەی ئسفنجی تەڕەوە پاک بکرێتەوە و زۆر بە شارەزایانە دەبێت

١- Cuff ,Yvonne Hutchinson: Ceramic Technology for Potters and Sculptors, A & C black Publishers Limited, United Kingdom, 1995, page 104

٢- علی حيدر صالح البدري: التقنيات العلمية لفن الخزف، التزجيج و التلوين، دار الكتب و الوثائق، بغداد، ٢٠٠٢، ص ١٠١

٣- Speeight , Charlotte F. . John toki: Make it in clay, Mayfield Publishing Companay, California, 2001, page 151

بخرێتە ناو فرنەوە تاکو لەکاتی چۆڕانەوەی شووشەکەدا بەسەر ڕەفەکانی فرنەکەدا نەنوسێت. وێنەی ژمارە (٥٦) شێوازەی نوقم کردن و پڕکردنە لە شووشەک.



وێنەی ژمارە (٥٦)

### ٢- شووشەکردن لەڕێگەی سپراوە یان کۆمپرێسەر (Spraying Method)

ڕشاندن یاخو بەکارهێنانی ئامرازی سپرا بۆ ڕوکەشکردنی فۆرمە فوخارییەکان، " یەکێکە لەڕیگا باوەکانی شووشەکردن، بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە پێوسیتت بە ئەزمون و شارەزای تەواو و کۆنترۆڵ کردنی ئەستوری چینی شووشە کراو هەیە بۆ ئەنجامدانی تەکنیکە، یەکێکە لەڕیگا باشەکان بۆ شووشەکردنی فۆرمە گەورەکان، کارگەو شوێنە پیشەییەکان زۆر پشت بەم ڕێگەیە دەبەستن.

بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێگەیە لەڕێگەی ئامێری دەمانچەی هەوای (Air Brush) پێویستە کە، تایبەت بێت بە ئەم کارە، لێرەدا بەکار هێنەر دەتوانێت بە پلەبەندی دەست بکات بە شووشەکردن و لە چینی تەنکەوە دەست پێبکات تاکو دەگاتە ئەو ئاستەی کە، پێویستە و خواستراوە"[1]، واتە سیرامیککار دەتوانێت بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەستوری چینی شووشەکە بکات و خەسارەی بەکارهێنانی کەم بکاتەوە بەبەکارهێنانی لەناو سندوقی پاڵێوەری شوشە کە، زۆرێک لە شوشەی بەهەواداچوو کۆدەکاتەوە بەکار بەری دوردەکات لەنەخۆشی. لەکاتی بەکارهێنای ئەم ڕێگەیەدا واپێویستە ویل بەکار بهێنرێت بۆ جوڵاندی کارە کە، تاکو هەموو لایەکانی بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت و بەباشی ببینێرێت، سەرەتا دیوی ناوە بکرێت پاشان دەرەوە.



وێنەی ژمارە (٥٧)

بڕوانە وێنەی ژمارە (٥٧) شێوازی بەکارهێنانی سپرایە.

### ٣- شووشەکردن لەڕێگەی فڵچەوە Painting Method

بەکارهێنانی فڵچە "بۆ بەکارهێنانی فڵچە پێویستی بە پراکتیزەکردنی ئەم کارە هەیە، دەرئەنجامەکانی ئەم تەکنیکە هاوشێوەی تەکنیکی نوقم کردن و پرکردنەیە، دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە، شووشەکردن لەڕێگەی بەکارهێنانی فڵچەوە هاوشێوەی وێنەکێشان یاخود بۆیاخ کردن نییە لەسەر ماتریاڵەکانی دیکە، لێرەدا شووشە گیراوە لەڕێگەی هەڵمژینەوە بە ڕووکاری فۆرمە فوخارییەکانەوە دەنوسێت، ئەمەش پێویستی بە فڵچەی

١- نعیمة محمد عبدالله: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ص ٨٨

گەورەو باش هەیە بۆ هەڵگرتنی ڕێژەیەکی زۆر لە شووشە لەکاتی بەکارهێنانیدا".[١]

تاکو بتوانیت بە باشی کۆنترۆڵی فلّچە بکەیت لەسەر جەستەی فوخارییەکان دەکرێت "کەتیرەی عەرەبی یاخود هەر موادێکی دیکەی ئەندامی کە، هاوشێوەی کەتیرەکە کارە بکات لەگەڵ شووشەکەدا تێکەڵ بکرێت، یارمەتی دیاریکردنی ئەستوری و دوبارە لێدانەوەی چینی دیکە دەکات لەسەر جەستەی فوخارەکە"[٢] وەهەندێ جار بۆ ڕازاندنەوە لەسەر شووشە کەتیرە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ مانەوە و پێکەوە لکانی چینە شووشەیەکان لەسەر یەکتر. هونەرمەند ڤیڤان وانگ Vivian wang لەڕێگەی بەکارهێنانی تکنیکی فەڵچەوە زۆرێک لە کارەکانی ئەنجام دەدات یەکێک لەکارەکانی بەناوی شێوە ئازادەکانی دەفرە پێکەنیناوییەکان وەک لەوێنەی ژمارە (٥٨) دیارە.



وێنەی ژمارە (٥٨)

1- Britt, John: The Complete Guide to High-Fire Glazes, Lark Books, a Division of Sterling Publishing Co, New Yourk, 2007 Page 34

٢-علی حيدر صالح البدري: التقنيات العلمية لفن الخزف، التزجيج و التلوين، دار الكتب و الوثائق، بغداد، ٢٠٠٢، ص ١٠٣

## توێژگەی چوارەم:

### بەراییەکانی دەرکەوتن و گەشەسەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستاندا

هونەری گڵێنەسازی یەکێکە لە هونەرە دێرینەکان، ئەم هونەرە ناسنامەی کۆمەڵگە دێرینەکانی وڵاتی دوو ڕوبارە. مرۆڤە بەرییەکان توانیویانە بەم هەنگاوەیان ئاماژەیەک بدەن بە نەوەکانی دوای خۆیان شوناسی خۆیان لەڕێگەی ئەم کارانەوە بەجێبهێڵن بۆ هەزاران ساڵ، ئەمەش وایکردووە لە کولتوور و مێژووی دێرینی خۆمان بگەین.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتای مێژووی چاخی بەردینی نوێ، سەرەتا مرۆڤەکان لەم چاخەدا دەفرەکانیان لە لق و پۆی دارەکان دروست دەکرد، پاشان بۆ هەڵگرتنی شلەمەنییەکان لەناویدا پەنایان دەبردە بەر سواخدانی دیوی ناوەوەی، یاخود ئەو دەفرو پێداویستیانەیەن لە بەرد و دار و پێستی حەیوان دروست دەکرد بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی خۆیان. زانایانی مێژووی هونەر وای بۆ دەچن، داهێنانی گڵجۆش کەمێک زیاتری خایاندوە، چونکە ئەم دوو هونەرە لە داهێنانەکانی چاخی بەردینی کۆنن کە، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠٠) پێش ئێستا، دروستکردنی گڵجۆش، پێویستی بە هاوکێشەیەکی زانستی هەیە کە، ئاسان نییە، ئەمەش لەڕێگەی ڕێکەوتەوە دۆزراوەتەوە بە تێبینی کردنی ڕەقبونی قوڕی ژێر ئاگر دانەکان.[(١)]

لەقۆناغی یەکەم لەسەرەتای چاخی بەردین نوێدا ئەو گڵێنانەی کە، دروست دەکران گڵەکانیان گڵی ئاسای بوو هەموو خەوشێکی تێدابوو دروست کردنەکەشی لەلایەن ئافرەتەکانەوە بوو.

کوردستان لەچاخی بەردیندا "ئەم ناوچەیە یەکێکە لەو ناوچانەی کە، مرۆڤە دێرینەکان تێیدا ژیاون و گەشەیان کردووە و بەدرێژای چاخە پێش مێژووییەکان بەڵگەو نموونەش بۆ ئەمە زۆرن بە هۆی بونی ئەو ئەشکەوت و ئاسەوارانەوە کەلەم ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە، نموونەی ئەشکەوتی هەزار مێرد، زەرزی، بەردە بلەکە لە سنوری پارێزگای سلێمانیدان، هەروەها ئەشکەوتی شاندەر لە سنوری پارێزاگی هەولێر، ئەشکەوتی پاڵی کوڕە لە کەرکوک. لە چاخی بەردێنی کۆندا مرۆڤەکان گرنگیان بە توانا و ڕاوکردن دەدا بۆ پەیداکردنی خۆراک لە دوای ئەم هەنگاوە گرنگی بە کشتوکاڵ درا ئەمەش بوو هۆکارێک بۆ دور کەوتنەوە لە ئەشکەوتەکان و نزیکبونەوە لە سەرچاوە ئاوییەکان و گرنگیدان بە کشتوکاڵ لە نموونەی ئەم گوندانە گوندی چەرمۆیە* بەیەکێک لە گوندە سەرەتاییەکان هەژمار دەکرێت."[(٢)]

١ -صاحب ، زهير وسلمان الخطاب: الفنون الفرعونية، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٥، ص ٢٣

٢- گۆڤاری هەزر مێرد: پەخشان عبدالله محمد، چرمو من المستوطنات الأولى في كوردستان، ژمارە ٩ ساڵی سێهەم ١٩٩٩ لاپەڕە ١٦٠

* ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ، یەکێکە لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵیەکان جیهان، بە پێی ئەو پاشماوانەی تیایدا دەرکەوتووە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٦٠٠٠) ساڵ پ.ز واتە چاخی بەردینی نوێ .تیمێکی پشکنینی زانکۆی شیکاگۆی ئەمەریکی ساڵی (١٩٤٨-١٩٥٥) بە سەرۆکایەتی (ڕۆبەر د.ج بەیدود) کاری کنە و پشکنینی تێدا کردووە چەندین پاشماوەی تێدا دەرکەوتوون وەك ئامێری بەردینی کشتوکاڵی و کەرەستەی بەردینی ناو ماڵ و پاشماوەی خۆراکی وەك دانەوێڵە و بەروبومە پاقلەمەنیەکان وهەروەها ئێسك و پروسکی ئاژەڵی کێوی. سەرچاوە: www.koyauniversity.org/kurunearth/news/cermo/

لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک گڵجۆشی چاخی بەردینی نوێ لە گوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە، ئاماژەش بەوە دەکرێت کە، پێداویستییەکانی مرۆڤ هۆکاری سەرەکییەکان بوون بۆ خوڵقاندنی ئەو فۆرمانە بۆ بەکارهێنانی لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا، هەموو ئەم داهێنانەش لەدوای گوێزانەوەی سەرەتایترین کۆمەڵەکان لە ئەشکەوتەوە بۆ دەشتەکان و گوندە کوشتوکاڵییە سەرەتاییەکان.

پێداویستیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پاڵنەرێک بوو بۆ دروستکردنی دەفر و قاپ پێداویستی تر لە گڵجۆش کە، جێگای ئەو ئامرازانە بگرێتەوە کە، لەبەرد و دار دروست دەکران کاتێکی زۆریان پێویست بووە بۆ بەرهەم هێنانی، هەڵگرتن و گواستنەوە ئامرازە بەردییەکان ئاسان نەبوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، دروست کراوە قورپییەکان تەنها شوێنگرەوەی ئامرازە بەردییەکان نەبوو بەڵکو شوێنگرەوە زۆربەی ئەو ئامرازانەبوو کە، لە دار و قامیش و پێستی حەیوان دروست دەکران. گڵجۆشەکان دروست دەکران بۆ چێشت لێنان و گواستنەوەی ئاو و هەڵگرتنی ماددە شلەکان هەرەوەها دانەوێڵە کە، لە پێداویستی رۆژانەیان زیاد دەبوو.(١)

لێرەوە دەکرێت بەهای گڵجۆش لای مرۆڤە سەرەتاییەکان زیاتر بووبێت بۆ ئەم کارە گرنگی زیاتر بدرێتە شێوازی دروستکردن و پێکهێنانی بەو ساناییە نەمێنێتەوە کە، پێشتر کاری پێکراوە.

"لە قۆناغێکی تردا گۆزەگەری بووە پیشەیەکی سەربەخۆ بۆ کەسانی تایبەت لەم کارەدە کە، لە کۆتاییەکانی چاخی بەردینی نوێدا کە، چاخێکی پڕ لە داهێنانە سەرەتاییەکانی هونەربوو. لە هەزارەی پێنجەم و شەشەمدا گڵجۆش سازی بازێکی گەورەی دا، لە دەرئەنجامی بەکارهێنان و کارکردنی زۆر لەم بوارەدا کەسایەتی شارەزا لەم بوارەدا دەرکەوتن، دوا بەدوای ئەم هەنگاوە داهێنانە گڵجۆشییەکان هاوشانی پەیکەر تاشین دەڕۆشت. نموونەی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕویدا لە دروستکردنی گڵجۆشدا رۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەوانە ئەو هونەرمەندانەی لەم بوارەدا کاریان دەکرد بەدوای گڵی گونجاودا دەگەڕان بۆ ئەم کارە لەگەڵ تێکەڵکردنی لەگەڵ ماتریاڵی دیکە بۆ باشترکردنی، لەڕوی فۆرمەوە گرنگی درا بەشێوازی داڕشتنەکەی و هەروەها ڕازاندنەوەی فۆرمەکان لەدیوی دەرەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی سلیپی ڕەنگاوڕەنگ و سافکردن یاخود سوینەوە".(٢)

لێرەوە رۆڵی گڵجۆش هەنگاوێکی دیکە چووە پێشەوە جگە لە سودەکانی وەک بەکارهێنان کە، گەورەترین ڕۆلی گێڕا لە پێکهێنانی کۆمەڵگە بچوکەکان، بە ئاوایەکی دیکە بووە هەڵگری کولتور و باس و خواسی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان.

"گڵجۆش بووە ئامرازێکی گرنگ لە بۆنە ئاینیەکاندا ئەرکی هەڵگرتنی بۆنەو ڕوداوە شیعری و ڕێوڕەسمە دینیەکان بوو، گڵجۆش ڕۆڵی هونەرێکی میلی دەگێڕا هاوشێوەی مۆرە لولەکیەکان، بەربڵاوی ئەم فۆرمە گڵجۆشیانە نیشانەی داب و نەریت بیر و بۆچوونی کۆمەڵگەکان بوو."(٣) ئەمەش

---

١- :گۆڤاری هەزار مێرد: پەخشان عبدالله محمد، چرمو من المستوطنات الأولى في كوردستان، ژمارە ٩ ساڵی سێهەم ١٩٩٩ لاپەڕە ١٧٢


٢- صاحب ، زهير وسلمان الخطاب: الفنون الفرعونية، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٥، ص ٢٥

٣- صاحب ، زهير وسلمان الخطاب: الفون السومرية، ايكال للطباعة والنشر - بغداد، ٢٠٠٤، ص ٢١٨

یەکێکە لە ئەو ڕەوتانەی کە، گڵجۆش ڕۆڵی تێدا گێرا لە ڕێگەی ئەم گڵجۆشانەوە مێژوویەکی دێرین هێنرایە سەردەمە نوێیەکانەوە کە، دەکرێت بەگەورەترین دەست کەوت هەژمار بکرێت.

فورمە گڵجۆشیەکەن "لەسەر ڕووکاری دەرەوەیان هەڵگری کۆمەڵێک وێنە و پەیکەری هەڵتۆقیو، کە، ئەمەش خوێندنەوەی شێوەیی و هێمای بۆ دەکرێت بۆ ئەو کۆمەڵگە دێرینانەی کە، کارەکانیان ئەنجامداوە لەڕوی بیرو باوەڕو بیرکردنەوەیانەوە، ئەمەش پەیامێکی دینی و کولتووری لەخۆ گرتووە، ئەمانە دەرهاویشتەی بیرۆکە ناوەکیەکانی خودی مرۆڤە دێرینەکانە کە، لەڕێگەی گڵجۆشەکانەوە پەیامە کانیان گەیاندوە."[١] لێرەدا ئەوە دەخرێتە روو کە، ئەو بەرهەمانەی لەقوڕ دروستدەکرێن و سور دەکرێتەوە لەدوو نێوەندی گرنگدا کار دەکەن لەوانە لایەنی پیشەی و بەکارهێنان هەروەها لایەنی دینی مەراسیمە کولتوورییەکان، بەهەردوو دیودا خزمەتی گەیاندن بە کۆمەڵگە دێرینەکان.

"وڵاتی دووڕوبار داهێنانی زۆرە، یەکەم ناوچەش کەلەم بوارەدا ڕۆڵی هەبووە گوندنی چەرمۆبووە لەم ناوچەیەدا زۆرێک لە پەیکەرە گڵجۆشیەکان دۆزراونەتەوە کە، زۆرینەی پەیکەری ژنن، ئەم کارانەش دوبارە کردنەوەی ڕاستیەکی تەواوە بەرامبەر ژنە دوگیانەکان لەو کاتەدا، ئەم وێنەیە لەدوایدا گۆڕا بۆ وێنەیەکی ڕەمزی کە، پەیکەرە گڵجۆشییەکان بونە هەڵگری هێمای زۆربوون."[٢] وێنەی ژمارە (٥٧) پەیکەری ژن لە لە چاخی بەردینی نوێدا.


وێنەی ژمارە (٥٩)

ڕۆڵی گڵجۆش زۆر بەهادار بووە لە تۆمارکردنی کولتور و بیرو باوەڕو شێوازی بیرکرنەوەی مرۆڤە دێرینەکان لەم وڵاتەدا بۆتە خوڵقێنەری مێژوویەکی ڕەها و دەستنیشانکردنی قۆناغە جیاجیاکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان. "کۆمەڵێک کاری جۆراو جۆر دۆزراونەتەوە کەبەرهەمی گڵجۆشین لە شوێنە جیاجیاکانی وڵاتی دوروبار دۆزراونەتەوە، بەکارهێنانی قوڕی لەلای ژنانی کۆمەڵگە گوند نشینەکان دانیشتوانی وڵاتی دووڕوبار هەمە جۆر بووە بەدەر لە گڵێنەسازی قوڕی ئامادەکراوە لەگەڵ مووی ئاژەڵدا بۆ سواخدانی درزو کونو کەلەبەری ماڵەکانیان وە لەم سۆنگەیوە زۆرێک لە پێداویستیە گڵجۆشییەکان ئامادەکراون بۆ کاری ڕۆژانەیەن.[٣]

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێن ژن ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە لەدروستبونی کۆمەڵگە دێرینەکان و دروستبونی هونەری مامەڵە کردنی گڵجۆش فۆرمە گڵجۆشییە سەرەتاییەکان.

"هەندێک جار کۆمەڵگە کاریگەری یان هەبووە لەسەر دروستکراوە گڵجۆشییەکان، لەڕوی سۆزداری و گرنگی پێدانەوە، گڵجۆش تێکەڵی بیرو باوەڕی مردن و ژیانی دوای مردن بۆتەوە کە، بەکار هێنراون وەک مەنزڵگەی کۆتای گۆڕی مرۆڤە مردووەکان خراونتە ناو ئەو فۆرمە گڵجۆشیانەوە پاشان نێژراون "[٤]

١- صاحب ، زهير وسلمان الخطاب: الفون السومرية، ايكال للطباعة والنشر - بغداد، ٢٠٠٤، ص ٢٠١٩

٢- صاحب ، زهير وسلمان الخطاب: تأريخ الفن القديم في بلاد وادي الرافدين ، مطبعة وزارة التعليم العالي ، بغداد ، ١٩٨٧ ، ص٣٣.

٣- روخۆش غفور سعيد: الفخار والخزف الشعبي في كوردستان العراق، رسالة الماجستير، غير منشورة، کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی، لقی شێوەکاری، السليمانيەنة، ٢٠٠٩، ص ٢٧٣

٤- صاحب ، زهير وسلمان الخطاب: الفون التشكيلة العراقية عصر قبل الكتيابة، سلسلة عشتار الثقافية، بغداد، ٢٠٠٧ ص ٢٦

بەرهەم هێنانی گڵجۆش بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند لە وڵاتی دووڕووبار و هەموو ناوچەکانی دیکەی ئەم وڵاتەدا بەکارهێنانی زۆر و مامەڵەکردن پێوەی بووە مایەی کەڵەکەبونی شارەزای لەم بوارەدا، ئەمانە هەمووی بونە هۆکار بۆ دەرخستنی دەرئەنجامی کاری باشتر چی لەڕووی ماتریالی بەکارهاتووە بێت یاخود لەڕوی فۆرمەلەکردنی شکڵەکانەوە بێت، لەڕووی ڕازاندنەوە دیکۆر کردنی ڕووکاری دەرەوەی گڵجۆشەکان ڕەنگی رون و درەوشاوە بەکاردەهێنرا کە، ئەمە وایکرد بگەنە قۆناغی شووشەکردن، واتا ڕازاندنەوەی دیوی دەرەوەی گڵجۆشەکان بەچینێکی دیکە ڕەنگاو ڕەنگ و درەوشاوە کە، دەگۆڕێت بۆ پرشنگ دانەوەیەکی کانزای.

"سەبارەت بە مێژووی شووشەکردن (بە لێدانی چینێکی شووشە لە فۆرمێکی جۆشدراو بۆ دەرخستنی لایەنی جوانی ئەو کارە و زیادکردنی ڕەنگ بۆ ڕووکارەکەی، کۆمەڵێک تابلێتی سیرامیک شووشەکراو لە وڵاتی دووڕووبار دۆزراونەتەوە کە، مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠ ساڵ پێش زاین ئەمانە کاری بابلی و ئاشورییەکان بوە. لەم کۆمەڵگەیانەدا دوای جێگیر بونیان توانیویانە پێکهاتەکانی شووشە بزانن و دەکرێت لەگەڵ پێکهاتەی گڵەکەدا کار بکەن هونەرمەندان توانیویانە مامەڵە لەگەڵ مۆم، ئەلومینا، سلیکا، هەروەها هاڕاوەی بەردە ڕەنگاو ڕەنگەکان و ئێسقان هتد.. بکەن و بەکاری بهێنن"[١]

مۆزەخانەکان بونەتە گەواهیدەری بەجێماوە گڵجۆشییەکان هەموو ئەو داهێنانی کە، کراوە لە سەردەمە دێرینەکاندا، هەندێک لەو کارانە زەخرەفەی لەسەر کێشراوە لەڕێگەی ڕەنگە شووشەییەکانەوە کە، بریقە دارن ئەم ڕەوتە بەردەوام بو تا سەردەمی گڵجۆشی ئیسلامی کە، گۆزەگەری ئەو سەردەمەش بە زەخرەفە و بریقەی کانزای دەناسرێتەوە.

"دروستکردنی گڵجۆش و مامەڵەکردنی لە کوردستان بەردەوام بوو کە، لەلایەن کۆمەڵێکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرا و ئەم ناوچەیەی پێ ناودار دەبوو، گڵجۆش لەدوایدا وەک پیشەیەکەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا پەرەی پێدرا، لەگرنگترین ئەو ناوچانەی کە، گڵێنەسازی ناوچەی تێدا دەرکەوە ناوچەی (هێرۆ) لە سلێمانی هەروەها (قۆریتان) لە هەولێر و (توز خورماتو) لە کەرکوک و (ئامێدی، قەرەقوش، عمادیە و درکینە) لە دهۆک. ئەم شێوازە لەکارکردن لەهەموو ناوچەکاندا کاری پێدەکرا."[٢]

ڕەنگە تا ئەم قۆناغە جیاکارییەکی ڕەها نەکرێت لە نێوان پیشە و کاری هونەری لە فۆرمە سیرامیکیەکاندا لەپاڵ لایەنی بەکارهێنانیان ڕوانگەی ئیستاتیکی بۆ کارەکان زیاد دەکرا تاکو لەڕوی پێکهێنانەوە فۆرمێکی تەواو بێت. زۆرێک شوێنکاری پیشەی سیرامیک لە کوردستان و شارو شارۆچکەکانیدا بونیان هەبووە و کاریان کردووە هیچ کام لەم پیشەگەرانە کەسانی ئەکادیمی نەبوون کارەکانیان وەک کردەیەکی هونەری هاوچەرخ پرلە هەژمونی هونەری نەبووە.

١- نیران یارث یونان : تاريخ تزجيج الخزف في العراق، مقالة منشورة، ٢٠١٣ mangish.net/forum.php?action=view&id=4679

٢-نعيمة محمد عبدالله: الخزف المعاصر في كردستان العراق سماته و مضامينه النهيه، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ٢٠٠٧، ص ١٨١

ڕەوتی هونەری سیرامیک لە کوردستاندا وەک پێگەیەکی هونەری دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو"کۆمەڵێک خوێندکاری کوردستان ڕودەکەنە بەغدا بۆ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد و لەپاش تەواوکردنی پەیمانگا ئەکادیمای هونەر جوانەکانی هەمان شوێنایین تەواو کرد هەندێک لەم خوێندکاران لە بەشی تەشکیلی هەندێکیان پەیکەرە و ئەوانی دیکەش سیرامیک، ئەو خوێندکارانەش ئەم ناوانە بوون (ئازاد شەوقی، خالد سعید، عوسمان خال، محمد حەمە کاکە، محمد حمە سعید، نوری ئیسماعیل، شێرزاد شەوقی، علی جولا، فوزی رەفیق حلمی).ئەوکات لقی سیرامیک نەبوو لە پەیمانگای بەغداد بەڵام، لەناو پرۆگرامی خوێندندا وەک وانەیەک دەخوێنرا خوێندکاران ڕێسا ئەکادیمیەکانیان فێردەکرا و خوێندکار ئازادبوو لە برەودان و کارکردن لەسەر ئەم هونەرە لە دوایدا، لەنێو ئەو هونەرمەندانەدا کە، کاریان لەسەر سیرامیک دەکرد بە شێوازی ئەکادیمی مامۆستا "محمد حمە سعیدبوو".(١)

هونەرمەند محمد حەمە سعید لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری هەڵەبجە وانەی وتۆتەوە هاوکات هونەرمەند شێرزاد شوقی کە، دەرچوی بەشی نیگارکێشانە لە پەیمانگای بەغدا لەشاری سلێمانی لە (دار المعلمین و المعلمات) وەک مامۆستایەک هەندێک لە کارە سیرامیکیەکانی خۆی نمایش دەکرد بۆ خوێندکاران لە ناو پرۆسەی خوێندی تاکو لەڕێگەی ئەم کارانەوە خوێندکاران ئاشنا بکات بە هونەری سیرامیک.

لەقۆناغێکی دیکەدا لە ساڵی ١٩٦٧ قوتابخانەی (الفنون البیتیة) هونەری ماڵ لە سلێمانی دامەزرا کۆمەڵێک خوێندکار وەک مامۆستای پەروەردەی هونەری بڕوانامەیان بەدەستهێنا دواتر لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەرسی هونەریان دەوتەوە، هونەری سیرامیک وەک بەشێک لەوانەکان دەوترایەوە بە شێوازێکی میللی بەرهەمەکان سور نەدەکرانەوە.

"مەڵبەندی ئیشی دەست بەیەکێکی تر لەمەڵبەندە گرنگەکانی شاری سلێمانی و هەولێر دەناسرێت لە ساڵی ١٩٦٩بۆ ١٩٧٠ دامەزرا بۆ برەودان بەتواناکانی مامۆستایانی دەرچوانی پەروەردەی هونەر لە شاری سلێمانی، هەروەها ئەو کەسانەی کە، ئارەزووی هونەرن و خاوەن بەهرەن کە، لە وەرشەی خوێندنگاو دەرچوانی دواناوەندی و پیشەسازی لێرە برەویان بە تواناکانیان دەدا. ئەم ناوەندە توانی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت وەک نێوەندێکی هونەری بۆ ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتیش شاری سلێمانی هونەرمەند قادر میرخان کە، دەرچوی (دار المعلمین) بوو لەم مەڵبەندەدا وەک ڕاهێنەرێکی هونەری لەبواری سیرامیکدا وانەی هونەری دەگوتەوە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەپێشخستنی ئەم بەشەدا ساڵانە پێشەنگای تایبەتیان بۆ ئەم بەشە دەکردەوە کە، کاری ناوازە و کولتوری تازەکردنەوەی فۆرمە کۆنەکان بەشیوازیکی نوێ هونەرمەند قادر میرخان بۆساڵانێکی زۆر لەم بەشدەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو."(٢)

"ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی دامەزراوەو هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی هونەری شێوەکاری بووە لە باشوری کوردستاندا، هەروەها بوونی چالاکی هونەری قوتابخانەکان هۆکارێکی تری گەشەکردن بووە"(٣)

١- نعیمة محمد عبدالله: الخزف المعاصر في کردستان العراق سماته و مضامینه النهیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ص ١٨١

٢- دیمانە: ڕؤوف عمر حەمە خان: بەڕێوەبەری مەڵبەندی ئیشی دەست، مێژووی دامەزرانی مەڵبەندی ئیشی دەست. کاژێر، ١١:٣٠ بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٣

٣- بەختیار سەعید: کورتەیەک لە مێژووی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە باشوری کوردستاندا، سەرچاوە: http://archive.penusakan.

"جوڵانەوەی هونەری لە کوردستان لەدوای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیست دەست پێدەکات بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری هونەری، کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ڕۆڵێکی گرنگی گێرا وە بووە یەکەم سەرچاوەی بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیر هونەری لەسەر بنەما ئەکادیمیەکان، ئەم پەیمانگایە بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی کۆمەڵێک کە، هونەرمەندانی شاری سلێمانی دامەزرا مامۆستا عەلی جۆڵا وەک بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەستبەکار بوو، وە لەدوای دوو ساڵ لە کردنەوەی ئەم پەیمانگایە لقی سیرامیک کرایەوە مامۆستایان (هیوا عەبدوڵا، قادر میرخان، محمەد حمە سعید، علی کمال) وەک پسپۆڕ لەوبەشەدا وانەیان گوتۆتەوە.[١]

هاوشێوەی پەیمانگی پەیمانگی هونەر جوانەکانی سلێمانی لە ساڵێ ١٩٩٢ پەیمانگای هونەر جوانەکانی هەولێر دامەزرێندرا بە هاوکاری کۆمەڵێک دەرچوی پەیمانگای بەغداد و سلێمانی، پاشان لە شاری دهۆک لە ساڵێ ١٩٩٧ پەیمانگی هونەرە جوانکەنی دهۆک دامەزرێندرا، هەموو ئەمانە هاوشانی زانکۆکانی کوردستان کە، ئێستا شوێنی کۆمەڵێک هونەرمەندی بەئەزمون خاوەن کاری هونەری هاوچەرخن و ڕۆڵێکی گرنگیان گێراوە لە بەرەوە هاوچەرخ بوونی ئەم هونەرە کارکردن لەنێو هەموو ژێدەرە فیکری و فەلسەفەی و تەکنیکیەکاندا دەتوانرێت ببینرێت لەنێوە کارەکانی هونەرمەندانی کوردستان.

دەکرێت ئەم پەیمانگایە وەک بزوێنەری هەموو لقەکانی شێوەکار نیشان بدرێت کە، ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە پرۆسە هونەریەکاندا نەوە لەدوای نەوە مامۆستاو هونەرمەندی بەئەزمون کاریان تێدا کردووە هەتاکو ئەمڕۆ لەکارو پرۆژە هونەرەییەکانی بەردەوامە.

"دواتر کۆلیژی هونەر لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک کرانەوە هەرچەند کۆلێژی هونەر لەزانکۆی دهۆک کۆلێجێکی تایبەت و سەربەخۆ نییە بەڵکو بەشی شێوەکاری سەربە کۆلێژی ئاداب وەک لقێکی تایبەتمەند ڕۆڵی خۆی لەناو هونەردا بینیوە، ئەمانە دەبێتە هەنگاوێکی تر بۆ پەرەپێدان بە هونەری شێوەکاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری هونەری شێوەکاریدا لە زانکۆی سلێمانی دەکرێتەوەو تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ زیاتر لە ٢٠ خوێندکار بڕوانامەی ماستەر لە بواری شێوەکاری و یەک خوێندکار بڕوانامەی دکتۆرایان بەدەستهێناوە وەک پسپۆڕی سیرامیک، لەشاری هەولێر کۆلیژی هونەر لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوەو ٥ خوێندکار توانیویانە بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنن".[٢]

ڕەوتی کاری هونەری لەکوردستان دانەبڕاوانە کاری کردووە ڕەنگە لەهەندێک قۆناغدا کەموکوڕی هەبوو بێت لەڕووی کارکردنەوە بەڵام، دواجار هاوشێوەی هەموو ڕێبازە هونەرییەکان کاری هونەری کراوە ئەزمونی زۆر باشی هونەریش هاتۆتە ئاراوە زۆرێک لە هونەرمەنەدە کوردەکان تاوانیویانە بەگەنە ئەو ئاستەی کە، کارەکانیان لەسەر ئاستی جیهان بناسرێت.

---

html.55-38-23-07-11-2011-com/rangala/2214

١- دیمانە: نعیمة محمد عبدالله، گفتوگۆ لەسەر سەرەتای دروستبونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ، بەرواری ٢٠١٧/١٠/١٢

٢- ماڵپەڕی کورد پیدای: کورتەیەک لە مێژووی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە باشوری کوردستاندا، سەرچاوە: www.kurdipedia.org/ default.aspx?q=20150809060618125093&lng=3

"هونەری مۆدێرن (Modern art) لە زۆر حاڵەتدا بەو هونەرە دەگوترێ کە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە تاکو جەنگی جیهانی دووەم هاتووە و پاش ئەو ماوەیە پێی دەگوترێت هونەری هاوچەرخ (Contemporery art). هەندێک بۆچون بەگشتی دەڵێن (مۆدێرن) و کەسانی وایش هەن بەو هونەرەی کە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو دووەم جەنگی جیهانی دەڵێن: مۆدێرنی کلاسیک و بەمەی پاش دووەم جەنگی جیهانی دەڵێن هونەری پۆست مۆدێرن. لەگشت حاڵەتەکاندا چەمکی (مۆدێرن) تاکو ئەمڕۆ کۆن نەبووە لە زمانی هونەر و کولتور بۆ ژیانی ڕۆژانەش بە نوێبۆنەوە تازەکردنەوە بەکاردەهێنرێت."(١)

دوابەدوای هەر ڕێبازێکی هونەری هونەر دەخرێتەوە ژێر چەند پرسیارێکی دیکە تاکو دیدگەیەکی دیکەی هونەری دروست بکات هونەرمەندان و بابەتی هونەری لەخۆی بئاڵێنێت هونەری هاوچەرخ گەواهیدەرە.

ئارگومێنتێکی زۆر لەدەوری هونەری هاوچەرخ خۆی دەبینێتەوە ڕەنگە بەڕوونی یاخود بەشەرمنانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدا بکرێت ئەم هونەرە پێناسەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، تێری سمیس (Terry Smith) وەک پرۆفیسۆرێکی هونەری هاوچەرخ ئەم هونەرە دەکات بە سێ کۆمەڵەی هونەرییەوە.

یەکەم "دامەزراوە گەورەکان بەتێچونێکی زۆرەوە لەپشت هونەرمەندێک یاخود ئۆبجێکتێکی هونەرییەوە دەوستن، ئەم دامەزراوانە بڕیاردەری ئەم هونەرەن، بینەر لەمانەوە هونەرە نوێکان دەبینێت کە، ناوی دەنێن هونەرێ نوێ یاخود هاوچەرخ هاوشێوەی کارەکانی جێف کونس (Jeff Koons) و دایمان هێرتس (Damien Hirst). جگە لە دامەزراوەکانیش ڕەگێکی ئەم کۆمەڵە لە ئەزمونی ئەبدەیت کراوی تواناى تاکانەی هەندێک لەو هونەرمەندانە وەرگرتووە کە، لە هەناوی مۆدێرنیزمەوە بەردەوامیان داوە هاوشێوەی دیوارە ئاسنینەکانی هونەرمەندی مینیماڵست ریچارد سێرا (Richard Serra)".(٢)

دووەم کۆمەڵە "کەمتر جێگایان دەبێتەوە لەناو کۆمەڵەی یەکەمدا کە، بە ناوچەکانی دەرەوە وەک چین ڕۆژهەڵات و ئەفریقا و هتد.. ناویان دەبات گەر بە نموونە باس لە بیناڵە بکەین تەنها (ریچارد سێرا و دایمان هێرس) نین ئەم کۆمەڵەیەش بەشێکی گرنگی ناو بیناڵەکان پێکدەهێنن کە، لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاون."(٣)

"کۆمەڵەی سێهەم. لێرەدا هونەرمەندان جەخت دەخنە سەر ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندییە میدیایەکان، ئەمەش وەک شێوازی ژیان (لایف ستایل)ی ڕۆژانەی ناو سۆشیاڵ میدیا دەبینرێتەوە کە، ئەمیش جۆرێکە لە هونەر کە، لەگەڵ میدیای نوێدا کاردەکات."(٤)

گەر بێینە سەر ڕاڤەکردنێکی دیکە بۆ هونەری هاوچەرخ لە کۆنتێکستکی تردا ئەوا دەبێت ئاگامەند بین بە دۆشامپ.

---

١-گارا: هونەری شێوەکاری مۆدێرن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٦

٢-FMK Interview with Terry Smith: https://www.youtube.com/watch?v=jf6s9JPFt8E

٣- Terry Smith. The Contemporary Condition. 2016. https://www.youtube.com/watch?v=durNqyZPx-g

٤-FMK Interview with Terry Smith: https://www.youtube.com/watch?v=jf6s9JPFt8E

جوزف کوزوس (joseph kosuth) لەسەر مارسێل دۆشامپ دەڵێت (Marcel Duchamp)، "گشت هونەر لە پاش (دۆشامپ) وە چەمکگەرایی (تێگەییە)لە سروشتی خۆیدا، لەبەر ئەوەی هونەر تەنها کۆنسێپچواڵی بونی هەیە".(١) هونەری چەمکگەرایی ئەو هونەرەیەکە، ئایدیا دەبێتە داینەمۆی تەواوی پرۆسێسە هونەرییەکە، فۆرم لەم هونەرەدا بەبێ مەرجی ئایدیا ناتوانێت بەبێ هیچ بەهانەیەکی دیکەوە وجودی هەبێت بە ئاوایەکی دیکە ئایدیا سەنتەرە و ئۆبجێکت تەنها نوێنەری ئایدیاکەیە.

هەر لەسەر خوێندنەوە هونەرییەکان بۆ هونەری هاوچەرخ "دەبێت ئاگامەندبین لەوەی کە، هەموو هونەری هاوچەرخ بە هونەری چەمکگەرایی نەچوێنین، کاتێک باس لە مینیماڵ ئەرت دەکەیت کە، تەوژمێکی فۆرمالیستییە هاوکات فۆرمالیزم پێچەوانی کۆنسێپچوالیزمە کە، جەخت دەکاتە سەر فۆرم و چۆنیەتی پەیوەنییەکانی، هونەر لە ناو مینماڵیزما پوخت نەبۆتەوە بۆ ئایدیا بەتەنها ئەو بە پێچەوانەوە فۆرم پوخت دەکاتەوە بۆ فۆرم خۆی هاوکات فۆرمەکان خۆیان پەیوەندی دەکەنەوە خۆشیان کۆنسێپت دروست دەکەنەوە. هونەری هاوچەرخ دەکرێت بڵێین فرە ڕەهەندە و دەکرێت لە کۆمەڵێک ڕێگاوە بچینەوە ناوی،"(٢) کە، ئەمەش یەکێکە لە خاسیتەکانی هونەری هاوچەرخ کە، هونەرمەند بوێرانەتر کار لەسەر کایە هونەرییەکان دەکات.

"هونەری هاوچەرخ بەر لەهەر شتێک هەوڵێکە بۆ خستنەژێر پرسیاری ئەو هونەرانەی کە، لەژێر یاسا و ڕێسادا خۆیان بەیان دەکرد و هاوشانی خۆیان لە ناو میدیاکاندا خۆیان سنوردار دەکرد. هونەری هاوچەرخ چییەتی نیگارکێشی و پەیکەرسازیی و ئیستاتیکا و ماتریاڵێتی هونەری و تەکنیک و شارەزایی و گەلێ ڕەهەندی تری هونەری خستەژێر پرسیارەوە وایکرد هونەر قوتار بکات لە هەموو ئەو بیرۆکانەی پێشتر درابونە پاڵی. ئیدی هونەر چیدی ئەوانەی پێشتر نییە، بەڵکو کایەیەکە وەک کایەکانی تر خۆی لەناو خۆیدا تاوتوێی پرسیارەکانی دەکات. لەبەر ڕۆشانی ئەم تێگەیشتنە هاوچەرخانە هونەرێک بەرهەم هات کەلە سروشت و ناوڕۆکدا جیاواز لە هونەرەکانی پێشخۆی. بەکارهێنانی هەر ماتریاڵێک و تێگەیشتنێک، بووە بە بەنەما بۆ ئەم هونەرە."(٣)

"لەم سەدەیەدا لایەنی فیکری و فەلسەفی تەکنیکی بەشێوەیەکی زۆر فراوان پەرەی سەند، ئەمانە هەمووی بونە هۆکارێک بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە، لەم بوارەدا کاردەکەن بەئاگا بن لە هەموو ئەوە بەرەو پێشچوون و گۆڕانکارییە کولتووری و هونەری و سیاسی و فەلسەفیانە، لەپاش ئەم گۆرانە ڕیشەییەوە لایەنی فەلسەفی و دەربڕینخوازی و ئیستاتیکی هاتنەناو پێکهێنانی کردە

١- Alberro, Alexander. Stimson, Blake: Conceptual Art: A Critical Anthology, Teh mit Press. Cambridge, Massachustts. London, 1999, page 164

٢- دیمانە: ڕەنج حکمەت هندی: هونەری هاوچەرخ، کاژێر ١٢:٠٠ بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٨.

٣- دیمانە: هەڵگورد ئەحمەد: هونەری هاوچەرخ، کاژێر ١٠:٣٠ بەرواری

هونەرییەکانەوە"[١] گۆڕانکاری بەردەوام و دانەبڕان لە بەرەو پێشەوەچوون هەموو بوارە جیاجیاکان دەگرێتەوە، کرەدەهونەرییە هاوچەرخەکان ئەو شایەتییە دەدەنە سەر هونەری سیرامیک کە، توانیویەتی شانبەشانی ڕێبازە هونەرییەکانی دیکە کاربکات، هونەرمەندانی سیرامیک لە ئاستێکی چەقبەستودا نامێننەوە لەڕووی فیکر و فۆرمەوە و بەردەوام لەدوای نوێخوازیدان دەڕواننە هەموو ئەو شەپۆل و تەوژمە فیکریانەی کە، کۆمەڵگە لەگەڵیدا دەژین و وەدەرهاویشتەی ئەمانە دەکەن کارەکانیان.

"فیکری سەدەی بیست و یەک و شۆڕشە هونەرییە نوێیەکەی دەرگای پراکتیک و تاقیکردنەوەی کردەوە بەڕووی هەموو هونەرەکانادا هونەری سیرامیکیش بەچاوێکی دێکە تەماشای دەکرێت کە، بۆتە هەڵگری هەموو سیماتە هاوچەرخیەکانی لەڕوی شێواز و فیکرو فۆرمەوە"[٢]

لەئێستادا کارە هونەرییەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەو هونەرمەندانەی کە، لەم بوارەدا کاردەکەن خاوەنی کۆنسێپتی خۆیانن لە کارەکانیاندا و ڕەنگدانەوەی فیکری خودی هونەرمەندە و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کۆمەڵگەیە، زۆریی لە شێوازو فرەیی لە ماتریاڵە جیاوازەکاندا ئەو پانتاییە بۆ هونەرمەندان فراوان کردوە بۆ پێکهێنانی فۆرمی هونەری هاوچەرخ، ئەمەش ئەو ئازادیە دەداتە هونەرمەند هەموو خەیاڵ و دیزاینەکانی بۆکردە هونەرییەکان ئاسانتر بکات و زۆر بە سانای بەرجەستەیان بکات، هونەرمەند بتوانێت ئەو ماتریاڵ و تەکنیکە هەڵبژێرێت بۆ وەدیهێنانی کارەکەی کە، دواتر دەچێتە خزمەتی ئایدیاکەوە کە، لە ئێستادا و لەناو هونەری هاوچەرخدا سنورێکی قەتیس مان نیە بۆ خولقاندنی کارێکی هونەری بەڵکو ئایدیاکان لە پشت کارێکی هونەری باشترن، باشترین و گونجاوترین ماتریاڵ و تەکنیک هەڵبژێرێت کە، لەدوایدا بتوانێت ئایدایکە بە باشترین شێوە بگەیەنێت.

ڕەوتی هونەری لای هونەرمەندانی کوردستان بەرەوە پێشچونی بەخۆوە بینیوە، هاوکات لەگەڵ ئەم بەرەو پێشچونەشدا لەناو سنورێکی داخراودا نەماوەتەوە ئێستا جیاوازتر لەهەر کاتێکی دیکە کارە هونەرەیەکان دەتوانن سنورەکان ببڕن لەڕێگەی ئەو تۆڕە بەهێزانەی کە، تەکنەلۆژیا بۆی فەراهەم کردن و یاخود لە ڕێگەی میدیاکانەوە دەتوانرێت پەیامی کارە هونەرییەکانیان بڵاو بکەنەوە، لە ئێستادا سۆشیاڵ میدیا ئەو نێوەندگیرە گەرمەیە کە، هونەرمەندانی هەموو دنیای پێکەوە گرێداوە و دەتوان لەڕێگەیەوە ئاڵوگۆری فیکیر و مەعریفی تەکنیکی تێدا بکەن، هونەرمەندانی کوردستانیش بێبەش نین لە هەموو ئەم پەیوەندیە هونەریانە، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەڕووی بەرەوە پێشچونی دونیابینی ڕەوتە هونەرییە هاوچەرخەکان، هونەرمەندانی کوردیش هاوشانی هونەرمەندانی جیهان هاوچەرخ بونی خۆیان و کارەکانیان دەخەنەڕوو، ئەم تێڕوانینە لەڕوی فیکرییەوە بێت یاخود لەڕوی تەکنیکی و شێواز گەرایەتی بێت دەرئەنجامەکەی ڕوون و ئاشکرایە.


گەر بێینەسەر بەراییەکانی دەرکەوتنی هونەری سیرامیک لە کوردستان دەبێت ئاماژە بەچەند هونەرمەندێک بدەین کە، بزوێنەری ئەم ڕەوتە هونەرییەن ڕۆڵیکی بەرچاویان گێراوە لە بەرەوە پێش

١-جمال عبود: رؤية فنية معاصرة للانية الخزفية، دراسات وبحوث، جامعة حلوان،القاهرة، ١٩٨٧، ص٣٣


٢ محمود البسيوني: الفن في القرن العشرين (من التأثيرية حتى فن العامة) دار لمعارف، القاهرة، ١٩٩٣، ص٥٨

چوونی هونەری سیرامیک لە کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی.

هونەرمەند (محمد حمه سەعید) خاوەنی کۆمەڵێک کاری سیرامیکە لەکارەکانی ئەم هونەرمەندەدا دەکرێت تەکنیکێکی باڵا ببینرێت لە پێکهێنانی کردە هونەرییەکانیدا ڕەنگە قاڵبونەوە لەتەکنیک و زانیاری تەواو لەگەڵ مامەڵەی ماتریاڵەکانی سیرامیکدا بونەتە هۆی زاڵ بونی لایەنی تەکنیکی بەسەر کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا. "میناتۆر وەک کایەیەکی هونەری شێوەکاری کە، سیرامیک پەیکەر و نیگار کێشان لەخۆ دەگرێت بە شێوەیەکی زۆر ورد، واتا ئەو بەرهەمانەی دەخرێنە پێش چاو زۆر وردن کە، قەبارەیان لەچەند ملیمێکدا خۆی دەبینێتەوە، لەڕێگەی گەورەکەرەوە تەماشا دەکرێت، لەساڵی ١٩٨٨ بەکارێکی هونەری میناتۆر وەک وێنەی ژمارە (٦٠) دیارە بەژداری فێستیڤاڵی ساڵانەی میناتۆر دەکات لە فەرەنسا بە بچوکترین میناتۆر سیرامیک هەژمار دەکرێت"[١]
هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەدا کۆمەڵێک کاری دیکەی هونەری لە بواری سیرامیکدا ئەنجامداوە هاو شێوەی وێنەی ژمارە (٦١) کارێکی پەیکەرێکی گڵجۆشی ئەبستراکتی سیرامیکیە کە، ڕووکارەکەی بە تێکسچەرێکی ورد داپۆشراوە کونێکی هاوشێوەی کاریگەری فیشە یاخود کونکەرێکی تیژ لە ناوەڕاستی کارەکدا هەیە بە تەکنیکی فەرشی قوڕین ئەنجامدراوە پاشان ڕووکاری دەرەوەی بە شووشەیەکی ڕوون داپۆشراوە.



وێنەی ژمارە (٦٠)



وێنەی ژمارە (٦١)

هونەرمەند (قادر میرخان) دەنوسێت"دەشێت کارکردن بەقوڕ گەلێک مانای قووڵ لە خۆ بگرێت لە هەمان کاتدا دەشی هەر یارییەکەی ئەو زەمانە بێت کە، ڕۆژانە چەشمان دەکرد و سەرسامی دەکردین. قوڕ مادەیەکی بەخشندەیە ئەوەی بمانەوێت دەماندات، زمانی دەربڕینی گەورە و بچوکە، توانایەکەی ئەفسوناوی هەیە ڕۆژانە دەرگای نوێمان بۆ واڵادەکاتەوە و ڕوانین دەگۆڕێت، هێما و مانا و بابەت مەبەستی هونەرمەند نییە ئەوەندەی خودی مادە و فۆرم و توخمەکانی تری پەیوەست پێیانەوە. هونەرمەند لە دوای بەرگی جیاوازی ئەوان وێڵم وە لەدەرفەتی نوێ دەگەڕێم بۆیان، ئەوان بۆ خۆیان زمانێکی تایبەتن، نامەوێت پیاچوونەوە و ڕتوشکاری لەگەرم و گوڕی ساتەوەختەکانی داهێنانیان دابڕم، ئەو ڕەونەقەیان


١- ڕۆژنامەی العراق، محمد حەمە سعید، چل ساڵ کاری هونەری ، دیامەن یاسین قادر برزنجی، ژمارە ٥٩، ساڵی ١٩٨٨ ل ٤

خامۆش کەم، تام و چێژی کارکردن و خەیاڵی داهێنان وا دەکات، مەرج نییە فۆرمێکی دیاریکراو بێت کاتێک کارێکی نوێ دەست پێدەکرێت. دەستبردنی بۆ قوڕ زۆرجار شێوەی لێدەکەوێتەوە و هەندێ جار هونەرمەند پەنا بۆ سروشت دەبات بۆ وەدیهێنانی کارەکانی"[1]

وێنەی ژمارە (٦٢-٦٣) لەم کارانەی هونەرمەند قادر میرخاندا هەژمونی تەکنیک زاڵە بەسەر کارەکەدا هێڵەکان و ڕەنگەکان خۆرسکین دەرهاویشتەی سروشت و ئەزمونی تەکنیکی و زانیاری گشتی ماتریاڵەکانی سیرامیکە کە، ڕەنگدانەوەی تەواوی لە ناو ئەم قاپانەدایە یاخود شێوە بازنەیاندەدا وەدەر دەکەوێت.



وێنەی ژمارە (٦٣)



وێنەی ژمارە (٦٢)

هونەرمەند (هیوا عبداللە) لەپشت ئەزمۆنێکی زۆرەوە کۆمەڵێک کاری هونەری کردوە وە هاوکات بەردەوامە لە وەدیهێنانی کارە هونەرییەکانی وێنەی ژمارە (٦٤-٦٥) لەم دوکارە هونەرییەدا گرنگی یەکی تەواو دەبین لە دیکۆرکردنی ڕووکاری دەرەوەی کارە سیرامیکیەکان بە بەکارهێنانی نەخش و نیگارو هێما سود وەرگرتن لە فۆرمە کولتوورییەکان لەگەڵ تەکنیکی ڕلیف لەسەر ڕووکاری دەرەوە ئەم فۆرمە کولتووریانە لەناو کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا ڕەنگدانەوەی بینیوە تەکنیکی کارکردن



وێنەی ژمارە (٦٥)



وێنەی ژمارە (٦٤)

١- گۆڤاری شێوەکاری: ئەزمونی قادر میرخان، ساڵی ٢٠٠٤، ژمارە ٥، ل، ٥٣

ئەرێنیانە کاری خۆی کردووە، لە کارەکانی ئەم هونەرمەندە دا شووشەکردن بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە ڕوپۆش کردنی فۆرمەکانی.

هونەرمەند (نەعیمە محمد عبدالله) رەوتێکی نوێ لە کاری هونەری، پرۆژەی (پێیەکان دەفرن بەرەو ژیان) "خستنە ڕووی کارێکی چەمکگرایەتییە (کۆنسێپچواڵ) لە هونەری (ڤیدیو ئارت)دا بە بەرجەستەکردن و دیزاینکردنی سەدان جۆری پێڵاوی جۆراوجۆر.. بەتێکەڵاوکردنی گڵ و ئاو لە جێبەجێکردنی ئەم کارەدا، تێکشکانی پێڵاوەکان کە، پاشماوەی بەجێماوی سەدان کۆچبەرە، ئەوانەی نیشتیمان بەجێدەهێڵن و روو لە دنیایەکی نادیار دەکەن لەپێناو دابینکردنی خۆش گوزەرانی و ژیاندا بۆ خۆیان و نەوەکانیان.. جێگای خۆیەتی کە، هونەرمەند لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە ئەوە بخاتەڕوو کە، ئایە جیابونەوەی هەریەک لە پێڵاوەکان لە دوو دنیای جیاوازدا لە کوێدا یەکدەگرنەوە؟ لە ڕێگەی ئەم کارەوە دەیەوێت پرسی سەدان کۆچبەر بجوڵێنێت لەناو کارە هونەریەکانیدا."(١)

لەم پرۆژە هونەریەدا تێوە گلانی هونەرمەند بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی رۆژانەوە هاوکات لەگەڵ تراژیدای دوبارە بووەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هۆکارێکی گرنگ بووە لەپشت ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەوە کە، بتوانێت جارێکی دیکە ئەم پرسە بجوڵێنت بە شێوازێکی هونەری، لەم پرۆژەیەدا سیرامیک وەک گونجاو ترین ماتریاڵ لە لاین هونەرمەندەوە هەژمار دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە کە، تێیدا سەدان جۆری پێڵاو بە شێوازی زۆر جیاواز و قەبارەی جیاواز دروستکراوە کە، هەریەک لەم پێڵاوانە ئاماژە دەدەن رەگەز و تەمەن کۆچبەرەکان هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی لەناو رۆخی ئاودا کۆمەڵێک پرسی دیکە دەجوڵێنێت هەروەها لە کارەکەدا دەنگ جارێکی دیکە بەشداری لەگەڵ هەر شەپۆلێکی ئاودا کە، بەر پێڵاوەکان دەکەوەێت دەنگێکی نامۆی دەبیستیت ئەم پرۆژە چەمک گەراییە تەواو هاوچەرخە لەگەڵ پرسە گرنگەکانی کە، دەوری هونەرمەندان دەدەن دواجار مامەڵەیەکی هونەریانە لەگەڵدا دەکرێتەوە. لەم کارەدا هونەرمەند هەوڵیداوە شوێن دەستی بەکارەوەکەوە جێبێڵێت تەنها بە سورکردنەوە کارەکە پەیامی خۆی گەیاندووە هیچ شێوازێکی رازاندوەی رەنگکردنی (شووشە)ی بەکارنەهێناوە. وێنەی ژمارە (٦٦) نمونەی بەشیک لە کارەکەیە.



وێنەی ژمارە (٦٦)

١-گۆڤاری ژن: د.نەعیمە محمد عبدالله: پێکان بەرەوە ژیان دەفرن، پرۆژەی هونەری، ژمارە١٨ ساڵی ٢٠١٦، ل ٥٩

لەگەڵ ئەوەی کە، ئەم کردە هونەرییە کە، لە ئاکشنێکی کاتیدا نمایشکراوە بۆمن ئەوپرسە لەگەڵ خۆی جێدەهێڵێت کە، مەبەست چییە کە، میدیەمی سیرامیک پێکەوە بەستن دروستدەکات لەگەڵ ژینگەدا لەکاتێکدا کارە سیرامیکیەکان نمایندەی پێڵاو دەکەن و بە پێوانی پێڵاوی ئاسایی کە، خودی پێلاو هەمان ڕۆڵ و دەگێڕێت، بەڵام، هەرئەم پەیوەندییە گرفت ئامێزە لە نێوا بەکارهێنانی ماتریاڵی دیکە لەجێگای ئەوان و تایبەتمەندی خۆی بخاتە سەر کارە هونەرییەکە هەریەک لەو پێڵاوانە بەچەق بەستوی بمێنەوە بۆ کەسە کۆچکردوەکان کە، جارێکی دیکە بەکار نەهێنرێنەوە وەک هێمایەک دەمێننەوە.


وێنەی ژمارە (٦٧)

هونەرمەند (سازان عەلی) ژێدەری کارەکانی سروشتە هۆکارەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ فراوانی و فۆرمە بێکۆتاکانی سروشت، لەناو سروشتدا پەنا بۆ ژیان دەبات، سەرسامی هونەرمەند لە بەرامبەر دوبارە ژیانەوەی ئەوشتانەی کە، لەناو سروشتدان، لە پێکهێنانی کارەکانیدا ماتریاڵی دیکە بەکار دەهێنێت لەگەڵ سیرامیکدا، هاوشێوەی وێنەی ژمارە (٦٧) لەم کارە هونەرییەدا تەختە بەشێکە لە کارەکە و نوماینەدەی ژیان دەکات لەناو ئەم کارەدا. هونەرمەند لە کارەکانیدا تەکنیک ڕۆڵیکی باڵا دەگێڕێت و گرنگی زیاتر بۆ لایەنی تەکنیکی دادەنێت، بەشێوەیەکی بەرچاو لەم کارەدا بە بەکارهێنانی شووشە وەک ڕوکەشێک بۆ ئەم کارە بەچەند قۆناغیکدا ڕۆشتووە زیاتر لە جارێک پرۆسەی جۆشدانی بۆ کراوە تاکو ئەو تێکسچەر و ڕەنگە بەدەست بێت کە،" هونەرمەند لەگەڵ تێکەڵکردنی ماتریاڵەکاندا هارمۆنیەت دروست بکات هونەرمەند هێندەی گرنتی بەلایەنی تەکنیکی کارەکە دەدات لەڕوی شووشەکردنەوە ئەوەندە گرنگی بە فۆڕمی کارەکە نادات."(١)


ڕوانینەکان بۆ ئەم کارە نوێیەی کە، پێکەوەگرێدانی دوو ماتریاڵمان نیشان دەدات کە، سیرامیک بۆتە بەرگێکی تێکەڵ لەگەڵ تەختەکەدا هەردوکیان پێکەوە تەواوکەری یەکن، ئەم کارە تەواو ئەبستراکتە و بەهای تەکنیک ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم کارەدا، ڕەنگە سیرامیک خرابێتە خزمەت فۆرمەلەکردنەوەی بەرگێکی نوێ بۆدارەکە، ئەمەش خودی ئەو مەبەستە کە، هونەرمەند دەیەوێت لەڕێگەی فۆرمێکی شوشەکراوی بەرگێکی نوێ بکات بەبەرگی تەختەکەدا.

هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) مێژوویەک لەگەڵ گڵجۆشدا "کاری داهێنان لەبواری هونەری شێوەگەریدا وەک چەمکە ترادیشۆنیەکەی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ کەرەستەو ماتریاڵەکاندا هەیە، زۆرجار کەرەستە و ماتریاڵ دەبێتە بزوێنەر و ڕێگە خۆشکەر و دەرگاکانی ئەفراندن واڵا دەکات. ئەزمونی گۆڕین و تاقیکردنەوەی توانا و زمانی دەربڕین لە هەر ماتریاڵێکدا بۆ

١- دیمانە: سازان عەلی: پەیمانگای هونەرە جوانەکان، کاژێر ١١:٠٠ بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٣



وێنەی ژمارە (٦٨)



وێنەی ژمارە (٦٩)

خۆی لای زۆرینەی شێوەگەرانی ئەم سەردەمە شوێنی خۆی هەیەو لەبەر چاو دەگیرێت"[١]

پرۆژەی (هێڵەکان بۆمن ڕەنگەکان بۆتۆ) یەکێکە لە کارەکانی هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) کە، لە پێشەنگایەکی تایبەتدا نمایش کراوە هاوشێوەی وێنەی ژمارە (٦٨) سیرامیکی بۆتە ئەو رووەی کە، هێلکارییەکانی هونەرمەند لەخۆ دەگرێت دواتریش ڕەنگە بێکۆتاکانی شوشە کە، بەتەکنیکی ڕاکۆ جۆشدراون هێڵکارییەکان بەپێزتر دەکەن، "مامەڵە لەگەڵ ئەم میدیەمەدا بووە هۆی ئەوە کۆتا پرۆژەی خوێندنی هونەرمەند لەسەر سیرامیک بێت.

قوڕ ئەو ماتریاڵەیە کە، هێڵکاری، تێکست، هەروەها بیرۆکەی نمایشکردنی کارەکانی هونەمەند کۆبکاتەوە، دروستکردنی ٣٦٠ مزراح وەک یادەوەرییەکانی منالّی بەکارهێناوە".[٢] وێنەی ژمارە (٦٩) بەشێکە لە پرۆژەکە. سیرامیک زۆرکات مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ دەکرێت بەڵام، کاتێک بە کۆنسێپتێکی جیاوازەوە بینینێکی دیکە دەخاتەروو مامەڵەکردنەکەی دەگۆڕێت، کاتێک دەبینێت بینەری ئەم کارە پەیامێکی جیاواز دەبینی لەهەریەک لە مزراحەکاندا کە، هەڵگری هێڵکاریەکی تایبەتە، کۆی مزراحەکانیش پێکەوە جارێکی دیکە پەیامێکی دیکەی هەیە هاوکات ژمارەی کارەکانیش پەیوەستە بەتەواوکردنی کارەکەوە دواجار ئەم کارە خۆی دەبێتە نوماینده‌یەکی زیندوو کە، کۆمەڵێ هێما و سیمبول و یادەوەری لەخۆ دەگرێت گڵجۆش لێرەدا تەنها پەیامێکی ئسیتاتیکی نامێنێت لە چاو پەیامە فیکریەکەدا کە، خۆی لەگەڵ یادەوەرییە منالّییەکاندا ئاوێزان دەکات.

هونەرمەند (مەریوان جەلال) وێستگەیەکی دیکەی کاری هونەری، (بەبەکارهێنانی هێز و ڕەنگی سەرنج ڕاکێش لە پێکهێنانای بەرمیلەکاندا هەوڵیداوە پێشینەی خۆی دیاری بکات و لێکەوتەکانی نیشان بدات، ئەو کاریگەریانەی لەسایەی نەوتەوە ڕوو دەدات لەناو کۆمەڵگەکەیا.

هونەرمەند کۆمەڵێک کاری لەسەر بەرمیل ئەنجامداوە، کە، تاڕادەیەک نامۆیە بۆ کارکردن لەلای هەندێک کەس. سەرەڕای ئەوەی کە، نەوت دەبێتە دروستکەری سوپاکان و چەکەکانی کە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆمەڵگەو ژینگەش.

گۆگربونی لەگەڵ بیرۆکەی کارەکە دەگێڕێتەوە بۆ دۆکیومێنتارییەکەی کەناڵی BBC لەژێر

١- قادر میرخان: هێڵەکان بۆمن ڕەنگەکان بۆتۆ: پێشەنگای تیبەت، ڕێبوارسەعید، ٢٠٠٧، ل١

٢- دیمانە: ڕیبوار سەعید: دیمانە، ئەزمونی کاری سیرامیک لای ڕێبوار سەعید، کۆلێژی هونەر،کاژێر ١١:٢٠ بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٣



وێنەی ژمارە (٧٠)

ناونیشانی (Blood and Oil) خوێن و نەوت، لێرەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە، نەوت بۆتە هۆکاری لەناوبردن و وێرانکاری لەبری ئەوەی خۆشگوزەرانی بۆ جیهان بەدەست بهێنێت. هونەرمەند لەم کارەدا هەوڵیداوە هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان بەکارهێنانی ویلی کارەبی و قاڵبکردن لەڕێگەی پەستانەوە بۆ پێکهێنانی کارەکانی، ماتریاڵەکانیش بریتیەلە قوڕ و شووشەی ڕەش)[1]

یەکەم بەرکەوتنی ئەم کارە کە، لەوێنەی ژمارە (٧٠) دیارە ڕاستەوخۆ دەمان هێنێتەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە، خاوەن نەوتن وە کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر نیە لەم ململانێیە کە، لە سایەی نەوتەوە هاتۆتە ئاراوە کە، زۆرینەی کاولکاری و نەهامەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاکی کوردە هاوکات هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ نەوت. هونەرمەند لەڕێگەی ڕەشی نەوت و ژمارەیەک زۆر لە بەرمیلی نەوت کۆمەڵێک پەیامی سیاسی کۆمەڵایەتی لەکارەکەیدا دەجوڵێنێ، لەم کارەدا هێندەی ئایدیا ڕۆڵدەگێڕێت و مشتومڕ لەخۆی کۆدەکاتەوە تەکنیک هێندە باڵادەست نییە سیرامیکی ئەو میدیەمەی کە، هونەر مەند هەڵیبژاردووە بۆ نوماینەدەکردنی ئایدیاکان لە ناو کۆنتێکستیک هونەری هاوچەرخدا.



وێنەی ژمارە (٧١)

هونەرمەند (ڕووخۆش غەفور) دەرچووی ئەکادیمیای هونەر جوانەکەنی بەغدادو هونەمەند کاریگەری هونەرمەندانی بەغدای بەسەر کارە کانیەوە دیارە هاوکات، لەگەڵ تێکەڵکردنی لەگەڵ ژینگەی کوردستاندا بەرهەمە هونەرییەکانی لە تێکەڵکردنی ڕەنگەکانە لەڕێگەی شووشەو ئۆکسیدە ڕەنگیەکانەوە چۆڕانەوەی ڕەنگەکان بۆ سەرپانتایی رووی گلجۆشە ئەمەش وادەکات ڕوویەکی ئیستاتیکی و فرە ڕەهەندی بخاتەروو لەکارەکانی ئەم هونەرمەندەدا هەروەک لە نمونەی ژمارە (٧١) یەکێکە لەکارەکانی هونەرمەند.

هونەرمەندی سیرامیکی (ڕۆژگار کمال) لە نوێترین کارەکانیدا لەساڵی ٢٠١٧ لەژێر ناونیشانی (هێڵەکانی ڕۆژگار لەگەردونی ژیانەوە) "هونەرمەند لەزۆربەی کارەکانیدا گوزارش دەکات، بەرهەمەکانی هونەمەند زیاتر لەڕێگەی هێڵەکانی خۆیەوە گوزارشت دەکات، هێڵە هارمۆنیەکان بەتەنها لەم کارەدا نین هاوکات لەگەڵ ئەم هێڵانەشدا چەند فیگەرێکی بەکارهێناوە لە وانە باڵندە ماسی ئەم دوو فیگەرە لای هونەرمەند گوزارشتن بۆ جوانی بەردەوامی، هەروەها هێڵەکانی ئەم فیگەرانە تەواو ئەبستراکت کراون لەناو کارەکەدا ئەمەش بە هیوا

١- پەیوەندی تەلەفونی: مەریوان جەلال، دەربارەی کارە هونەرییەکانی، کاژێر، ٠٨:٠٠، بەرواری ٢٠١٧/١١/٨.


ئەوەی بتوانێت پەیوەندییەکی تەواو هارمۆنی دروست بکات لەناو هێلەکان و سروشتدا، هێنانی ئەم دیوار بەندە بۆ ناو سروشت نمایشکردنی لە جوگرافیایەکی گونجاو بۆ ئەم کارە بەشیکە لە ئامانجەکانی کارەکەی"[١]



وێنەی ژمارە (٧٢)

وێنەی ژمارە (٧٢) دیوارە بەندەکەیە لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی دانراوە.

تێکەڵاوکردنی ئەم کارە هونەریە لەگەڵ سروشتدا ئەزمونێکی نوێیە گرنگی خۆی هەیە ڕەنگە کەم تازۆر ئەم مامەڵەیە لەگەڵ کاری سیرامیکدا نەکرابێت ئەو فەزایە نەرەخسابێت تاکو کارە هونەرییەکان لە دەرەوەی ستۆدیۆکان نمایش بکرێت بۆ بینەری ئاسایی تاکو بتوانێت بەرکەوتنی جیاواز لە دیدی گڵێنەسازی بۆ هونەری سیرامیک ببینێت، کە، ڕەنگە ئەمە هۆکارێک بێت کە، زۆر جار ئەم هونەرە ئەخاتە ژێر ئەو پرسیارەوە کە، تا ئێستا شەرمنانە مامەڵی هونەری لەگەڵدا دەکرێت.



وێنەی ژمارە (٧٣)

هونەرمەند (هەڵگورد ئەحمەد) دەربارەی یەکێک لەکارەهونەرییەکانی وەک لە وێنەی ژمارە (٧٣) ئەم کارە یەکێکە لەو کارانەی لەسەروبەندی خۆیدا هەوڵیداوە بەپشتگوێخستنی هەر یاساوڕێسایەک کە، سیرامیکی لەسەر بونیادنراوە بەئەنجامی بگەیەنێت. کارەکە لەسەر چوار پەناڵی بەکانڤاس-ڕوپۆشکراو جێگیرکراوە، کەپێوانەی هەریەکەیان پەنجا بە حەفتاو دووە. دواجار تێکستێکی پرنتکراو لەسەر کانڤاس تێکەڵ بەکارەکە کراوە.[٢]

لەم کارەدا هەوڵەکانی هونەرمەند بۆ تێکشاندنی ڕێگا باوەکانی نمایش و کاریگەری تەکنیک لەسەر هونەری سیرامیک بەڕوونی دەبینرێت، تێکەڵکردنی ماتریاڵی دیکە و بونی تێکست لەگەڵ فۆرمە ئەندازەییەکانی سیرامیکدا تەواو ئەبستراکتن دەرچوون لەو چوار چێوەیەی کە، دانراوە دیسانەوە ئاماژەیەکی دیکەی قوتار بوون لە ڕێچەکە باوەکان، هەوڵەکانی هونەرمەند بەتەواوی دەبینرێت بۆ خۆقوتارکردن هەنگاو نان بۆ ناو هونەری هاوچەرخ.

کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (نزار هادی) لەدووتوێی بەرهەمەکانی کە، جۆری تەکنیکی ڕاکۆ لەخۆ دەگرێت کە، لەدواین پێشانگای هاوبەشیدا زۆرێک لە بەرهەمەکانی خستەڕوو، تەکنیک و شێوازی شووشەکردن لای هونەمەند بەتەواوی زاڵە بەسەر کارەکانیدا هاوشێوەی کارەکانی وەک لەوێنەی

١- پرۆگرامی بەیانی و ئێوارەی کوردسات نیوز، ڕۆژگار کەمال: چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی، بەرواری ٢٠١٧/٧/٢٨

٢- دیمانە: هەڵگورد ئەحمەد: یەکێک لە کارە سیرامیکیەکانی، کاژێر ١١:٣٠ بەرواری ، ٢٠١٧/١٠/٢٩


وێنەی ژمارە (٧٥)


وێنەی ژمارە (٧٤)

ژمارە (٧٤-٧٥)دا دیارە، بەڵام، لەهەردوو بەرهەمەکەدا هونەرمەند هەوڵیداوە کار لەسەر کۆنتراستی شووشەو سوتانی فۆرمەکان بکات ئەو ڕووبەرانەی کە، هونەرمەند بەجێیان دەهێڵێت لەم تەکنیکەدا ڕەشدەبێت و شووشەی سپی بەکارهێنراوە تاکو پارسەنگی ئەوڕەشییە بکاتەوە لەگڵ بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕەنگی دیکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، ئەمەش بۆتە هۆیدروستکردنی ئەو تێکسچەرە کە، لەسەر ڕووکاری هەردوو فۆرمەکە دەبینرێت، هاوشێوەی زۆرێک لە هونەرمەندان کە، کاری ڕاکۆ دەکەن تەنها تەکنیک چانسی سوتان دەخرێتە بەرچاو لەکارەکاندا هونەرمەند کارەکان دەخاتە بەردەم ئەو گۆڕانکاریانەی کە، ئاگر بۆی بەرهەم دەهێنێت.

هونەرمەند (سۆزە حەمە ساڵح) سیرامیک پانتایی زۆرینەی کارەکانی ئەم هونەرمەندەیە، بەچەند شێوازو ستایلی جیاوز کاردەکات لە ئێستا زیاتر سەرقاڵی کارکردنە لەسەر جۆشدان بەدوکەڵ لەگەڵ شێوازی شووشەکردنی ڕاکۆ کە، تەکنیک باڵا دەستە لەم دوو پرۆسەی کارکردنەدا، ڕەنگە خولیای هونەرمەندانی سیرامیک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ماتریاڵ و تەکنیکدا زۆر زیاتر بێت لە هەر کایەیەکی دیکەی هونەری، قوڵبونەوە لەتەکنیک و زیاتر گرنگیدان بە تێکسچەر و رازاندنەوە و ئەو ڕێکەوتانەی لە ئەزمونەوە دروست دەبێت لەسەر کارە هونەرییەکان بۆتە هۆکارێک کە، هونەرمەندانی سیرامیک کەمتر پەی بە فۆرم و بابەتیبونی کارە هونەرییەکان ببەن، ڕەنگە لەکارێکی ڕاکۆدا نەتوانین خوێندنەوە و تێڕامانێکی قوڵمان هەبێت بەرامبەر فۆرمێکی دوبارە کە، تەکنیکێکی شووشەکردنی جیاواز لەسەر ڕووکاری هەبێت شوێن دەستکاری کردنێکی هونەری بێت. وێنەی ژمارە (٧٦) کارێکی ڕاکۆی هونەمەند (سۆزە حەمە ساڵح)ە.


وێنەی ژمارە (٧٦)

بایەخدان و سەرقاڵ بونی هونەرمەندی سیرامیکی (بەناز رؤوف) لەبواری زیندوکردنەوەی کولتووری و کەلەپوری دابو نەریتەکانەوەیە، بەکارهێنانی ماتریاڵی جیاواز لەگەڵ قور و شووشەی هاوکات سودوەرگرتن لە ژێدەرە کولتوورییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی، بە بەکارهێنانی موروی زەردوویی بۆ نەخۆشی زەدرویی بۆ مناڵ کە، "لە کۆندا بەکارهێنراوە بۆ ئەو نەخۆشیە هاوکات بۆ ڕەواندنەوەی خەمی دایکی منداڵەکانیش بووە تاکو هەندێک لە ئازارەکانی دایک و منداڵەکەش کەم بکاتەوە، کە، ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە".[1]

١- دیمانە: بەناز ڕەئوف: دەربارەی کارە هونەرییەکانی، کاژێر ٠١:٢٥ بەرواری ٢٠١٧/١٠/١٨


وێنەی ژمارە (٧٧)

لەم کارەدا وەک لەوێنەی ژمارە (٧٧) تەنها گڵی عەکاشات بەکارهاتووە وەک ماتریاڵ و سودوەرگرتن لە ژێدەرە کولتوورییەکان ناو کۆمەڵگەی کوردی، تەکنیکە فەرشی قوڕین بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، زۆرێک لەکارەکانی ئەم هونەرمەندە زیندو کردنەوە و دەستکاری کردنی مۆرکە فۆلکلۆریەکان و دابو نەریتی کوردییەکان لەناو کارەکانیدا بە دوبارە کردنەوەیان بە دیدگەیەکی دیکە و لە سیاقێکی دیکەی هونەریدا.

هونەرمەند (تەلان دارا یحی) لەیەکێک لەکارەکانی هونەرمەنددا وەک لە وێنەی ژمارە (٧٨) دیارە کارێکی هونەری سیرامیکە رووی دەرەوەی بە نوسینی (مسماری) دەورە دراوە هەموو ئەو هێما و نوسینانەی کەلەسەر ڕووکاری دەرەوەی کاری بۆ کردووە پەیوەستی دەکاتەوە بەو دەقە مێژویانەی کە، لەسەر تابلێتی گڵجۆش و بەردینەکانی نوسراون، ئەم نوسینە لە وڵاتی دووزێدا بەکارهێنراوە بە سەرەتایترین نوسین هەژمار دەکرێت.


وێنەی ژمارە (٧٨)

بۆیە هونەرمەند لەم کارەیدا هەوڵیداوە ئەو نوسینانە بگوازێتەوە بۆ سەر کارێکی هونەری سیرامیک بە شێوەیەکی هونەری پیشانی بدات بۆ پێکەوە گرێدانی مێژوو لەگەڵ ئێستادا.[١] دەست بردن بۆ تێکستە مێژووییەکان هاوشێوەی شێوازی نوسینی مسماری لای زۆرک لە هونەرمەندان بەکارهێنراوە پەیامی ئەم کارە هونەرییە خۆ دوبارە کردنەوەیەتی لەناو فۆرۆم و شێوازی نوسینی بسماریدا نیشاندانەوەی بەشێکە لە مێژووی.

هونەرمەند (خەسرەو کورد) شێوازی کاری هونەری لای خەسرەو زیاتر پەیوەستە بە پەیکەری گڵجۆشییەوە لەگەڵ ئەبستراکت کردنی تەواوی شێوەکان، سیرامیک ئەو ڕووبەرەیە کە، دەتوانرێت مامەڵەیەکی هونەریانەی لەگەڵدا بکرێت لەڕێگەی دەست وپەنجە نەرمکردنەوە بۆ قوڕ فۆڕمی نوێ بەرهەم بهێنرێت جەستە و سروش دوو ڕەهەندی سەرەکین کە، لەڕووی رەنگ و فۆمەوە داخڵی کارە هونەرییەکان دەبێتەوە بەشێوەیەکی زۆر ئەبستراکت، لەکارەکانیدا گرنگی تەواو دەدات بە فۆرم و ڕەنگ هەوڵ دادات پەیوەندی فرۆم رەنگەکان پچڕاو نەبێت ئاماژە داربێت و پێکەوە بتوانن لە دیدی بینەردا نومایندەی خۆیان بکەن لەم کارەدا ڕەنگی سور و شینی بەکار هیاناو وەک دوو ڕەنگی دژبەیەک گەرم و سارد هێمنی و نا سەقامگیر و هەریەک لەم دوو ڕەنگە کۆمەڵێک خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە، بەشێکی جەستەکە سورە و بەشەکەی دیکەی شین و سپی زاڵە بەسەریدا، لەڕووی تەکنیکیەوە شێوازی شووشەکردن

١- پەیوەنەی تەلەفونی: تەلان دار یحی: کاری هونەری هونەرمەن،کاژێر ٠٤:٠٠، بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٢

لە ڕێگەی پرژاندن و فلچەوە بە بەکارهێنانی شووشەی پلەگەرما نزم ڕووکاری دەرەوە شووشە کراوە وەک لەوێنەی ژمارە (٧٩) دیارە.


وێنەی ژمارە (٧٩)

هونەرمەند (ولات نەجیب) " وێنەی ژمارە (٨٠) لەم کارەدا هونەرمەند توانیویەتی شێوازێکی ئەندازەی تەواو بەرجەستە بکات شێو ئەندامییەکان (بونەوەر) بە کۆنتراست واقعیەتی خۆیان بخاتە ناو کارەکە"[١]

کاریگەرییەکانی بینینی ڕۆژانە تەواو لەناو ئەم کارەدا دەبینرێت ئەندازەی کارەکە ئەوەمان نیشان دەدات کە، هونەرمەد ناتوانێت لەکارەکانیدا خۆی قوتارکات لە ئەندازەی فۆرمەکانی چواردەوری، هاوکات ئەو بونەوەرانەی لەناو ئەم شێوە ئەندازەیانەدا دەژین چۆن دەبینرێنەوە و زۆر بەڕوونی دەردەکەون بەپێچەوانەی سروشتەوە کە، لەسەروشیانەوە بونەوەرەکان هارمۆنی دەبنەوە وە لەهەندێک جاردا دەبنە بەشێکی سروشت، ڕەنگە ئەم دیدگەیە پچڕانی سروشت و بونەوەرەکانیش نیشان بدات.


تەکنیکی پێکهێنانی ئەم کارە لە ڕێگەی قالبکردنەوە بە بەکارهێنانی سلیپی قوڕ سەب کراوە تاکو شێوەکە بەتەواوی ئەندازەی بێت لە کاتێکدا بە شێوەیەکی کۆنتراست فۆرمێ بونەوەرەکە لە گۆشەیەکی تیژدا هەلکەنراوە.


وێنەی ژمارە (٨٠)

نموونەیەکی دیکە لە کارو بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە لە کۆنسێپت و دیدگەیەکی جیاوازتر لەڕووی بابەتەوە کە، گرێدراوی بە چیرۆک و ژیانی ڕۆژانەوە هونەرمەند خۆیەوە، بەکارهێنانی پشتی و فۆرمە جۆراو جۆرەکانی لە ناو کولتووری کوردیدا هەن ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منالی کاتێک یاریان دەکرد وەک خشت بەکاردەهێنران بۆ دروستکردنی خانو لەناویدا خۆیان حەشار دەدا و یاریان تێدا دەکرد دواتر، لەم کارەدا کە، لەوێنەی ژمارە (٨١) دیارە قوڕی سیرامیک لەگەل لۆکە بەکارهێنراوە.

هاوشێوەی یادەوەرییەکان هونەرمەند هەولیداوە بەشێوەیەکی هونەری ئەمجارە مامەلە لەگەل یادەوەریە منالیەکاندا بکات خوریش لەگەل سیرامیکدا دوو ماتریالی زۆر دژ بەیەکن هاوشێوەی دروستکردنی بینایەک بە خوری کە، ناگونجێت بەلام، ئەمانە هەمووی خەیالی منالییە و لە سادەییاندا دێنە بەرهەم و چێژی تەواو دەبخشن و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەژیاندا. فۆرمە

١- پەیوەندی تەلەفونی: ولات نەجیب: دەربارەی کارە سیرامیکییەکانی، کاژێر ١٠:٤٥ بەرواری: ٢٠١٧/١٠/٢٠



وێنەی ژمارە (٨١)

ئەندازەییەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کونیلە بچوکی هەڵوەشاوەییەوە لۆکەیان لێوە هاتۆتە دەرێ بە هەمان شێوە پشتیە خورییەکان کە، لەکاتی بەکارهێنانیاندا هەڵدەوەشان و بەشێکی زۆر لە دەرچەکانیەوە دەهات دەرەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەشدا کۆمەڵێک ئەزمونی کارکردنی دیکە بەهاوبەشی چەندیی هونەرمەند ئەنجامدراوە نموونەی یەکێک لەم کارانە تەکنیکی جۆشدان بە دوکەڵ (Smoke Firing) کە، بە بەژداری هونەرمەندان (قادر میرخان، مەریوان جەلال، سۆزە حەمە ساڵح، نزار هادی) کۆمەڵێک کاری ئەم هونەرمەندانە لە پێشەنگایەکی هاوبەشدا نمایشکران، جۆشدان بەدووکەڵ تەکنیکێکی نوێ بوو لەناو هەرێمی کوردستاندا کە، بووە مایەی ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری ناوازە.

# بەشی سێهەم:

## کاراکردنی شێواز و تەکنیکی چاپی گرافیکی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە کـوردستاندا

## (پراکتیزەکردنی ڕێکارە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە)

**پێشەکی:**

**یەکەم: ڕێکارە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە**

١- ئامانجی لایەنی پراکتیکی.

٢- سنوری پراکتیکی کارکردن.

٣- هەنگاوە پراکتیکیەکان.

٤- ئامرازە بەکارهاتووەکان.

**دووەم: شیکاری نموونە پراکتیکیەکانی توێژینەوەکە.**

## پێشەکی:

لە سیاقی ئەم توێژینەوەیەدا لە بەشی دووەمی چێوەی تیۆریدا بەر کۆمەڵێک لە شێوازەکانی چاپکردن و تەکنیکی هونەری سیرامیک و گرافیک کەوتین، لە تەکنیکە سیرامیکیەکاندا کۆمەڵێک ڕێگە هەن کە، دەکرێت پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکیان لەسەر بونیاد بنرێت هەروەها شێوازی ڕازاندنەوە و تەکنیکەکانی خراونەتەڕوو، هاوکات لەگەڵ تەکنیکەکانی سیرامیک شێواز و ڕێگەکانی چاپکردن باسکراوە زۆرێک لە ڕێگەکان خراونەتەڕوو کە، پێکهێنەری کارە هونەریەکانی ناو گرافیکن، ئەم ڕێگاینە دەبنە ژێدەرێک بۆ تێکەڵکردنیان لەگەڵ تەکنیکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی، گونجاو ترین و باشترین ڕێگەکان هەڵدەبژێرین بۆ کاراکردنان لەناو سیرامیکدا و بەتایبەتیش ڕووکاری کارە سیرامیکیەکاندا، وشێوازی کاراکردنی چاپە گرافیکییەکان لەسەر ڕووکارە سیرامیکییەکان بە ماتریاڵی بەکارهاتووی سیرامیک دەبێت لەهەمان کاتدا ڕووکارە چاپکراوەکان قوڕ و شووشە و گڵجۆش دەبێت.

لەم قۆناغە پراکتیکیەدا دیزاینە ئامادەکراوەکان و بابەتەکان ئامادە دەکرێت بۆ چاپکردن و پاشان لەڕێگەی هەنگاوی دووەمەوە کە، پراکتیکی کارکردنەوە پراکتیزەی چاپەکەکان دەکرێت.

### دیزاین و ژێدەری کارەکان:

یەکەم هەنگاو تێکست و وێنە لەپاڵ یەکدا وەک پرۆژەیەکی هونەری و لە ژێر ناونیشانی (پێشمەرگە لەناو میدیاکاندا) بەکاردەهێنرێت، دیزاینەکان وێنەی پێشمەرگەیە و تێکستەکان لە سەر پێشمەرگە وتراون کە، هەندێکیان شیعرن بۆ پێشمەرگە هەندێکیان وەسفی میدیا جهیانییەکانە بۆ پێشمەگەر هەندێکیان گۆرانیە کە، بەسەر پێشمگەرگەدا وتراوە، ئەمانە لەڕێگەی دیزاین کردنەوەیان و پێکەوە گرێدانیان لە وێنەیەکی گرافیکیدا و داڕشتەیەکی هونەری نوێدا دەنەخشێنرێنەوە پاشان چاپدەکرێنە سەر سیرامیکەکان، لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک تێکست بەکاردەهێنرێت چاپیان پێ دەکرێت.

هەنگاوی دووەم لەڕێگەی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرەوە وەک (Adobe photoshop Adobe illustrator) وێنەکان وەردەگێڕدرێن بۆ گرافیکی یەک ڕەنگی لەگەڵ تێکستەکاندا داڕشتنێکی یەک ڕەنگیمان دەست دەکەوێت، ئەم جۆرە فایلانە ئەگەر (Vector)* بەکار بهێنرێت باشترە کە، دەتوانرێت لەسەر کاغەزی ڕوون نیمچە ڕوون ** بۆ چاپی سکرین یاخود ئامێری کەتەر بۆ ستێنسڵ هەروەها بۆ لێزەر کەتەر*** سودیان لێ وەربگیرێت.

---

*ڤیکتۆر فایلی (Vector): پرۆگرامی Ai ئەم سیستمە بەکار دەهێنێ لە کاتی دیزاین کردندا لەسەر بنەمای قەبارەو هێڵ کاردەکات لێرەدا گرنگی نادرێت بە قەبارەی فایلەکەی کە، دیزاینام کردووە ئەویش بە هۆی تێکنەچونی کوالێتی دیزاین کراوەکەو هەروەها قبوڵ کردنی ئەم جۆرە ئێکستێنشنە لەلاین لێزەر کەتەرەوە کە، جۆری فایلی ڤیکتۆر قبوڵ دەکات. سەرچاوە: https://www.youtube.com/watch?v=PJFc3KlEdLM

**کاغەزی ڕوون و: ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم دوو جۆرە کاغەزە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانیان کە، ڕێگە بە ڕوناکی دەدات پێدا تێپەڕ ببێت لەو ناوچانەی کە، چاپیان لەسەر نییە.

*** laser Cutter: ئەم تەکنەلۆژیایە لە ڕێگەی لێزەرەوە (مەعدەن، پلاستیک، تەختە، هتد..) دەبڕیت سەرەتا لەپرۆژە پیشەسازییەکاندا بکار دەهات پاشان لە کاری بچوک و وەرشەو قوتابخانەکانیشدا بڵاو بۆوە، ئەم ئامێرە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت دیزاینەکانی پێدەرێت بە پێی خواستی بەکار هێنەر چەندین جۆری بڕین و هەڵکۆڵین ئەنجام دەدات. سەرچاوە https://en.wikipedia.org/wiki/Laser_cutting

## یەکەم: ڕێکارە تیۆرییەکانی توێژینەوەکەڤ

**١. ئامانج لایەنی پراکتیکی:**

١. دەرخستنی تواناکانی چاپکردن و گونجانای لەسەر ڕووکاری سیرامیک.

٢. دەرخستنی کاریگەرییەکانی چاپکردن لەسەر ماتریاڵی بەکارهاتووی سیرامیک لەم جوگرافیایەی کە، توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت

٣. سود وەرگرتن لە تواناکانی چاپی گرافیکی و خستنە خزمەتی پرۆژە هونەرییەکانەوە.

٤. دەرخستنی لایەنی باش و خراپی تەکنیکەکانی چاپکردن.

٥. کاراکردنی فۆرم و کۆنسێپیت گرافیک لەسەر ڕوکاری سیرامیک بۆ زیاتر ماندادار کردنی کاری سیرامیکی خسنتە بەردەم کۆمەڵێک ڕەهەندیە دیکەی باڵا.

**٢- سنوری پراکتیکی کارکردن.**

١. بەکارهێنانی سلیپی ڕەنگاوڕەنگ+ ستێن و ئۆکسیدە ڕەنگدارەکان.

٢. چاپکردن لەسەر قۆناغەکانی پێکهێنانی وەک (قوڕ، گڵجۆش، شووشە)

٣. تەکنیکی چاپی گرافیکی وەک (چاپی ڕووبەرز، چاپی نەویوە، چاپی ئاست ڕێک)

**٣- هەنگاوە پراکتیکیەکان.**

**یەکەم:**

**ا-چاپی ڕوبەرز** (Relief Printing)

لەم تەکنیکەدا دوو شێوازی چاپکردن بەکاردەهێنین کە، بریتین لە (چاپی تەختە، چاپی لاینۆ).

١-چاپی تەختە، هاوشێوەی تەکنیکەکانی دیکە دەکرێت بە چەند قەبارەیەکی جیاواز ئەنجام بدرێت دەکەوێتە سەر خواستی هونەرمەند بەچی شێوازێک کاردەکات. لەم توێژینەوەیەدا بە بەکارهێنانی ئامێری لەیزەر کەتەر، دیزاینەکان دەگوێزینەوە بۆ سەر ڕووکاری تەختە ئامادەکراوەکە، ئەم ئامێرە توانی دەرخستنی زۆرتین وەردەکاری هەیەو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کارەکە تەواو ئامادە دەکات بۆ چاپکردن، ئەگەر هات و دیزاینەکان وەردەکاری زۆریان نەبوو دەکرێت بەشێوازی ئاسای لەڕێگەی ئامرازەکانی هەڵکۆڵینەوە تەختەکە هەڵبکۆڵرێت لە دوای گواستنەوەی یاخود هێلکاری کردنی ڕووکاری تەختە ئامادە کراوەکە بۆ چاپ کردن.

٢- هەڵکۆڵینی لاینۆ، لەزۆر ڕووە هاوشێوەی تەختە کاردەکات جیاوازی تەنیا لە ماتریاڵی بەکارهاتوو هەیە لەگەڵ کوالێتی چاپکردن، لینیۆ بەقەباری جیاواز رەنگی جیاوز بە ئامادەکراوی هەیە ئەو نەرمییەی لەم ماتریاڵەدا هەی لە چەند ڕویەکەوە ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات.

لێرەدا ئەوەی کە، پێویستمانە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە پارچەیەک لە لاینۆیە و شفرەی تایبەت بە هەڵکۆڵینی لاینۆ، دەکرێت ڕاستەوخۆ دەست بکەین بەهەڵکەندنی دیزاینەکە یاخود هێڵکارییەکە. بەهەمان شێوەی چاپکردن لە هونەری گرافیکدا ئەنجام دەدەین بەڵام، تادەگات کاتی چاپکردنەکە چەند گۆڕانکارییەک لێرەدا ڕوودەدات لەوانە ماتریاڵی چاپکراو دەبێت ئۆکسید و ستێنەکانی سیرامیک، لەکاتی چاپکردنەکەدا بە ژێر ڕۆڵەی پەستانکەردا* ناڕوات ، ڕاستەوخۆ کاوچۆکەکە دەخەینە سەر ڕووە قوڕینەکەو لەڕێگەی پەستانێکی کەمەوە چاپەکە ئەنجامدەدرێت.

ڕووکاری لاینۆ سافە لەکاتی پێدانی ڕەنگ بۆ ئەو ڕووە لەڕێگەی ڕۆڵەوە دوچار گرفت دەبینەوە کە، ڕەنگەکان بەجوانی بە ڕووکارەکەیەوە نانوسێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاو هەر بۆیە دەبێت بڕێک لە کەتیرەی عەرەبی یاخود ڕۆنکەتان لەگەڵ سلیپە ڕەنگییەکەدا تێکەڵ کەین تاوەکو ڕێژەی پێکەوە لکان زیادبکەین لە سلیپە ڕەنگییەکاندا و بەجوانی بە ڕووکاری کاوچۆکەکەوە بنوسێت.

**ب-چاپی نەویوو (Intaglio).**

لەڕێگەی بەکارهێنانی پلاستیکی پتەوە کە، هاوشێوەی زینک و کۆپەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین بۆ چاپی نەویو لێرەدا پەنا دەبەینە بەر هەڵکۆڵین لە ڕێگەی (Laser cutter) دیزاینەکە دەکرێت لەڕێگەی دەست یاخود کۆمپیوتەرەوە ئامادە بکرێت، کە، ئەمەش هەڵکۆڵین وردی ترشەکان و سەختی هەڵکۆڵین وشک دوربخاتەوە. دواجار بۆ دەرکردنی فەرمان بۆ ئامرازی هەڵکۆڵینەکە هونەرمەند ئازادە بەچی قەبارەیەک ئەو کارە ئەنجامبدات و ئەم هەڵبژاردەیە هەندێک جار ئاستەمە بۆ گەورەکردنی دیزاینیک لەسەر پلێتە کانزاییەکان بۆ چاپکردن.

لە ئێستادا ئەم ئامێرانە بەشێوەیەکی فراوان لەبواری پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت هاوکات بۆ کاری هونەریش سودی لێوەردەگیرێت، لێرەوە ڕۆڵی ئامێرە دیجیتاڵییەکان بۆ کارئاسانی دەورێکی باڵا دەگێڕن لە ئەنجامدانی پرۆسە هونەریەکاندا.

گرنگە ئاگاداری ئەوەبین بۆ ئامادەکردنی کارێکی هونەری تەنها لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە فەرمانی بڕین وەردەگرێت دەبێت هەموو سکێچ و دیزاینەکان لەوێوە بدرێتە بڕەرەکە، لێرەدا ئێمە کار لەسەر تەبەقی پلاستیکی دەکەین بۆ ئەنجامدانی نموونەی چاپەکەمان، دیزاینێک ئامادە دەکەین لەڕێگەی پرۆگرامی

---

* ئامێری پەستانکەر: لەکاتی چاپکردنی هەریەک لە تەکنیکەکانی چاپی ڕوو بەرز و ڕوو نزم بۆ گواستنەوەی حیبرەکان لە (کاوچۆک، تەختە، زینک هتد..) بۆ ڕووکارە چاپکراوەکە کە، کاغەزە پێویستی بە پەستانێکە تاوەکو لەو ڕێگەیەوە حیبرەکان بگەنە سەر کاغەزەکەو چاپێکی پڕ ڕەنگمان دەست کەوێت، بەڵام، کاتێک دێتە سەر ئەوەی کە، ماتریاڵە چاپکراوەکە قوڕ بێت پێویست بەم پەستانە ناکات چونکە دەبێتە هۆی شێواندی ڕووکارە قوڕینەکان و دەرچونەوەی هەموو بەرزو نزیمییەکانی کاوچۆک و هەر مەتریاڵێکی دیکە بێت، هەر بۆیە بە پەستانێکی زۆر کەم لە ڕێگەی دەستەوە دەتوانرێت چاپەکە ئەنجام بدرێت.

*Adobe illustrator AI: پرۆگرامێکە بۆ ئامادەکردنی ڤێکتۆر گرافیک بەکاردەهێنرێت کە، لە ڕێگەی کۆمپانیا Adobe وە مامەڵەی دەکرێت دەخرێتە ناو بازاڕەکانەوە. بڕوانە ( https://en.wikipedia.org/wiki/Adobe_Illustrator).

**ڤێکتۆر Vectors: پرۆگرامی Ai ئەم سیستمە بەکار دەهێنێ لە کاتی دیزاین کردندا لەسەر بنەمای قەبارەو هێڵ کاردەکات لێرەدا گرنگی نادرێت بە قەبارەی فایلەکەی کە، دیزاینام کردووە ئەویش بە هۆی تێکنەچونی کوالێتی دیزاین کراوەکەو هەروەها قبوڵ کردنی ئەم جۆرە ئێکستێنشنە لەلاین لێزەر کەتەرەوە کە، جۆری فایلی ڤێکتۆر قبوڵ دەکات.بڕوانە (https://www.youtube.com/watch?v=PJFc3KlEdLM)

Adbobe ilustator * * وە بە سیستەمی ڤیکتۆر Vectors* * * دیزاینەکان دروست دەکرێتن.

**ج- چاپی ئاست ڕێک** (Planographic Process)

١- چاپی ئاوریشم (Serigraphy) لە تەکنیکی چاپی ڕوتەختدا سکرین وەک نموونەیەک وەردەگرین، کارای دەکەین لە پرۆسەی چاپکردندا لەسەر ڕووکاری سیرامیک. بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی چاپکردن پێویستمان بە چەند هەنگاوێک و چەند ئامرازێک دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا کە، قوناغ بە قۆناغ پێیدا تێپەڕ دەبێت.

دەکرێت بەچەند هەنگاوێک ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەین، سەرەتا ماتریاڵی چاپکراو ئامادە دەکەین کە، پێکهاتووە لە چەند جۆرێکی گڵ و لەوانە سوور سپی یاخود بە تێکەڵی* پێویستە گڵەکە بێ (خەوش) بێت تاوەکو ڕویەکی سافمان دەست کەوێت بۆ چاپکردن. دواتر چوارچێوەی سکرین**ئامادە دەکەین وە بەو پێوانەیەی بۆ کارەکە دەگونجێت، پاشان بە مێشی (xx10) [1] ڕوپۆشی دەکەین کە، زۆر شیاوە بۆ ئەم کارە، دوای ئامادەکردنی چوارچێوەی سکرینەکە بە ماتریاڵی حەساس کە، لە دوو بەش پێکهاتووە تێکەڵ بەیەک دەکرێن بە (photo emulsion and sensitizer) ناوزەند دەکرێت پاشان دادەنرێت تاکوو وشک دەبێتەوە بەتەواوی.

دوای ئامادکردنی دیزاینەکان، لە ڕێگەی پرینتەری لێزەر جێت لەسەر کاغەزی نیمچە ڕوون یاخود ڕوون*** کە، هەردووکیان لە پرۆسەی سوتاندی سکرینەکەدا بەکاردەهێنرێت لەڕێگەی سندوقی ڕوناکییەوە**** لەدوای سوتاندن دەشۆرێتەوە و ئامادە دەکرێت بۆ چاپکردن دەکرێت هێڵکاری و دیزاین راستەو خۆ لەڕێگەی قەڵەم و فڵچەوە لەسەر ئەم کاغەزانە بکرێت و پاشان بخرێەن ژێر سکرینەوە لەسەر بۆکسی روناکی بۆ سوتاندنی سکرینەکە. لێرەدا ئەو ماتریاڵەی چاپەکەی پێدەکەین بریتیە لە ئۆکسیدە ڕەنگییەکان و سلێپ ستێن و شووشە، پاشان دەیان پاڵێوین بەهەمان مێشی کە، لە ڕووکاری چاوارچێوەی سکرینەکە دراوە، بەم شێوەیە ئامادە دەبێت بۆ چاپکردن بە بەکارهێنانی سکویجی. بۆ ئەنجامدانی ئەم تەکنیکە پێویستمان بە ڕوویەکی ڕێک هەیە تاوەکو سکرینەکەی لەسەر دابنێی بە شێوەیەکی ڕێک پاشان پرۆسەی

---

١- xx١٠ باشتر وایە ئەم ڕێژەیە بەکار بهێنرێت لەکاتی ئەنجامدانی چاپەکەدا تاوەک هەموو دەنکۆڵەکانی ماتریاڵی چاپەکەر بە کونیلەکانیدا بڕوات بە ئاسانی وە چاپێکی پاکمان دەست کەوێت. بڕوانە (-http://ceramicartsdaily.org/clay-tools/decorating-tools/from-flat-to-round /screen-printing-glaze-patterns-onto-pottery).

* ئامانج لە تێکەڵکردنی جۆری گڵەکان ڕەنگی سور و سپی دە بێتە هۆی زیاد کردنی مەتاتیەت لە گڵی سوردا وە قڵیشان و درز لە کاتی کارکردندا کەم دەکاتەوە، ئامانج لەم کارەش زۆری گڵی سورە لەم ناوچەیەداو کەمی گڵی سپییە کە، بڕی تێچون کەم دەکاتەوە و هەروەها لە ڕووی ڕەنگەوە گڵی سپی چاپکراوەکان لەسەری بە جوانی دەردەکەوێت.

**چوارچێوەی سکرین: دەکرێت چوار چێوەکان لە تەختە یاخود لە ئەلەمنیۆم دروست بکرێت وە دەکەوێتە سەر خواستی بەکار هێنەر.

*** کاغەزی ڕوون و ترێس: ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم دوو جۆرە کاغەزە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانیان کە، ڕێگە بە ڕوناکی دەدات پێدا تێپەڕ بێت لەو ناوچانەی کە، چاپیان لەسەر نییە.

****سندوقی ڕوناکی: بۆکسێکە کە، پێکهاتووە لە چوار گۆشەیەک کە، پێوانەکانی دەکەوێتە سەر خواستی بەکار بەر، لەناو ئەم سندوقە دا چەند گڵۆپێک هەیە لە قوڵی ١٥سم دانراون ڕوی سەرەوە بە شووشەیەکی ڕوون داپۆشراوە ئەو فلیمەی کە، دیزاینەکەی لەسەر چاپکراوە لەسەر ڕوی ئەو شووشەیە دادەنرێت پاشان سکرینەکەی دەخرێتەسەر وە لەڕێگەی پەستانێکەوە سکرین و فلیمە چاپکراوەکە پێکەوە جووت دەکرێت وە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە، گڵۆپەکان دادەگریسێنین لە نێوان (٢ خولەک بۆ ٢:٣٠) پاشان دەیکوژێنینەوە بەم شێوە فلیمەچاپکراوەکە سکرینەکە دەسوتێنێت (مەبەست لە سوتاندی مادەی حەساسە(photo emulsion) کە، ڕوی سکرینەکەی پێڕوپۆشکراوە) پاشان بە ئاو دەشۆردرێتەوە هەموو ئەو ناوچانەی کە، ڕەشبوون لە دیزاینەکەدا لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕۆن وە هەموو ئەو ناوچانەی کەسپی بوون دەمێننەوە.

چاپکردنەکە ئەنجام بدەین.

٢-ستێنسڵ (Stencel)، هاوشێوەی سکرینە هاوکات تواناکانیشیان جیاوازی هەیە، لێرەدا دەتوانرێت لەگەڵ هەموو ڕووی ئاستەکاندا مامەڵە بکرێت بۆ چاپکردن، لەڕێگەی ڕشاندن یاخود فلّچەوە ماتریاڵی چاپکراوە بگەینیەتە سەر ڕووکاری سیرامیک.

ستیکەر بەکاردەهێنی بۆ دروستکردنی ستێنسڵ، ئەم مادەیە لە توانایدا هەیە بەهەموو ڕوکارێکەوە بنوسێت قەباری جیاوازمان دەست دەکەوێت لەم ماتریاڵە، ئامادەکردنی دیزاینەکانەوە بەدوو شێواز دەبێت لەڕێگەی بڕەری ئاساییەوە بەدەست یاخود لەڕێگەی ئامێری بڕینەوە* (Vinyl Cutter) دیزاینەکەن ببڕدرێت بەکار بهێنرێن دەکرێت کاغەزی ئاسایش بەکار بنێنرێت زۆر بەسانیش ببڕدێت کۆی ئامانجەکە لەم پرۆسەیەدا تاریککردنی ناوچەیەکی دیاریکراوە کە، وەک خۆی بمێنێتەوە زیادکردنی ڕەنگە بۆ ئەو ناوچانەی کە، بڕینەکەی تێدا دەکرێت، دەکرێتە بە پێچەوانی ئەنجامبدرێت.

**٤- ماتریاڵ و ئامرازە بەکارهاتووەکان.**

١- قوڕی (سور، سپی)٢- ستێن، شووشە، ئۆکسید ٣- کاشی سیرامیک ٤- تەختە ٥- سکرین ٦- لاینۆ و ئامرازەکانی هەڵکەندنی لاینۆ ٧- فلّچە ٨- سکویجی ٩- رۆڵە ١٠-ئامێری لەزگەر بڕین ١١- لەیزەر کەتەر ١٢- لەزگەر ١٣- کاغەزی ترێس ١٤- سنوقی ڕوناکی ١٥- کۆمپیوتەر ١٦- فرنی کارەبای.

## دووەم: شیکاری نموونە پراکتیکیەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا لەژێر ڕۆشانای لایەنی تیۆری بە پراکتیکی کارکردن بە بەکارهێنانی هەرسێ شێوازی چاپکردن هەوڵەکان چڕدەکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی چاکردن بە گونجاوترین تەکنیکی چاپی گرافیکی لەسەر قۆناغەکانی پێکهێنانی فۆڕمی سیرامیکی کارا بکرێت و دەرئەنجامە پراکتیکیەکان بەپێ شێوازو تەکنیکەکان بخرێنەڕوو لەڕێگەی وێنەی دەرئەنجامی کارەکانەوە بە بەکارهێنانی قوڕی بەردەستی کوردستان کە، لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بەکاردەهێنرێت.

* ئامێری لەزگە بڕین (Vinaly Cutter)، ئەم ئامێرە لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بەکاردەهێنرێت هاوشێوە پرینتەر کاردەکات، لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە فرمانەکانی بڕین وەردەگرێت کە، وەک قەبارە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و ئەو ناوچانەی بۆی دیاری دەکرێت دەبڕدرێت.
سەرچاوە: https://en.wikipedia.org/wiki/Vinyl_cutter

**نمونەی ژمارە: ١**

ناوی هونەرمەند: توێژەر

ناوی کار: I Feel I am Lost

ماتریاڵ: قوڕ، ئۆکسید سوور، قاڵبی تەختە

تەکنیکی چاپکردن: چاپی ڕوبەرز، تەکنیکی چاپی تەختە

مێژوی بەرهەم هێنان: ٢٠١٧

پێوانە: ١٢-٢٠ سم




نموونەی ژمارە (١)

ئەم کارە پێکهاتووە لە فەرشێکی لاکێشەی لە ناواڕاستا فۆرمێکی گرافیک پشمەرگەی تێدایە لەژێریدا بەلاتینی نوسراوە (I feel I am Lost) وە باکگراوندی کارەکە بە ئۆکسیدی سوور داپۆشراوە. شێوازی چاپی ڕوبەرز، چاپی تەختە لەسەر قوڕ بە بەکارهێنانی ستێن لەگەڵ سلیپی قوڕ، سەرەتا ڕووکاری قاڵبە تەختەییەکە ڕوپۆش دەکرێت بە سلیپی ڕەنگی پاشان قاڵبکە دەخرێتەسەر ڕووکاری فەرشە قوڕە ئامادەکراوەکە لەڕێگەی پەستانێکی کەمەوە بە بەکارهێنانی رۆڵە چاپەکە ئەنجامەدرێت پاشان وشک بونەیوە فۆرمەکە سورکراوەتەوە لەپلەی گەرمای ٩٥٠ پەلی سەدیدا. لەم کارەدا بێهیوای و نا ئومێدی ونبوونی پێشمەرگە خراوەتە ڕوو کە چاوارِوانی ئاسۆیەکی نادیارە.

**نمونەی ژمارە: ٢**

ناوی هونەرمەند: توێژەر

ناوی کار: Fight for the freedom

ماتریاڵ: قوڕی، قاڵبی تەختە

تەکنیکی چاپکردن: چاپی ڕوبەرز، تەکنیکی چاپی ئیمبۆس بێ ڕەنگ

مێژوی بەرهەم هێنان: ٢٠١٧

پێوانە: ١٢-٢٠ سم




نموونەی ژمارە (٢)

فەرشێکی لاکێشییە هیچ ڕەنگێکی لەسەر نەیە فۆرمێکی پشمەر لای چەپەو لە پشتی وە بە لاتین نوسراوە (Fight for the freedom) وە لای دەستە ڕاستەوە لە بەشی سەرەوەی نوسراوە (oil).

